# رایەکی دی

**سالانێکی** زۆر لای خۆمان لە کوردستان ئەو قسەیەم دەبیست، کە گوایە لە رۆژئاوادا رۆشنبیریی و کولتوری خوێندنەوە بەرەو خراپی دەڕوات و خەڵك زۆر بەکەمی دەخوێنێتەوەو تاکی رۆژئاوایی سەرقاڵی ژیانی رۆژانەیە و خێرایی ریتمی ژیان و فەسادی ئەخلاقی و رابواردن وایکردووە کۆمەڵگای رۆژئاوایی لەخوێندنەوە و رۆشنبیریی جیدی دابڕێت. ئەم گوتنەم چەندین جار لە چەندین کەس و لە چەندین موناسەبەی جیاوازدا بیست، تا وایلێهات خەریك بوو باوەڕ بکەم، کە بەڕاستی خوێندنەوە لە رۆژئاوادا لە قەیران دایە. بەڵام کاتێك سەیری بەرزیی رێژەی فرۆشتنی ئەو هەموو کتێب و گۆڤار و رۆژنامەیەم دەکرد لە رۆژئاوا، کاتێك ئەو هەموو باس و لێکۆڵینەوەیەم دەبینی کە لەسەر کتێبەکان دەکرا، لە راستی ئەو دیعایەیە تووشی گومان دەبووم.

کە هاتمە ئەوروپا، شتێك کە بەلامەوە زۆر گرنگ بوو تا سەرنجی بدەم، مەسەلەی خوێندنەوە بوو لە کۆمەڵگای رۆژئاوادا، بە تێبینی کردنێکی زۆر سادەی ژیانی رۆژانەی ئەم کۆمەڵگایە بۆم دەرکەوت، کە ئەو گوتنانەی لە کوردستان دەربارەی کولتوری خوێندنەوە لە رۆژئاوا دەمبیست هیچ نەبوون، جگە لە کۆمەڵێك دیعایەی بێ بنەما و دوور لە گشت راستییەك.

بۆنمونە لە شارێکی وەك ڤیەننا، یەکێك لە چالاکییە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی زۆربەی خەڵك بریتییە لە خوێندنەوە.بەدەگمەن کەسێك دەبینی بەبێ ئیش دانیشتبێ و کتێبێك یان رۆژنامەیەکی بەدەستەوە نەبێت. لەناو میترۆ، لە کافێ و گازینۆکاندا، لەپرسگەو لەسەر کورسییەکانی چاوەڕوانیدا، لە کەناری دانوب، لە باخچەو پارکە گەورەکان، لە سەراپای ڤیەننادا خەڵك سەرقاڵی خوێندنەوەیە. تەنانەت زۆرجار دەرفەتێکی بچووکی وەك چاوەڕوانکردنی میترۆیەك یان خواردنی چێشتخانەیەکیش بەفیڕۆ نادەن و بە خوێندنەوە بەسەریدەبەن. لەناو کولتورێکی وەهادا چۆن دڵمان بێت بڵێین خوێندنەوە رەواجی نەماوە و لە قەیراندایە؟!

لەراستیدا ئەو دیعایانە دەربارەی کولتوری رۆژئاوایی لە سێ سەرچاوەوە سەرهەڵدەدەن: یەکەمیان ئەو گرووپ وکۆمەڵە ئایینیانەن، کە بەردەوام دەیانەوێت وێنەیەکی ناشیرین دەربارەی رۆژئاوا، لای تاکی ئێمە دروست بکەن وتەنها یەك رووی رۆژئاوا دەبینن، ئەویش رووی یاخیبوونە لە ئایین وئایدیۆلۆژیا.

**د. رەوشت رەشید**

دووەمیان ئەو بەناو ناسیونالیستە تاکڕەهەندانەن، کە جگە لەخۆیان و لە کولتورو دابونەریتی خۆیان بەولاوە هیچ کولتورو ترادیسیۆنێکی دی نابینن و کولتورو مێژووی خۆیان بە چاکترین وپاکترین کولتورو مێژووی سەرزەمین دەزانن. سەرچاوەی سێیەمیش ئەو خەڵکە نەخوێنەوارو تەمبەڵەن، کە توانای بیرکردنەوەو پێشکەوتنیان نەبووە و نیە، ئیدی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە دەروونی و عەقڵییەی، کە لەئەنجامی بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ رۆژئاوا دووچاریان هاتووە، ئەو گوتن و دیعایە بێ بنەمایانە بڵاودەکەنەوە.

دیارە هەرسێ سەرچاوەکە سەرچاوەی نەخۆش وناتەندروستن و هی ئەوەنین عەقڵ و لۆژیك پشتیان پێببەستێت، چونکە تاکڕەهەندیانە دەڕواننە مەسەلەکان و خوێندنەوەیان بۆ بەرامبەر، خوێندنەوەیەکی نارسیستیانەیە، راستی مەسەلەکە ئەوەیە خوێندنەوە لە رۆژئاوا هەرگیز بێڕەواج نەبووە، بەڕاستی خوێندنەوە بەشێکی گرنگە لە ژیان و کولتوری کۆمەڵگای رۆژئاوایی، ئەوە کۆمەڵگای ئێمەیە کە پشتی کردۆتە خوێندنەوە، ئەوە تاکی ئێمەیە کە هەرگیز خوێندنەوە نەبۆتە بەشێك لە کولتورو چالاکی ژیانی رۆژانەی، ئەوەش عەقڵ و رۆشنبیریی ئێمەیە کە لەقەیراندایە، نەك عەقڵ و رۆشنبیریی رۆژئاوایی.

نەمسا – ڤیەننا

# پێم بڵێ، ئەو هەموو تەنهاییە چ مانایەکی هەیە؟*

## پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی کە رۆژێک لە رۆژان خۆشەویستێکیان لە دەست داوە

ڤارین رەشید

**شایەد** هیچ بەقەد ئەوە نەگبەت نەبێت، ئێوارەیەك بەدەم گۆرانیەوە بچینەوە ماڵ و خۆشەویستێکمان ون بووبێت، هەرگیز لەوە خراپتر رووی نەداوە، خوێندنەوەی نامەیەك هەواڵی مەرگی کەسێکی نزیکی تێدابێت، هەروەك چۆن لەوە دۆزەخیتر نییە، کەسێك کە هەمیشە لە دەفتەری یادگاریەکانت دۆست بێت و لە پڕێکداو بێخواحافیزی بڕواو بمرێ..

"هەست کردن بە تەنهایی، هەستکردنێکە هەر بەتەنها لەو کاتانە روودەدات کە خۆشەویستانت لە دەست دەدەیت، ئەو کات نەگبەتیت، کە بۆ کەسێك دەگریت و هەناسەیەك شك نابەیت دڵنەوایت بداتەوە.. رەنگە رەشترین ئێوارەم ئەو ئێوارەیە بووبێت کە زەنگێکم لە کوردستانەوە بۆ هات و هەواڵی مردنی دایکمی تێدابوو.."، ئەو چەند دێڕە، بەشێك بوو لە نامەکەی (رێبوار)ی هاوڕێم، کە لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی و پاش مردنی دو برای، سەری خۆی هەڵدەگرێ و لە یەکێك لە وڵاتەکانی ئەوروپا دادەگیرسێتەوەو پاش (10) ساڵ غەریبی، ئێوارەیەك هەواڵی مردنی دایکی بۆ دەنێرن.. (رێبوار) لە درێژەی نامەکەیدا بۆی نووسیم "هاوڕێم، هیچ بەقەد دایك، پێناسەی جوانی لێهەڵناهێنجرێ، من پاش (10)ساڵ تەنهایی، تاکە هیوایەکم گەڕانەوە بوو بۆ کوردستان، بۆ باوەشی دایکم، ئاخر دایکم (7) رۆژ پێش ئەوەی بمرێ، لە تەلەفۆن پێی وتم، رۆژ نییە خەونت پێوە نەبینم، توخوا کەی دێیتەوە؟".

ئەو نامەیەی (رێبوار)، کاریگەرییەکی دەروونی لاجێهێشتم و دوای خوێندنەوەی نامەکە، بە خۆم وت "ئای کە لە دەست چوونی خۆشەویستان چەند مایەی نەگبەتییە.. خۆ ئەگەر بیرچوونەوە نەبوایە، زیندەگی نەیدەتوانی بچێت بەڕێوە!!"، هەر بۆیەش دوای چەند جارێك خوێندنەوەی دێڕە پڕ حەسرەتەکانی (رێبوار)، بڕیارمدا بە نێو خەمی چەند رێبوارێکی دیکە بگەڕێم، ئەگەرچی لە فۆرمدا جیان، وەلێ لە دواجاردا و لە ونکردن و لەدەستدانی خۆشەویستانیان یەکدەگرنەوە، هەر بۆیەش راستەوخۆ (پورە حەلیم)ی دراوسێمان بیر هاتەوە، کە لە کۆچڕەوەکەی بەهاری 1991دا، فرۆکەی دوژمن ناپاڵمێك دەکێشی بە ماڵیان و لە چرکەیەکدا (خوسرەوی هاوسەری و دوو کوڕو کچێکی) هەپڕون بە هەپڕون دەکات.

سەرەتا چەند خولەکێکی ویست تاوەکو بڕیار بدەم بچمە لای و ئەو برینەی بیر بهێنمەوە، ئاخر بۆ یەکێك کە خۆشەویستان لە دەست بدات، هەموو بیر هاتنەوەیەکی یەکسانە بە رۆژی عەزاپۆشی.. بەڵام دواتر وەك ئەرکێکی رۆژنامەوانیم، کە وەزیفەیەتی شتە نادیارەکان بخاتە روو، بڕیارمدا بچمە لای..



هەرکە لە دەرگامدا، (پوورە حەلیم) دەرگای لێکردمەوە، کە بینیم، کەمێك ترسام لە داواکەم، بەڵام هەرچۆنێك بێت و وەك ئەوەی بۆ کارێکی زۆر گرنگ چووبمە لای، راستەو خۆ بەرەو ژووری میوان کەوتمە رێ و ئەویش بە (**یاخوا بە خێر هاتی کچی خۆم**)، بە دوامەوە بوو..

بۆ چەند مانگێك دەبوو، بە رێکەوتیش (پورە حەلیم)م نەبینیبوو، بۆیەش لە روخساریدا غەم و تەنهایی و پیریی و کۆڵە مەرگی و، لەسەر دیوارەکانی ژووری میوانیشی، وێنەی هاوسەرو دو کوڕو کچەکەی.. ئەگەرچی (پورە حەلیم) وەك خۆی وتەنی (**لەدایك بووی پەنجاکانە**)، وەلێ دوای کارەساتەکە رۆژ بە رۆژ، خەم و تەنهایی و بیرکەوتنەوەی کارەسات، دەیکوژێ و نامرێ.. تا ئەو ئەندازەیەی کە دەتبینی، واتدەزانی پیرەژنێکی تەمەن 70 ساڵانەیەو لەسەر لێواری مەرگە.. من سەرەتا پێم وت "پورە حەلیم، هەر حەزم کرد بەو ئێوارەیە سەردانێکت بکەم.. ئەی



بۆ کەس لە ماڵەوە نییە؟؟".. کەچی ئەو وەک ئەوەی ماندوو بێت لە گێڕانەوەی کارەساتەکە، بە هێمنی و بێهەڵچوون وتی: جا من جگە لە "بەشیری کوڕم و ژنەکەی، کەسم ماوە تا لەگەڵی بژیم.. بە خوا ئەوانیش بۆخۆیان ئەژین و کەس هی کەس نییە".. ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی بچینە نێو باسەکە، بۆیەش لە وەڵامی (بۆکەی (من)، بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی باسەکە و وتی " کە گرمەی تۆپەکە هات، سەعات 10ەو شتێکی سوبحنیّ بوو، من و بەشیری کوڕم، لە ماڵە دراوسێییەکمان بووین، بەخوا دڵم خەبەری دا سەدام ماڵی وێران کردبین.. ئای یاخوا بەسەر کەس نێت، بە غاردان و بە چیپوهۆڕ چومەوە ماڵ و بورامەوە..."، هەرچەندە (پوورە حەلیم) بە درێژی و پچڕپچڕی دەگریا و چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، بەڵام دواجار لەدەستدانی ئەو هەموو خۆشەویستەی لە چرکەیەکدا، بەلای (پوور حەلیم)، "رەشترین رۆژی تەمەنیەتی و بە ئاخەوە خۆزگەی دەخواست ئەو، لەو ساتەدا لە بووران هەڵنەستایەتەوەو لەگەڵ ئەوان بمردایە، یان لە بڕی هەموویان ئەو بەر تۆپەکە کەوتبا"، ئاخر ئەو دەیگووت "ئەگەر نەگبەتی نەبێت بۆ 4 کەس لە رۆژێکدا؟ ئەگەر بەخت رەشی نەبوایە، بۆ لەو کاتە دەچوومە ماڵی دراوسێ و بۆ لەگەڵ ئەوان نەدەمامەوە؟؟"..

پاش ئەوەی لە ماڵی (پوور حەلیم) هاتمە دەرێ، هەستم بە بێتاقەتییەکی زۆر کرد و تەواوی جەستەم شەکەت کەوت، بۆیەش کە گەڕامەوە ماڵ، زەنگێکم بۆ (نەسرین ئەحمەد)ی هاوڕێم لێدا تا لەو رێپۆرتاژە کۆمەکم بکات، ئەویش ژمارەی تەلەفۆنی کوڕێکی دامێ، بە ناوی (نیان)، کە گوایە بەر لە چەند مانگێك پێشتر، دەستگیرانەکەی بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەست داوە..

هەر کە زەنگم بۆ (نیان) لێدا و مەبەستی زەنگەکەم بۆ ئاشکرا کرد، سەرەتا نەیوست هیچ قسەیەکم بۆ بکات، بەڵام دواتر پەیمانی دامێ کە بۆ بەیانیەکەی کاتژمێر 9 ، لە (کتێبخانەی گشتی) بیبینم.. چیرۆکەکەی (نیان) چیرۆکێکی زۆر تایبەت و پڕ حەسرەت بوو، ئەو کوڕێکی هێمن و لەسەرخۆ، لە کاتی قسەکردنیدا، سەیری سەر مێزی دەکرد و بە نووکی قەڵەمەکەی هێڵی جۆراو جۆری دەکێشا، وەك ئەوەی لەگەڵ خۆی بدوێ و جارناجار نەبێت، سەری هەڵنەدەبڕی و بە رێزەوە دووبارەی دەکردەوەو دەیگووت "هیوادارم سەرم نەهێشاندبێ"..

(نیان) سەرەتا وتی "بۆ من بڕواکردنی لە دەست دانی _ئاواز_ی دەستگیرانم، کارێکی ئاسان نەبوو، قەدەری من وایە، هەر کە یەکێکم لەدەست دەچێت، لەسەفەردام و بەیانی زوو بە زەنگێکی ترسناك ئاگادارم دەکەنەوە، کاتێکیش لە ساڵی 1999 باوکم وەفاتی کرد، من لە ماڵی پوورم بووم و بەیانی زوو بە تەلەفۆن ئاگاداریان کردمەوە، ساڵی پێراریش بۆ مردنی براکەم هەروا بوو.. کە ئاوازیش مرد، لە دهۆك بووم و بەیانیەکی زوو بە تەلەفۆن ئاگاداریان کردمەوە.. بۆیەش هەموو بەیانییەك کە لەخەو هەڵدەستم دەترسم یەکێکی ترم لەدەست دابێت.. کاتێکیش لەسەفەردام و تەلەفۆنم بۆ دەکرێ، دەترسم هەڵیبگرم.. تا هەرگیز هەڵینەگرم.."، ئەو بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی کارەساتەکە، "سێ ساڵ لە کۆلێژ ئاوازم خۆشویست، دوو ساڵیش دوای کۆلێژ باوکی رازی نەبوو.. تا هێنان و بردنێکی زۆر چەند مەرجێکی بۆ دانام، وەڵێ خۆشەویستی ئاواز ناچاری کردم بە هەموو مەرجەکان رازی بم، پاش ئەوەی مارەم کرد، هەرگیز باوکی ئاواز رازی نەبوو لەگەڵی بچمە دەرێ، ئەوەش تاکە حەسرەتێکی گەورەیە، کە بەو هەموو خۆشەویستییە نەمتوانی پیاسەیەك لەگەڵ یەکتری بکەین.. تا ئەو بەیانییەی بە زەنگی تەلەفۆن ئاگاداریان کردمەوە کە بە

**کارەساتی ئۆتۆمبێل لەگەڵ براکەی گیانیان لەدەست دا.. تۆ ئەزانی هەرگیز نەمتوانی لە شاردنەوەی تەرمەکەی ئامادە بم.. ئەزانی نەچوومە تەعزیەش؟؟ ئاخر بڕواکردنی مردنی ئاواز سەرەتا بۆ من کارێکی یەکجار قورس بوو.. ئێستاش کە چەند مانگێك بەسەر مردنی ئاواز تێپەڕیوە، هەر کە بێتاقەت دەبم، خۆم و گوڵێك ئەچینە سەر گۆڕی و بە هێمنی پێی دەڵێم ، نەدەبوایە جێم نەهێڵی!!".**

دوای ئەوەی لای (نیان) ڕۆیشتم، زانیم کە تەحەمولێکی گەورەی دەوێ، گوێگرتن لەو هەموو چیرۆکە دژوارانە، هەروەکو چۆن دڵی دەوێت خوێندنەوەی ئەو هەموو دێڕە ڕەشانە، بەڵام تاکە شتێك کە دڵنەوایی دەدامەوە، ئەوە بوو کە کەسمان نیە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆشەویستێکی لە دەست نەدابێت، هەمووشمان حەزمان کردووە یەکێك لە تەکمان بێت، بۆ ڕێشتنی ئەو هەموو حەسرەتانەی ناوەوەمان، ئیدی ناچار بووم هێشتا بگەڕێم و پرسیار بکەم لەوەی، کە بۆ دەبێت خۆشەویستان لە دەست بدەین، ڕاستەوخۆ کتێبی (سۆفیگەری) (**نیکۆس کازانزاکی**)م بیر هاتەوە کە دەپرسێ (**خودایە بۆ دروستمان دەکەیت و دەمانکوژی؟**).

بۆ ئێوارەی سێیەم لە دوای خوێندنەوەی نامەکەی (ڕێبوار)، خەریکی ڕێکخستنەوەی ناو ماڵ بووم، ئێوارەیەکی غەمگین و گەرم ئامێز.. لە ناکاو زەنگێکم لە لایەن (نەسرین ئەحمەد)ەوە بۆ هات و دوای ئەوەی کە دڵنیا بوو ئارەزووی تەواوکردنی ئەو ڕیپۆرتاژەم لەلا ماوە، ئاگاداری کردمەوە کە دراوسێیەکیان دوێنی لە موسڵ و بە هۆی کردەوەیەکی تیرۆرستی شەهید بووەو ئەمڕۆ تەرمەکەی گەڕاوەتەوە..من خێرا ئەدرەسی تەعزیەکەم وەرگرت و هەرچۆنێك بێت دایکم ڕازی کرد کە لەگەڵم بێتە تەعزیە..

تەقسی ژووری تەعزیە، پڕ گریان و ڕۆڕۆ، لە ناوەڕاستی ژوورەکە ژنێك بە خۆی و وێنەی پیاوێك لە پێوە شینی دەگرت و لە دەوریشیدا چەند ژنێکی دیکە بە هاوارەوە قژی خۆیان دەردەهێنا.. بۆ من ڕۆژێکی یەکجار پڕ حوزن بوو، ئاخر من بۆ یەکەمجار بوو تاعزیەی لەو جۆر بینم، بینینی ئەو چەند دیمەنە دژوارەی گریان و شینی سادیسمی، بەس بوون بۆ ئەوەی بزانم لە دەستدانی خۆشەویستان چ کارەساتێکی گەورەیە!! کاتێکیش منداڵێکی 4 ساڵانیان هێنایە ژوورەوە، شینەکە زێتر تەشەنەی کردو ژنەکە بورایەوە، دواتر زانیم کە ئەو منداڵە بێگوناهە نۆبەرەی خوالێخۆشبووەو ئیدی دەبێت تا دەمرێت بە بێنازی باوك ژیان بباتە سەریّ!!

هەرچۆنێك بێت، دەبێت باوەڕ بکەین، کە هەمیشە مەرگ لەو دەمانە دێت کە خۆشەویستییمان بۆ ژیان لە لووتکە دایە.. کە دێت، بێسڵاو دێت.. لەکاتی ژوان دێت.. کە دێت خۆی و ڕەنگێکی ڕەش دێت و پێمان دەڵێت (ئیتر



لێرەوە سکون دەستپێدەکات!!).. ئاخر خوا دەزانێ لەدەستدانی خۆشەویستان چەند مایەی بێتاقەتییە.. من بە درێژایی ئەو ڕۆژەی تەعزیە، بەردەوام دیمەنی ئەو منداڵەم دەهاتە بەرچاو، کە لە نێو ئاپۆرای ژنە ڕەشپۆش و پڕ غەمەکان، خۆی و جلێکی سپی، بێئەوەی بزانێ مەرگ چ مانایەکی هەیە، بە زەردەخەنەوە لە دەوروبەری دەڕوانی، جارجاریش خۆی دەنوساند بە قاچی دایکی و دەستی دەکردە گریان.. ئیتر لە پاش مەرگ، خێزان دەبێتە دایك و منداڵێکی چوارساڵانە و وێنەیەکی هەڵواسراوی باوك.

دوای تێپەڕبوونی 8 ڕۆژ بەسەر خوێندنەوەی نامەکەی (ڕێبوار)، ئەز هەر بەردەوام بووم لە وەرگرتنی ئەدرەسی ئەوانەی خۆشەویستانیان لەدەستداوە، هەرچەند بۆ من یەکجار جێگای نارەحەتی بوو، هەر بۆیەش بەخۆم گوت "**بەردەوام بوون لەسەر ئەو کارە دڵێکی لەبەردی دەوێت!!**".. هەر ئەو کاتەش بوو دێڕێکی (هەمەنگوای)م بیر هاتەوە، کە دەڵێت "**چیرۆك دەپچڕێ، بەڵام هەرگیز تەواو نابێت**".. ناچار بووم بڕوا بێنم کە هەرچۆنێك بێت ئەو ڕیپۆرتاژە بە کۆتا بێنم.. بەڵام بەر لەوەی پاکنووسی دێڕەکان بکەم، دەفتەری بیرەوەریەکانم کردەوە، کە لە ماوەی ئەو 8 ڕۆژە میکانیزمی کارکردنم تێدا تۆمار کردبوو، لە یەکێك لە دێڕەکان نووسیبووم "**چ موسیبەتێکە لەدەست دانی خۆشەویستان.. هەموومان دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەمرین، وەلێ هەرگیز ناتوانین ئەوە بهێنینە بەر چاومان، کە خۆشەویستێکمان لە دەست بدەین**".. لە لاپەڕەیکی دیکەش نووسیبووم "**کاتێك خوداوەند ژیانمان لێدەستێنێتەوەو مەرگمان پێدەبەخشێ، باش نییە بیرچوونەوەمان دەداتێ، ئەگینا هەرگیز نەماندەتوانی لە موسیبەتی لەدەستدانی خۆشەویستان ڕزگارمان بێت.. بۆیەش سوپاس بۆ بیرچوونەوە!**".

* ئەو دێڕە لە گۆرانییەکی گرووپی باکسترید بۆیسەوە وەرگیراوە.

**ئەیلولی**

**2006**

# سیحرە جوانەکەی ئەوپەڕی باکووری خۆرهەڵات

## بەشێکی کورت، لە گەشتێکی درێژ

نەریمان تاڵیب




(( **ئــەوەی** جارێـك شـاری (سـۆل)ی پایتـەختی کۆریـای باشـوورو شـاری بوسـان و خـەڵکی میهرەبـان و دەم بەخەندەی کۆریا ببینێت، هەرگیز ناتوانێ لە بیریان بکـات)). مـن لـە ڕێگـەی تیپـی زەیتونـەوە -هێزەکـانی کۆریـای باشـوور لـە هـەولێر _ لـە نێـوان 6/1/ تـا 2006/7/1 سـەردانی ئـەو وڵاتـەم کـرد، بۆئـەوەی لـە خـولێکی یـەك مانگـەی دەزگـای ڕۆژنامـەوانی کۆریـادا، لەگـەڵ دە ڕۆژنامـەوانی دیکـەدا بەشـداری بکـەم، کـە هەریەکـەیان لـە کیـشوەرێکی جیهانـەوە هـاتبوون، لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستدا تـەنیا هـەرێمی کوردستان لـە ڕێگەی (کوردستان تی . ڤی)ەوەو، میسریش لـە ڕێگـەی ڕۆژنامەی (ئەلئەهرام)ەوە داوەت کرابوون.

پـاش (دە )کاتـژمێر بـە ئاسمانـەوە، لـە فڕۆکەخانـەی دووبـەی – ەوە گەیـشتینە فڕۆکەخانـەی – ئینـچیۆن – لـە سـۆڵی پایتـەختی کۆریـای باشـوور، هەرلـە فڕۆکەخانـەدا (دکتـۆر کیم) گـەورە توێـژەرەوەی دەزگـای ڕۆژنامـەوانی کۆریـاو (لیـی) و (شـیین) کـە دوو کـچی قوتـابی سـەر بەهـەمان دەزگـا بـوون، بـە نووسـراوێکی گەورە کە بە ئینگلیزی نووسرا بوو، پێشوازی گـەرمیان لێکـردین، وا ڕێکـەوت یاریـدەدەرێکی سەرنووسـەری ڕۆژنامـــەی ((ئەلئـــەهرام))ی میـــسریش (عەبـــدولا عەبدولـسەلام) لـە هـەمان فڕۆکـەدا بـوو لـە دووبەیـەوە بەیەکـەوە گەیـشتین، لـە سـۆڵ هـەر لەیەکـەم بینینـەوە، دووشـت لـە هـەر شـتێکی دی زیـاتر سـەرنجی مـرۆڤ ڕادەکێشێت، یەکەمیان ئەو هەموو ڕێزو میهرەبانییەیە کـە لـە نـاخی مرۆڤـی کۆریـدا هەیـە، دووەمیـان پێشکەوتنێکی مـەزن و پـاك و خـاوێن و ڕێکوپێکییـەکی بێ وێنە لە هەموو بوارەکاندا.

بـۆ تێگەیـشتن لـە مرۆڤـی کـۆریی و وڵاتەکـەیان، ئەگـەر مـرۆڤ درامـای (سـۆناتای زسـتان) ، یـان فیلمـی (برایـەتی) ببینیبێت باشترە، من تا نەچوومە کۆریا بەباشی لـەم دوو بەرهەمە بەناوبانگەی کۆریاو لە خەڵکی ئەوێ تێنەگەیشتم، کاتێك سۆناتای زستان لە کوردستان تی ڤییەوە پەخش کرا من تەماشام نەدەکرد، بەڵام لە کۆریا لـەوە گەیشتم کە بۆ تێگەیـشتن لـە مرۆڤـی کـۆریی ئـەو درامایـە چـەند گرنگـە، سەبارەت بە فیلمی (برایـەتی)یش ئـەو فیلمە لەسـەر شـەڕی نـاوخۆی کۆرییـەکان بـوو، زۆر بـە شـێوەیەکی بـەرزی هونەری و هزریی، تراژیدیای شـەڕی براکوژی و ئازارەکانی شـەڕی نێوان هـەردوو کۆریـای خستبووە ڕوو، لـە ڕێگـەی دوو بـراوە کـە یـەکێکیان دەبێتـە کۆمۆنیـست و دەبێتـە سەربازی کۆریای باکوورو ئەویتریان لە ناو سوپای کۆریای باشووردا دەمێنێتەوە، لـەو فیلمـەوە دەبینـی شـەڕی ناوخۆ چـۆن خۆشەویـستی نێـوان مرۆڤـەکانیش دەکوژێـت، کـاتێکیش لـە ڕۆژی شەشـەمی خولەکـەدا، سـەردانی ناوچە دابـڕاوە سـنوورییەکەی هـەردوو کۆریامـان کـرد، ئـیتر تێگەیشتم کە شەڕی ناوخۆ لای کۆرییە باشوورییەکان بۆتە چ هاندەرێکی گرنگ بۆ ئەو پێشکەوتنەی کە ئەمڕۆ کۆریای باشـووری تیادایـە. کۆرییـەکان وەکـو ژاپۆنییـەکان سـایکۆلۆژیای جـەنگیان کردۆتـە وزەیـەکی بـەهێز بـۆ پێشکەوتن، بـۆ ئـەوەی لـە کۆرییـەکان تێبگـەیت پێویستە تێڕوانینی ئەوان بۆ شـەڕو مێـژوو، هـەروەها تێڕوانینیان بۆ خۆشەویستی و پەیوەندی لەگـەڵ مرۆڤـەکانی دیدا بزانیت، ئـەم دوو بەرهەمـەش هەرباسـیان لـەم دوو شـتە دەکـرد. سەرەڕای ئەو مێژووە تراژیدییەی بە هـۆی شـەڕی ناوخۆیی و داگیرکاری دەرەکییـەوە کۆرییـەکان هەیانـە، بـەڵام کۆریای باشوور توانیویەتی پێشکەوتنێکی مەزن بەدەست بهێنێت.

### مۆزەی جەنگی کۆریا :

هەر بۆیە کۆرییەکان زۆر پەرۆشـی ئـەوەن و مەبەستیانە، ئـەو کەسـەی سـەردانی وڵاتەکـەیان دەکـات، لـە دەستپێکدا بیبـەن بـۆ مۆزەخانـەی جـەنگی کۆریـا، تـا لـەوێ ئـەو ئـازارو مەینەتییانـە نیـشانی بیانیـەکان بـدەن، کـە خـەڵکی هـەردوو کۆریـا بەدەسـت شـەڕی نـاوخۆوە چەشـتوویانە، لـە سـێیەمین ڕۆژی ئەجنـدەی خولەکـەدا سـەردانی ئـەو مۆزەخانەیـەمان کـرد، لـەوێ زۆر بـەوردی و جوانکارانـە پانۆرامـای جـەنگی ناوخۆی هەردوو کۆریا لە سەرەتاوە تا کۆتایی نیشاندراوە،

نەك تەنیا لە ڕێگەی دەنگ و وێنەو فیلمی دیكۆمێنتی ڕاستەقینەوە، بەڵكو لەڕێگەی هێڵكاری و بۆدی دەستكردیشەوە، بەسەرهات و قۆناغەكانی جەنگەكەی بە درێژیی گێڕاوەتەوە.

*كۆرییەكان هەقیانە ئەگەر ناوبنرێن ((قوتابخانەی ڕێزو ئاكاری جوان))، كۆرییەكان زۆر ڕێزی بەرانبەر دەگرن، ئەوان بەتەنیا بە زەردەخەنە جوانەكەیان پێشوازی لە بەرانبەر ناكەن، ئەو زەردەخەنەیەی كە هەمیشە لەسەر لێوانی ئەوان دەبینرێت، كۆرییەكان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن تەنیا بۆ ئەوەی بەرانبەرەكەیان هەست بەڕێزو خۆشەویستیی ئەوان بكات، نەك تەنیا زەردەخەنەیەكی بەردەوام، بەڵكو چەمانەوەی ئەوان بۆ بەرانبەر نیشانەی ڕێزێكی زۆرە، كاتێك كە پێشوازی دەكەن و كە ماڵئاوایش دەكەن، زۆر پەرۆشی ئەوەن كە هاوكاری و كۆمەكی بیانی و غەریبەكان بكەن.

هەركاتێك بمانویستایە سەردانی بازاڕ و شوێنە گشتییەكان بكەین، لە پاش دەوامی خولەكە بۆ هەریەكەمان هامڕایەكی كۆریمان لەگەڵدا دەبوو، (لیی ) هامڕای من بوو، زۆر پرسیارم لێدەكرد، هیچ كاتێك ناڕەحەت نەدەبوو، ئەگەر وەڵامێكیشی نەزانیبا ئەوا گفتی ئەوەی دەدا، كە پرسیار دەكات و وەڵامەكانم بۆ دەهێنێتەوە، هەرواش بوو، زۆرجاریش بە تەنیا یان دوو دوو لەگەڵ ڕۆژنامەوانەكانی ترو بەبێ هامڕای كۆرییەكان پیاسەمان دەكرد، بەتایبەتی لە هەفتەی دووەمەوە، زۆربەی زۆری گەنجەكانی كۆریای باشوور بە ژیان و ئازادی و جلوبەرگی خۆرئاوایی (ئەمریكی) سەرسام بوون، بەڵام ئەمە وای لێنەكردوون حەز بە بوونی بنكە سەربازییەكانی ئەمریكا بكەن لە وڵاتەكەیاندا، هەربۆیە هەندێكیان هەرچەند كەمیش بوون، جارجار میتینگیان دروست دەكرد، بەڵام جەماوەرێكی زۆریان نەبوو، حكومەتی سۆڵ ئازادی دابوونێ، بەكەیفی خۆیان كۆدەبوونەوەو وتاریان دەخوێندەوە، ئەمە جوانترین دیمەنی ناو ژیانی سیاسیانەی كۆریای باشوور بوو، ئازادی بۆ هەموو كەس هەبوو، لەماوەی یەك مانگی



مانەوەی من لەوێ، ڕۆژێك تێنەدەپەڕی ئەگەر خۆنیشاندان و میتینگی وتار خوێندنەوە نەبوایە، بەڵام هەمووشی دژی ئەمریكا نەبوو، لەوێوە هەر چاودێرێك دەیتوانی ئاستی دیموكراتیزەبوونی كۆریای باشوور ببێنێت، ئەو دیموكراتییەی كە كۆرییەكان خوێنیان بۆ دابوو، گۆڕو مەزارو وێنەی ئەو شەهیدانەی لە ڕاپەڕینەكانی 18ی مەی و 20ی مەی / 1980 و 1982، لە پاركی نیشتیمانی بۆ دیموكراسی لە شاری (گوانگ جوو) بینیمان، نیشانەی ئەوەبوون كە كۆرییەكان لە پێناوی دیموكراتی و پێشكەوتنی وڵاتەكەیاندا دیكتاتۆرییەتییان ڕەتكردۆتەوەو ئامادەی خۆبەختكردن و گیانفیداكردن بوون، هەربۆیە بۆ منێك كە لە كوردستانی عێراقەوە چووبووم، وێنەو دیمەنی پاركەكە مانای دیكەی هەبوو، هەربۆیە لەماوەی گەشتەكەمدا تەنیا ئەو ڕۆژە گریام، كە وێنەی قوتابیە گەنجە شەهیدەكانی زانكۆی (گوانگ جوو)م لەوێ بینی، (مینۆ یەنگ) كچە قوتابییەكی زانكۆی سۆڵ بوو، پاش میتینێكی ئێمەو قوتابیانی زانكۆكە ببوو بە هاوڕێم، ئەو بە منی وت : لەناو تیمەكەی (كەی پی ئێف) دا، بۆچی تەنیا تۆ گریایت؟! منیش وتم:((چونكە مێژووی ئێمەش لە زۆر دیمەنیدا زۆر لە مێژووی خوێناوی و تراژیدیای ئێوە دەچێت، ئێوەش لەژێر داگیركاری ژاپۆنیدا زۆرتان دیوە، دواتر دووچاری شەڕی ناوخۆ هاتوون، لە پێناوی ئازادی و دیموكراتیدا قووربانیتان داوە، شەڕی دەسەڵاتە دیكتاتۆریەكانتان كردووە، بەڵام دواجار پێشكەوتنێكی مەزنیشتان بەدەستهێناوە)).

كۆریای باشوور ئەمڕۆ خودان ئابوورییەكی بەهێزە، خەڵكەكەی تێرو پڕو ئازادە، كۆمەڵگاكەی پێشكەوتووە، بەدرێژایی مانەوەی من لە كۆریا بۆ ماوەی مانگێك هیچ كەسم نەبینی (گەدایی _سواڵ ) بكات، یان داوای پارە بكات، هیچ منداڵێكی بێ كەس و بێسەرپەرشتم نەبینی، هیچ ئافرەتێكی سواڵكەرو بێنەوام نەبینی، ئەوەی لەوێ دەیبینی تەنیا كۆمەڵێك خەڵكی پاك و تەمیزو ڕێكوپێك و





شارێکی جوانی بێ ئافرەتی سواڵکەر و منداڵی بێ سەرپەرشت

بەڕێزن، کچ و ئافرەتەکانیان تا ئەو پەڕی بوار ئازادییان هەیە، لە جلوبەرگ و لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکانی دی، لە دامەزراندنی پەیوەندی هاوڕێیەتی، لە مانەوە لە دەرەوەی ماڵ تا درەنگانی شەو، بەڵام ئەوان وێڕای ئەو ئازادییە، کەچی لە رووی ڕەوشتەوە هیچ کاتێك سنوورەکانی ئادابی گشتی نابەزێنن، هاوڕێیەتی لای ئەوان مانای زۆر بەرزو جوانی هەیە، ئەوان کۆمەڵە خەڵکێکن هەموویان کاردەکەن‌و موحتاجی پارە نیین، لەوێ هەموو کەس کاردەکات، لە گەنجەکانەوە تا مرۆڤە پیرە هەشتا ساڵەکان، کەس بێکارنییە، ئەمەش قییەمێکی مەزنی لای کۆرییەکان دروست کردووە، کە قییەمی پیرۆزی کارکردنە. سەرەڕای ئەو هەموو بازاڕە میللی و مۆدێرن و گەورەو فراوانانەی لە شارەکانی کۆریا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نرخی هەموو جۆرەکانی شتومەك گرانە، تەنانەت ئەو کەلوپەلانەی جۆری جیهانیین، لەچاو بازاڕکانی دیکەدا لەسەدا بیست گرانترن، لە بازاڕە میللییەکانی کۆریادا ئەم کەلوپەلانە نیشاندراوە، مجەوهەرات، فەروو، حەریر، سیرامیك و کەلوپەلی کۆن و دێرین، بەروبوومی برۆنزی و جلوبەرگی جیینس.

## سیحری خۆرهەلاَت:

هەتا سەردانی کۆریای باشوور نەکەیت، نازانیت ئەو پارچە زەمینەی ئەوپەڕی باکووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، چ جوانی و سیحرێکی سروشتیی لەخۆ گرتووە، پێشتر کە ناوی کۆریا دەهات، زۆربەمان وامان دەزانی کۆریا وڵاتێکە تەنیا بە پیشەسازی و ئەلەکترۆنیات و کۆمپیوتەرو دروست کردنی ئۆتۆمبێلەوە خەریکە، بەڵام سۆڵی پایتەخت و شاری بوسان، کە لەسەر دەریایەو بەندەرێکی جوانە، هەرکەسێك سەردانی کۆریای باشوور بکات بێگومان پێیان سەرسام دەبێت.

سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەی لە کۆریادا رویداوە و بە سیمای هەموو شارەکانی کۆریاوە دیارە، کەچی تێکەڵبوونێکی ئەفسوناوی دەبینرێت، لە نێوان کۆشك و تەلارە دێرین و شارستانێتییە مێژووییەکانی کۆریا، کە مێژوویان بۆ چەندین سەدەی پێشوو دەگەڕێتەوە، دەبینین هاوشان لەگەڵ تەلارو ئاپارتمانەکانی ناو هەورو کارگەو کۆمپانیاو سیما نوێیە مۆدێرنەکاندا، دیمەنێکی جوانیان بە شارەکانی کۆریا بەخشیووە، هەر لە ناو سۆڵی پایتەختدا چەندین مەزاری پاشا مەزنەکان و دەروازەو دەرگای دێرین دەبینرێت، کە هەموویان نیشانەن بۆ بوونی شارستانییەتێکی دێرین لەو وڵاتەدا.

## زمانی کۆری :

لە زمانی کۆریدا، کە هەردوو کۆریا قسەی پێدەکەن و لەیەکتری دەگەن، قسەکان و وشەکان لە سێ بڕگە پێك دێن، زمانی کۆرییەکان سەر بە خێزانی زمانە ئۆراڵییەکان و ئەلتائییەکانە، کە وشەی زمانەکانی تورکی و مەنگۆلی و تنگۆسیشی تیادایە، هانجۆل زمانێکی ئاسانەو مرۆڤی بیانی زوو فێری دەبێت، کۆرییەکان زۆر بەکەمی بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، ئەوانەشیان کە بە ئینگلیزی قسە دەکەن، ناتوانن بەجوانی قسەی پێ بکەن، بەهۆی گرانی قسەکردنی ئینگلیزی و وشەو پیتەکانەوە، کە زۆر جیاوازە لەو پیتانەی ئەوان قسەی پێ دەکەن، کە ژمارەیان لە سێ سەد پیت زیاترە.

بەر لە سەردانی کۆریا، پێم وابوو کۆریا وڵاتێکی دابڕاوەو خەڵکەکەی بیانییەکانیان خۆش ناوێت، بەڵام ئەوەی من لەوێ بینیم بەپێچەوانەوە بوو، ئەوان توانیویانە تراژیدیای شەڕەکانی 1945و 1950 و 1953 بگۆڕن بۆ پێشکەوتنێکی مەزن، ئەو پێشکەوتنەی کۆریای باشوور لەوەوە هاتووە، کە مرۆڤەکانیان ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە بۆ کارکردن و راستگۆیی و رێزگرتن لەیەکدی و رێزگرتن لە کارو ئیشی خۆیان و جێبەجێ کردنی بەشێوەیەکی راست و دروست، ئەوەی من لە کۆریا بینیم و خوێندم ئەوەیە، کە ئەو مرۆڤە ئازایانە بە کارکردن و راستگۆیی و خۆشەویستییەکی زۆر بۆ ژیان و بۆ مرۆڤەکان، توانیویانە شارستانیەتێك و پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی و مەدەنی و کارگێڕێتی و سیاسی و ئابووری بنیات بنێن، پێشکەوتنە ئابووری و تەکنەلۆژییەکە وایکردووە پێشکەوتنێکی سیاسی و کارگێڕێتیش دروست ببێت، ئەوەی من بینیم لە

بواری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ڕۆژانەشەوە، کۆرییەکان هەنگاوی باشیان هاویشتووە ئەمڕۆش کۆمەڵگەی ئەوان لەبەردەم گۆڕانکاری مەزنی دیکەشدایە، ناوی مرۆڤەکان لە کۆریادا لە سێ بڕگە پێک هاتووە، ناوی خانەوادەگی لە سەرەتاوە، دووبەشەکەی دیکەش ناوی کەسەکەو ناوی ئەو نەوەیە، کە پێوەی پەیوەستە، لە کۆریادا سێ سەد ناوی خێزان هەیە، ئافرەتی کۆریا دوای شووکردنی ناوەکەشی دەگۆڕێت، لەوێ ئافرەت بەناوی مێردەکەیەوە بانگ ناکرێت، بەڵکو بەناوی بنەماڵەکەیەوە بانگ دەکرێت، ئەوان بەپێی نەریتەکانی کۆنفۆشیۆسیی لە کۆریای دێریندا، برای گەورە لە ماڵدا دەسڕۆیشتوو بووە، ئەمەش وایکردووە کە دەسەڵاتی نێرینە بەسەر مێیینەدا زیاتر بێت، بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم گرفتەشدا ئەمڕۆ حکومەتی کۆریا لە ڕێگەی چەندین یاساوە لەنێوان نێرینەو مێیینەدا یەکسانی بەرقەرار کردووە، لە دوای پێشکەوتنی پیشەسازیشەوە، ژیان لە کۆریا لە جاران ئاڵۆزتر بووە، هەربۆیە ئەمڕۆ زۆربەی خێزانەکانی کۆریا لە چوارچێوەی خێزانی بچووک و دوور لە باوانیانەوە دەژین.




## ئایین:

لە کۆریادا چەندین ئایین هەیە، وەك:

**شمانی**: بیروباوەڕێکی سەرەتاییانەیە، بەهۆی خوو و نەریتی ڕۆژانەوە لەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە.

**بوودی**: یەکێکە لەو ئایینانەی کە سەرچاوەکەی فەلسەفەیەکی هزریی هەیەو بڕوای بە پرۆسێسی (تەناسوخی ڕۆحەکان)هەیە.

**کۆنفۆشیۆسیی**: ئەمەش ئایینێکی ئاسمانی نییە، هەروەك ئایینی بوودی .

**مەسیحێتی – کاسۆلیکی و پرۆستانت** : بەلای کۆرییەکانەوە مەسیحیەت ئایینێکی نوێیە و زۆر نییە رووی لە کۆریا کردووە.

**چوون دو کیو**: ئەمەش ئایینێکی دونیاییە، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، وەکو بزافێکی جفاکی لە دژی گەندەڵی و پێشێلکاریی بیانییەکان لە کۆریادا



دەرکەوتووە.

**ئیسلام**: ئیسلامیش لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ڕێگەی موسڵمانەکانی باکووری چینەوە چۆتە کۆریاوە، لە ڕێگەی ئەو سوپا تورکییەشەوە زیاتر چەسپاوە، کە پاش شەڕی کۆریا(1950–1953) لە چوارچێوەی هێزەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێ کاری ئاشتی پارێزییان کردووە.

## خواردنی کۆری:

بۆ هەرگەشتیارێك کە سەردانی کۆریا دەکات، خواردن لە سەرەتاوە دەبێتە گرفتێکی سەرەکی، چونکە لەوێ جگە لە خواردنی کۆریی هیچ جۆرە خواردنێکی دیکە دەست ناکەوێت، خواردنی ئەمریکی یان چینی یان ژاپۆنیش دەست دەکەوێت، بەلام هەر بەشێوازی کۆریی لێنراوە، تەنانەت گەر بتەوێت مریشك بخۆیت، دەبێت لەسەر شێوازی کۆریی بیخۆیت، بەلام لەبەرئەوەی کۆرییە خانەخوێکان زۆر حەزیان بەوەیە، کە خواردنەکەیان بخۆیت و وەسفی بکەیت، هەر گەشتیارێك ناچارە خواردنی کۆریی بخوات، خواردنی کۆرییش وەکو هەرخواردنێکی دیکە گەر مرۆڤ لێی ڕاهات ئیتر گرفتی نامێنێ، هەرچەندە خواردنی کۆریایی بۆ ئێمە تەواو جیاوازی هەبوو، بەڵام بۆمن گرفتێکی وانەبوو، چونکە تەنیا لە هەفتەی یەکەمدا گرفتم هەبوو دواتر ڕاهاتم، خواردنی ئەوان بە زۆری تیژەو زیاتر گوڵ و گیای سروشتی و گیانلەبەرو رووەکی دەریایی بوو، کە زۆر تەندروست بوو، من بەو مانگەی لە کۆریا، نەك هەر بێ کێشەی تەندروستی بووم، بەڵکو چەند کیلۆگرامێکی زیادی لەشیشم لە کۆڵ بووەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانم بەناوبانگترین و بەڕەواجترین خواردنی ئەوان لەبیر بکەم، کە ناوی (کیمچی ) بوو، چونکە کیمچی نەك تەنیا هێمای سەرەکی سفرەی کۆرییەکان بوو، بەڵکو نیشانەی ساتە خۆشەکانی من و کۆرییەکانیش بوو، بەتایبەتی لە کاتی وێنەگرتندا، کە دەبوو هەموان بە پێکەنینەوە هاوارمان بکردایە (کیمچییییییییییییییییی).

# ئیستانبۆڵ.. شاری گەشتیاری نێوان دوو کیشوەر

لوقمان ئیبراهیم



**پێنجشەممە** هات و سەفەری بێ ئامانج دەستی پێکرد، یەکەم جارم بوو بە فڕۆکە سەفەرم دەکرد، دڵەڕاوکێیەکی سەیر دایگرتبووم، لەو پشکنین بۆ پشکنینێکی دیکە، کە لە کاتژمێر 8ی بەیانی دەستی پێکرد، لە سەگی پۆلیسی بگرە تا ئامێری دیجیتاڵی پێشکەوتوو، لەبەری پێڕا تا نینۆکی دەست، هەموو شوێنێکیان دەپشکنی، دەستیان خۆش بێت، چونکە ئیسلامی سیاسی لە هەموو دەرفەتێك کەڵك وەردەگرێت، بۆ گورز وەشاندن لە خەڵکی بێ تاوان و بەزەیی بەکەس دانایەت، بە تایبەتی هێڵی ئاسمانی گواستنەوەی گەشتیارانی کوردستان، کە ئەوان چاوی بینینی ئەو دەسکەوتەیان نییە، هەر چۆنێك بوو کاتژمێر (10.40) خولەکی سەر لەبیانی بە کاتی کوردستان، چاوەڕوانی کۆتایی پێهات و بەرەو فڕۆکەیەکی فلای تورکی کۆن وەڕێ کەوتین، کە فڕۆکەی سەفەری ئێمە بوو، ئێمە دەبوو لەدواوە سواربین.

بە بینینی ئەو فڕۆکەیە زەندەقم چوو، تەنیا بیرم لە کەوتنە خوارەوە دەکردەوە، نەك گەشتێکی خۆش، دەرفەتی پەشیمان بوونەوە نەمابوو، هەر دەبووایە سواربم، لە پێپیلکەکانی دواوە سوار بووین و میواندارێك ڕێنمایی کردین بۆ جێگاکانمان، بەرە بەرە فڕۆکە لەسەر زەوی بەرز بووەوە، لە پڕ خێرا دەستی بە ڕۆیشتن کرد، قوڕساییەکی سەیر باڵی بەسەردا کێشا و تەق و لەقی فڕۆکە کۆنەکەش هەم مێشکی سەری دەبردم و هەم مەترسی کەوتنە خوارەوەش دڵی تۆقاندبووم، هەر چۆنێك بوو فڕۆکە کۆنەکە ڕە هەوا کەوت، کە بەترسەوە چاوم کردەوە، زەوی لە پەنجەرە بچووکەکە دیاربوو. بەرە بەرە شار و دەشت و چیا بچووك دەبوونەوە، ڕێگاکان وەکو مار پێچیان خواردبوو، دارو دەوەن دیار نەمان، تەنیا سەوزایی دیاربوو، ئەویش بێ بەژن و باڵا، نەت دەزانی دارستانە یان بێستان، کەم کەم ئاسایی بوومەوەو بڕوام بەخۆم دەهێنا، کە ئەو فڕۆکەیە چۆن هاتووە و بێ گرفت نیشتووە، بێ گرفتیش دەگەڕێتەوە..

کاتێك ئاسمانی باشووری کوردستانمان بڕی بەرەو کوردستانی باکوور، وەك ئەوە وابوو لە گەرمێن بۆ کوێستان بچی، دیمەنی ئەوێ سەوز و جوانتر بوو. کاتژمێر (1)ی داوی نیوەڕۆ بەکاتی هاوینەی گەیشتینە ئیستانبۆڵ و لەوێ کاتژمێر (12) بوو هەر بە کاتی هاوینە.

دوای ئەوەی چەند کاتژمێر بەدەست ڤیزا گیرمان خوارد، ڕەزامەندی چوونە دەرەوەمان لە فڕۆکەخانەی ئیستانبۆل پێدرا، ڤیزا تەنها بۆ ئەو کەسانە پێویست بوو، کە لە عێراق و بەتایبەتی لە کوردستان دەهاتن.

لە دەرەوەی فڕۆکەخانە خزمێکمان چاوەڕوانمان بوو، ئەو دانیشتووی وڵاتی تورکیایە و پەیامنێری بەشی فارسی رادیۆی فەردای ئەمریکییە. شارەزای زمانی تورکی و شوێنە گەشتیاریەکانی ئەنکارا و ئیستانبۆڵ بوو.

ئیستانبۆڵ لە دوو بەشی ئەوروپی و ئاسیایی پێکدێت، بەشە ئەوروپیەکەی هەرە زۆری ئەو شارە پێکدێنێت و زۆر پێشکەوتوو ترە، بە پردێکی درێژی بێ ستوون پێکەوە بەستراونەتەوە، ئەو پردە یەکێکە لە پردە درێژەکانی جیهان و بە کێبڵێکی ئەستوورەوە هەڵواسراوە، دووسەری کێبڵەکە بەدوو ستوونی بەرز لەهەر دوو سەری وشکایی بەستراوە، ئەو شارە زۆر شوێنەواری دێرینی لێیە و شارێکی





شوێنەوارێکی ئادیامانی باکووری کوردستان

گەشتیارییە.

لە هەولێر پلەی گەرما سەرووی (40) پلەی سەدی بوو، کەچی لەوێ لە (30) پلەی سەدی تێپەڕی نەدەکرد، لە کەم شوێنی ئەم شارە فێنککەرەوە بەرچاو دەکەوێت.

هاوینان ژمارەی دانیشتوانی ئیستانبۆل لە 15 ملیۆن کەس تێپەڕ دەبێت، کە مەزەندە دەکرێت (5) ملیۆنیان گەشتیاربن.

خەڵکی ئەوێ وەك ئەوروپیەکان برنج کەم دەخۆن، لەجیاتی کەوچك چەنگاڵ بەکاردێنن، کاتێك هۆکارەکەم پرسی، گوتیان بەوە لە زۆر خواردن خۆیان دەپارێزن، لەو شارەدا (جلوبەرگ) زۆر هەرزانترە لە شوێنەکانی دیکەی تورکیا.

نەوت زۆر کەمە، ئەگەر پێویستت پێی هەبێت دەتوانی بە شووشەی بچووك لەلای دەرمان فرۆشەکان بیدۆزیەوە، نرخی بەنزین وەك کوردستان بەردەوام لە هەڵبەز و دابەز دایە، بەڵام رۆژانە نرخەکەی لە تابلۆ دەدرێت، هەر بەڕێگاوەو بەبێ پرسیار کردن دەتوانی نرخەکەی بزانی، بەنزینخانەکان شوێنی روونگۆڕین و شووشتنیان بەشێوازی پێشکەوتوو تێدایە و زۆربەیان رێستورانتی تایبەتییان هەیە، سیستمی ئەژمارکردنی دیجیتاڵین و وەك لای خۆمان نییە بە جلیکان لە قەراغ جادە داندرابێت و (16) لیتر بە (20) لیتر بفرۆشن.

لە زستاندا بۆ خۆپاراستن لە سەرما هیتەری کارەبایی و سۆپەی دار و شوفاژ دادەگیرسێنن، لە جیاتی نەوت خەڵووزی بەردین بەکاردەهێنن.

زۆربەی باڵەخانەکان چەند نهۆمین و لەسەر ستوونی کۆنکریتی و بە بنمیچی کۆنکریتی شیدار داڕێژراون و سەربانی نهۆمی سەرەوە بە سوفالی سوور بەشێوەی لێژ بۆ چوارلا دروست کراون، تاکو بیناکان جوان و رێکبن و لە باران و سەرما پارێزراوبن. کوالیتی ناوەوەی باڵەخانەکان ئەوروپیە و دیوارەکانیان بە خشت دروست کراون، دیوی دەرەوەی باڵەخانەکان بە کۆنکریت سواغ دراوە و بەڕەنگی جوان خەملێندراون.

میترۆ ترینی ژێر زەوی هاتووچۆی سانا کردووە، تاکسیەکان زۆربەیان فیاتی مۆدێل نوێن، نرخی گواستنەوە بە تاکسیمیتر دەژمێردرێت، کە دیجیتاڵیە و بە گوێرەی دووری کرێیەکە زیاد دەبێت. هەندێك لە شوفێرەکان ئەگەر بزانن غەریبەی، بە داگرتنی دوگمەیەك لە تاکسیمیتر، پارەی دوو بەرابەرت لێ وەردەگرن، بە نرخی شەو ( لە کاتژمێر (12)ی شەو تا 6ی بەیانی) کرێ دوو بەرابەرە.

سیستمی مووچەی مانگانەی کارمەندان بە پێی هەڵبەز و دابەزی نرخی دۆلار و پێداویستیەکان مانگانە دەگۆڕێت.

دراوەکەشیان لیرەیە، بەهۆی دابەزینی زۆر، بەپێی بڕیارێك هەر ملیۆنێك لیرە کرا بەیەك لیرە، کاتی گەشتەکەی من 156 لیرەی تورکی دەیکردە 100 دۆلاری ئەمریکی.

وڵاتی تورکیا داهاتی زۆری لە گەشتیارو گەڕیدەکان چنگ دەکەوێت. زۆربەی بەشەکانی حکومەت بەشێوازی کەرتی تایبەت بەڕێوەدەچن، ناو و شوێنە گشتیەکانی وەك بازاڕ، میترۆ، پارك، کەنار دەریا، دەستگەمەو ماچ و مووچی نێوان کچ و کوڕان دەبینرا و کەس سەیری نەدەکرد، قەڵەویی بۆ پیاو و ژن پەسەند نەبوو، زۆربەی کچان شووش و بەژن زراڤ بوون، لە کەنار دەریا کچ و کوڕ و ژن و پیاو بەڕووتی لەبەر هەتاو رادەکشێن، کەس ناوێرێ لەبەر پۆلیس خراپ سەیرییان بکات، تورکەکان سەرەڕای رەگەزپەرستی، لەگەڵ میوان زۆر گەرم و بەڕێزن.

وادیاربوو بەهۆی میوانی زۆر، فریای خاوێن کردنەوەی شەقامەکان نەئەکەوتن، زبڵ و پاشماوەی خواردن لە زۆر شوێندا دەبینرا، رۆژانە بە گێسگی ئۆتۆمۆبێل شار خاوێن دەکرایەوە.

هەمان رۆژ کاتژمێر 11ی شەو بە ئۆتۆباس بەرەو پارێزگای (کاست مونو) لە باکووری ئانکارا بەڕێکەوتین، کاتژمێر 8ی بەیانی گەیشتینە کاست مونو. لەناو ئۆتۆباس کەس بۆی نەبوو جگەرە بکێشێت، دەبێت مۆبایل دابخرێت.

شاری کاست مونۆ خاوێنترە لە ئیستانبۆڵ، هەمووی بە دار و گوڵ رازاوەتەوە، ئاو و هەواکەی زۆر خۆشە و پلەی گەرما 26 پلەی سەدی بوو. کۆیرو فێنککەرەوە و پانکە لە هیچ ماڵێك بەرچاو نەدەکەوت.

قەڵایەکی بەرز لەناوەندی شاردا هەیە، هەموو شاری لێوە دیارە و لە بەرد دروستکراوە، ئەو شارە چونکە لە قەراغ



کانێکی نەوتی ئادیامان - باکووری کوردستان




شوێنەواری نەمروود

دەریا هەڵنەکەوتووە هێندێك سیمای ئیسلامی پێوە دیارە، گەشتیار و گەڕیدە کەم ڕوو لەو شارە دەکەن، پاش دوو ڕۆژ مانەوە بەرەو ئانکارا بەڕێ کەوتین.

ڕێگاکە شاخاوی بوو، بە بلۆك و کۆنکریتی شتایگەر چنرابوو، نەك بە ئیسفەلت، هیچ ڕەگلەی نەبوو، لەکاتی تەڕیی و باران و بەستەڵەکی زستان، ئۆتۆمبێلی لێناخلیسکێت.

گەیشتینە ئانکارا، ژمارەی دانیشتوانی پایتەخت کەمتر و شارەکەش بچووکتربوو لە ئیستانبوڵ، لە ڕێگای تەلەفزیۆنی بچووکی فلات ئاگاداری بڵاودەکرایەوە، خەڵکەکەی لەگەڵ گەشتیاران بەڕێزتر بوون، کاتێك ناونیشانێکت دەپرسی، هاوکاری تەواویان دەکردی. خەرجی خواردن و ریستۆرانتەکان بە بەراورد لەگەڵ ئیستانبوڵ زۆر هەرزانتر بوو. فرۆکەخانەی ئانکارا لە فرۆکەخانەی ئیستانبوڵ بچووکتر بوو، بەڵام پاك و خاوێن تربوو. لەوێش بۆ بەرگری لە مەترسی تیرۆریستان ڕێووشوێنی ئەمنی توند دەگیرایەبەر، دەبوایە جانتا و هەموو کەرەستەیەکی ئاسن دابنێی و بەژێر ئامێری ئەلیکترۆنی پشکنین تێپەڕبی، ئەگەر ئامێرەکە دەنگی لێوەنەهاتبا دەڕۆیشتی.

بە فرۆکە بەرەو (ئادیمان) وەڕێکەوتم، ترسم لە فرۆکە شکابوو، بە تایبەتی کە فرۆکەکانیان نوێ و پێشکەوتوو بوون. بە مۆنیتەری تایبەتی بچووك، بەرزیی و خێرایی و پلەی گەرمی دەرەوە و ناوەوەی شوێنەکە دەنووسرا. ئەگەرچی بەشی هەرەزۆری دانیشتووانی ئادیمان کورد بوون، بەداخەوە زۆربەی خەڵك بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد، نەبوونی سوفالی سووری سەربانی باڵەخانەکان، کوردستانی بوونی ئەو شارەی لە باقی شارە تورکیەکان جیادەکردەوە.

وێڕای ئەوەی پڕۆژەی گواستنەوەی نەوتی( باکۆ _جەیهان)، کە نزیکترین ڕێگای گواستنەوەیە بە وڵاتی ئێران تێپەڕدەبێت، بەڵام سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە، گەلەکەی لە خۆشگوزەرانی بێبەش کردووە.

هەمان ڕۆژ بەرەو شوێنەواری نەمروود بەڕێکەوتین، کە دەکەوێتە 90 کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو شارە، لە ڕێگادا چاڵاوەکانی نەوت سەرنجیان ڕاکێشام، لام سەیربوو لە کوردستاندا نەوت هەبێت، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت، بە دەیان چاڵی نەوت و بەسەدان چاڵیش لە شاری باتمانی باکووری کوردستان هەیە، بەڵام ڕادەی بەرهەمەکانیان زۆر کەمە، بۆ نموونە ڕۆژانە تەنیا 200 بەرمیل نەوت لەچاڵاوەکانی ئادیمان بەرهەم دێت.

چیا و دارستانەکانی زۆر بە چیا و دارستانەکانی دەوروبەری سۆران دەچوون، داری مازوو و بەڕوو و دارەبەن، کەم و زۆر وەبەرچاو دەکەوتن.

ڕێگای چیایی بە پەلەبەردی ڕەش و لەوێشەوە تا لووتکە بە بەرزی 40 مەتر بە پەلەبەردی شکاوی زەرد دروست کرابوو. دیاربوو دەستکردی دەستی مرۆڤ بوو، هیچ خوڵی تێکەڵ نەکرابوو، بێ شك پێشتر زۆر لەوە بەرزتر بوو، بەڵام بەهۆی بەفر و بارانی هەزاران ساڵە، بەرە بەرە پەلەبەردەکان بەرەو خوار داڕمابوون، پەیکەری لە بەرد داتاشراوی پاشاکان کە کێشیان دەیان تەن دەبوو، لە دوو ڕووی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی شوێنەکە داندراون و دوو هەیکەلی بەرد لە شێرو هەڵۆ دەوریان گرتوون، کە هێمای پارێزگاری کردنن لە وڵات لە زەوی و ئاسمانەوە، سەرداران و فەرماندەکانی لەشکر و گەورەپیاوانی هەموو شوێنێکی ئەو وڵاتە، هاتوون لەو شوێنە بەڵێن و وەفادارییان بۆ شا مردووەکانیان بە پەیکەری بەردین نوێ کردۆتەوە.

لە گەڕانەوەماندا و لە دامێنی چیای نەمروود دا، لاماندایە ریستورانتێکی دامێن چیا، بەڵام هیچ میوانێکی لێنەبوو، خاوەنەکەی بە تەنها نان و تەماتەی دەخوارد، کە زانی کوردین و لە کوردستان هاتووین لە باوەشی گرتین.. کاتێك هۆی بێ بازاڕی ریستورانتەکەم لێپرسی، لەوەڵامدا پێی گوتم پێشتر ڕۆژانە بە دەیان هەزار دۆلارمان لێرە دەستدەکەوت، بەڵام ئێستا گەشتیار ڕوو لەو ناوچەیە ناکات. بە لای خۆمەوە گوتم ڕەنگە PKK هۆکاری ئەو بێ بازاڕیەی ئەوان بێت، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت، ئەو شوێنەوارە دیرۆکییە لەنێو لیستی ڕێنوێنی گەشتیاراندا نییە تا سەردانی بکەن.

لە شارۆچکەی (کەختی) نێوان چیای نەمروود و شاری ئادیمان تەواوی شار بە شەقام و کۆڵان و پیادەڕۆ، هەمووی خشت و بلووکی سوور بوو.

زۆربەی بانکەکانی ئەو وڵاتە بەشێوەی دیجیتاڵی و مۆنیتەرو کۆمپیوتەر بەبێ مرۆڤ شەو و ڕۆژ، بەبێ پشوودان بەکارتی




مۆزەخانەی ئایا سۆفیا

تایبەت کاردەکەن، لەهەر شارێکی ئەو وڵاتە و هەر کاتێك بتەوێت بە ڕێگای کارتەکتەوە، دەتوانیت هەم پارە بخەیتە بانك و هەم پارەی خۆت رابکێشی، بە نووسینی ژمارەی نهێنی ئەو کارتەی، کە پێشتر لەلایەن بانك بۆت دەستنیشان کراوە.

ئێوارەی رۆژی سێشەممە، بە فڕۆکە بەرەو ئیستانبۆل بەڕێ کەوتم، دەرفەتی چوونە ئەنتالیا، کە شارێکی گەشتیارییە بۆم نەڕەخسا، چوارشەممە پێویست بوو سەردانی ناو بازاڕ بکەم، تا بتوانم هێندێك دیاری سەفەر بۆ برادەر و خزمان لەگەڵ خۆم بهێنم، نرخی شتومەك سەرەڕای هەرزانی بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی تورکیا، زۆر لە کوردستان گرانتربوو، لەبەر ئەوە بڕیارمدا بەشێك لەو دیاریانە لە کوردستانی خۆمان بەر لە گەیشتنەوە ماڵ بکڕم.

سەردەمی خۆی کاتی دەسەڵاتداری عوسمانییەکان، لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی، پارەی خومس کۆدەکرایەوەو رەوانەی ئیستانبۆل دەکرا، تا پادشا بەناو خەلیفەکانی ئیسلامی کۆشك و تەلاری پێ دروست بکەن، مزگەوتی (ئایا سۆفیا) یەکێکە لەو نموونانە کە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی و لە ساڵی 1560 دروست کراوە، منارەی ئەو مزگەوتە گەلێك بەرزە و دیوی ناوەوەی بەستوونی بەرد داڕێژراوە، نەخش و نیگاری زۆری تێدا بەکارهاتووە، لە چەند لاوە بە پیتی عەرەبی، ناوی چوار خەلیفە و حەسەن و حوسێن لەسەر بازنەی ئاسن نووسراون، ئەو شێوە تەلارسازییە بە تەنها لە خزمەتی دەسەڵاتداران بووە، نەك خەڵکی گەدا و برسی و داماو..

(مۆزەی تۆپ قاپی) دەکەوێتە تەنیشت ئەو مزگەوتە، هەر لە جلوبەرگی شاکانی عوسمانی بگرە تا هەر چوار شمشێری خەلیفەکانی سەردەمی ئیسلامی و دوو دانە مووی حەزرەتی (محەمەد- د.خ) لەوێدا هەبوون، پۆلیس ڕێگای وێنە گرتنی نەدەدا. ئەوەی سەرنجی راکێشام لە حەوشەی بیناکە، کاتژمێرێکی سێبەریم بینی، لەسەر بەردێکی تەخت تەلێکی ئاسن بە درێژایی نزیکەی نیومەتر، لایەکی لەسەر بەردەکەو لایەکەی دیکەی بە بەرزی نزیکەی نیو مەتر هەڵواسرابوو. هێڵی سێبەرەکەی بۆ مانگەکانی ساڵ هەڵکەندرابوون، کاتەکانی بانگی لەسەر نووسرابوو، کە بە بەراوردی سێبەری تەلەکە و مانگی ساڵ و هێڵە هەڵکەندراوەکە کاتیان دەستنیشان دەکرد.

هەموو نووسراوە هەڵکەندراوەکانی سەر بەردو دەرگای چوونە ژوورەکان بە زمانی فارسی نووسراون، هیچ ئاسەوارێکی زمانی عەرەبی جگە لە وشەی (بسم الله) نەدەبیندرا، خەڵکێکی زۆر سەردانی ئەو شوێنەیان دەکرد، بەتایبەتی چینیی و هیندی و عەرەب و تورك و ئەوروپی، بۆ چوونە ناوەوەی ئەو مۆزەیە، هەر کەس دەبێت بلیتێکی 10$ ببڕێت. لەبەر کەمی دەرفەت نەمتوانی هەموو بەشەکانی ئەو مۆزەیە بە وردی بەسەر بکەمەوە، بۆ شەوەکە کاتژمێر 1.30 گەڕامەوە فڕۆکەخانە و کاتژمێر 6ی بەیانی بە فڕۆکە بەرەو هەولێر وەرێکەوتین، پۆلیس و فەرمانبەرانی فڕۆکەخانە، لە بیستنی ناوی کوردستان بێزاربوون، کاتێك پرسیاری شوێنی تایبەت بە کوردستانت بکردبا، یان وەڵامیان نەدەدایەوە، یان دەیگوت ئەو شوێنە فڕۆکەی نییە، دەیان گوت بڵێ باکووری عێراق.

گەڕانەوە بۆ کوردستان، لە جیاتی 2 کاتژمێر و 20 خولەك زۆر کەمتر بوو، هۆکارەکەیم نەئەزانی و هەمووان دەیانگوت هەموو جار بەو شێوەیە، هاتنەوە تا نیو کاتژمێر کەمتر دەخایەنێت، نەمزانی ڕێگای هاتن و چوون لەگەڵ یەك جیاوازە، یان هێندێك تایبەتمەندی ئاسمانیی هۆیەکەیەتی، دوای هەفتەیەك لەو گەشتەیەمدا گەڕامەوە کوردستان.

Karzan1378@yahoo.com

# ئابڕووچوونەکەی لافۆن

و: غازی حارس

**ئەلیاهو** بن شائول کۆهین، جوولەکەیەکی سووری حەلەبی بوو، سەردەمی خۆی باپیرانی بەرەو ئەسکەندەرییە کۆچیان کردبوو، ساڵی 1924 لەوێ لەدایك ببوو. ساڵی 1944 چووەتە ڕێکخراوێکی لاوانی جوولەکە، کە پاڵپشتی لە بیری وڵاتی جوولەکە دەکرد، دوای شەڕی ساڵی 1948 ئەو و هەڤاڵانی لەو ڕێکخراوە، بانگەشەی کۆچکردنی جوولەکەکانیان دەکرد لە وڵاتانی عەرەبی بەرەو فەلەستین، تەنانەت باوك و سێ لە براکانیشی ساڵی 1949 بەرەو فەلەستین کۆچیان کرد، بەڵام ئەو خۆی هەر لە ئەسکەندەرییە مایەوە.

بەر لە کۆچکردنیشی بەرەو فەلەستین، لە ژێر سەرپەرشتی



ئەلیاهو بن شائول کۆهین

(ئەبراهام دار) کاری دەکرد، کە یەکێك بوو لە گەورە سیخوڕە ئیسرائیلییەکان و لە میسر کاری تۆڕە سیخوڕییەکانی ڕێکدەخست و هاوکاری ئەو خەڵکانەی دەکرد، کە نیازی کۆچکردنیان هەبوو بەرەو فەلەستین.

(ئیلی کۆهین) بە نازناوی جوندار لینج، دەستی بەکاری سیخوڕی کرد و زنجیرە تەقینەوەیەکی ئەنجامدا لە دەستەو دامەزراوە ئەمریکییەکان لە قاهیرە، بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتی میسر.

ساڵی 1954 ئەندامانی تۆڕە سیخوڕییەکە ئاشکرابوون و زۆرینەیان دەستگیرکران، کە کاتی خۆی بە (ئابڕووچوونەکەی لافون – فضیحة لافون) ناوەزەد کرا.

ئیلی، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا، توانی بە بێ گوناه خۆی ڕزگاربکات و میسر بەرەو ئیسرائیل جێبهێڵێ.

ساڵی 1955 لە ئیسرائیل پەیوەندی کرد بە یەکەی ژمارە (131)ی دەزگای ئاسایشی هەواڵگری سوپای ئیسرائیل، دواتر جارێکی دیکە گەڕایەوە وڵاتی میسر، بەڵام دەزگای هەواڵگری میسری چاودێرییەکی چڕی خستبووە سەر، بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی و دەستگیرکرانی جاری پێشووی و دیسانیش کاتی شەڕە سێ قۆڵیەکەی دژ میسر لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1956 دەستگیرکرایەوە، دوای ئازادکردنیشی جارێکی دیکە بەرەو ئیسرائیل کۆچی کرد و وەك وەرگێڕی زمان لە چەند کۆمپانیایەك کاری دەکرد، بۆ ماوەیەك لە کاری سیخوڕی دوورکەوتەوە، دوای ئەوەی لەکار دەرکرا، ئەم جارەیان وەك وەرگێڕ لە وەزارەتی بەرگری ئیسرائیلی دامەزرا، کە تەنگی پێهەڵچنرا لەوێش دەستی لەکار کێشایەوە.

ساڵی 1959 کچە جوولەکەیەکی مەغریبی مارەبڕی، ئەم جارە بڕیاردرا (ئیلی) وەك سیخوڕ بنێردرێتەوە میسر، بەڵام دواجار لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە بینێرنە دیمەشقی پایتەختی سوریا، بەڵام تاکە گرفت ئەوەبوو، چونکە لە ئەسکەندەرییە گەورە ببوو، نەیدەتوانی بە شێوەزاری سووری قسەبکات. دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلی پلانەکەی بە جۆرێك بۆ ڕێکخست، کە موسڵمانە و ناوی (کامیل ئەمین)ە و ساڵی 1947 بەرەو ئەرجەنتین کۆچیان کردووە، کە باوکیشی مردووە، دایکی تەنها شەش مانگ پاش ئەو ژیاوە، ئەمیش لەوێ بە کاری بازرگانی کوتاڵ خەریك بووە.

بەر لە بەڕێکردنی بەرەو سوریا خولێکی بۆ کرایەوە، کە چۆن کار بە بێتەل بکات و نووسراو بە مەرەکەبی نهێنی بنووسێت، هەروەها بایەخ بە هەواڵ و ڕووداوەکانی سوریا بدات و ناوی کەسایەتییە سیاسی و بازرگانە گەورەکان ئەزبەر بکات، لەگەڵ فێرکردنی ئایەتەکانی (قورئان) و دابونەریتەکانی موسڵمانان.

لە 3ی شوباتی ساڵی 1961 بەرەو ئەرجەنتین کەوتەڕێ، لەوێ سیخوڕێکی دیکەی ئیسرائیلی بەناوی ئەبراهام پێشوازی لێکرد. ئەمیش ڕایسپارد کە خۆی فێری زمانی ئیسپانی بکات، بۆ ئەوەی ڕیسەکەیان نەبێتەوە خوری، هەروەك چۆن شتە پێویستیەکانیشی بۆ دەستەبەر دەکرد.

لە ماوەی ساڵێکدا لە ئەرجەنتین خۆی وانیشاندەدا، کە بازرگانێکی دەوڵەمەندی سوریەو بەشداری لە هەموو بۆنە نیشتمانیەکانی سوریا دەکردو پەیوەندی توندوتۆڵی هەبوو لەگەڵ ڕەڤەندی عەرەبی بەگشتی و ڕەڤەندی سووری لە ئەرجەنتین، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساند تاکو کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسی و بازرگانی سوریا بناسێت، بە تایبەتی

(عەقید حافز) مولحەقی سەربازی سەفارەتی سوریا لە ئەرجەنتین.

ئیلی کۆهین یان کامیل ئەمین، بەردەوام خوانی گەورەی ڕێکدەخست، بۆ ئەوەی گەورە دیبلۆماتکارانی سوریا داوەت بکات و خۆشەویستی خۆی بەرامبەر سوریا و دەسەڵاتەکەی نیشان بدات، هەروەها پێیان بڵێت حەزدەکات سەردانی وڵاتەکەی خۆی بکات. هەروەك چۆن سەردانیشی کرد، دوای ئەوەی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلی ڕایسپارد بچێتە دیمەشق، بەڵام پێشتر (موساد) گەشتێکی بۆ کۆمەڵێك پایتەختی ئەوروپی بۆ سازدا، تا وەك کەسێکی شارەزا و لێهاتوو و دنیادیدە دەربکەوێت.

لە( فڕۆکەخانەی دیمەشق)یش پێشوازییەکی شاهانەی لێکرا، لە ئاهەنگ خوانێکیش (کامیل ئەمین) ڕایگەیاند، کە ئەو لەبەر خۆشەویستی وڵات، بڕیاری داوە هەموو پڕۆژەکانی دەرەوەی وڵات ڕابگرێت و بگەڕێتەوە باوەشی سوریا، تا خزمەتی وڵات بکات.

دوای کەمتر لە دوو مانگ، یەکەم پەیوەندی لە ڕێگای بێتەلەوە پێکرا، کە بەدرێژایی ماوەی 3 ساڵی پێشتر بەردەوام هەفتانە دوو پەیامی پێدەگەیشت.

لەو چەند مانگەی کە (ئیلی) گەیشتبووە دیمەشق، پەیوەندی تۆکمەو فرەوانی دروستکردبوو، بە تایبەتی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی سوپا و یەکە سەربازییەکان.

(ئیلی) لە پەیوەندی و سەردانی بەردەوام دابوو، لەگەڵ ئەو بەرپرسانە، ئەوانیش لە ڕوانگەی بڕواو متمانەیان بە ئەو، بەردەوام باسی پلانە سەربازییەکانیان بۆ دەکرد لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیسرائیل، بە تایبەتی ئەگەر شەڕ ڕوویدا.

(ئیلی)یش لەلای خۆیەوە بەردەوام ئەو زانیاریانەی لە بارەی پلانە سەربازیەکان و لیستی ناوی ئەو بەرپرسانەی بۆ ئیسرائیل دەنارد، کە باسیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیسرائیل دەکرد.

ساڵی 1962 یەکێك لە برادەرە بەرپرسەکانی، لە گەشتێکی مەیدانی بۆ ناو بارەگا و بنکە سەربازییەکانی بەرزاییەکانی جۆلان لەگەڵ خۆیدا بردی، (ئیلی) لەو گەشتەدا لە ڕێگای کامێرایەك کە لە کاتژمێرەکەی دەستی بەسترابوو، زۆربەی شوێنە سەربازییەکانی وێنەگرتبوو.

ئەگەرچی ئەم وێنانە پێشترش ئیسرائیل لە ڕێگای وێنەی ئاسمانی بە فڕۆکە گرتبوونی، بەڵام بۆ ئیسرائیل گرنگ بوو، کە توانا سیخوڕیەکانی هێندە بەهێزبووە.

ساڵی 1964 (ئیلی) جارێکی دیکە ئیسرائیلی ئاگادارکردەوە، لە پلانی سەربازی سوریا بەرامبەر بە ئیسرائیل لە ناوچەی (قنیترە)، لە ڕاپۆرتێکی دیکەشدا ئاگاداری کردبوونەوە لە گەیشتنی ژمارەیەك دەبابەی ڕووسی جۆری (T54) و شێوەی دابەشکردنیان بەسەر خاڵە سەربازییەکان و ئەو پلانە سەربازییەی، کە بەهاوکاری شارەزایانی ڕووس داڕێژرابوو، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیسرائیل لەکاتی شەڕدا، بە تایبەتی لە بەرەی باکووری ئیسرائیل.

(ئیلی) زۆر سەرکەوتووبوو لە خۆنزیککردنەوە لە دەسەڵات، بە تایبەت لە ڕێگای تەرخانکردنی پارە بۆ حزبی بەعس، تا وای لێهات بپاڵێورێت بۆ سەرۆکایەتی حزب، یان ئەنجومەنی وەزیران.

زۆر سەربردەی جیا جیا هەیە لەبارەی ئاشکرابوونی (ئیلی



کۆهین)، بەڵام ڕەنگە ڕاستترینیان، گێڕانەوەکەی سیخوڕە بەناوبانگەکەی میسر (ڕەفعەت جەمال) بێت، کە دەڵێت (شەوێکیان لە ئاهەنگێکی خێزانی بینیم، کە زۆر لە بەرپرسە ئیسرائیلیەکانی تێدا بەشداربوون، پێیان گوتم ئەوە سەرمایەدارێکی ئیسرائیلیە لە ئەمریکا و یارمەتی دارایی پێشکەش ئیسرائیل دەکات). هەروەها پەیوندیم لەگەڵ کچە پزیشکێکی بە بنەچە مەغریبی هەبوو بەناوی (لەیلا)، لە سەردانێکمدا بۆ ماڵی ئەو وێنەی هەمان ئەو پیاوەم بینی، لەگەڵ ژنێکی جوان و دوو منداڵ وەستابوو، کاتێك منیش پرسیاری کەسەکەم لێکرد، گوتی ئەوە (ئیلی کۆهین)ە، مێردی خوشکمە، لێتوێژەرە لە وەزارەتی بەرگری ئیسرائیلی و زۆرجاریش ڕادەسپێردرێت بۆ سەردانی باڵوێزخانەکانی ئیسرائیل لە دەرەوەی وڵات، ئەوسا گرنگیم پێنەدا، بەڵام ساڵی 1964 بۆ چاودێری گەشتیارانی میسری نێردرامە ڕۆمای ئیتاڵیا، بە ڕێکەوت ڕۆژنامەیەکم بەرچاو کەوت، وێنەیەکی هەمان ئەو کەسەی بڵاوکردبووەوە لە ژێریشی نووسرابوو فەریقی یەکەم (عەلی عامر) و (کامیل سابت) ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس و شاندی یاوەریان، دانەیەکم لەو ڕۆژنامە لوبنانیە پەیداکردو ئێوارە (محەمەد نەسیم)ی ناسراو بە (قەلبولئەسەد)م بینی، کە سەر بە دەزگای هەواڵگری میسری بوو، پێم گووت(کامل سابت) ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسە لە سوریا، ئەترسم پایەیەکی گەورەتر وەربگرێت، دەبێت ئەو ڕاستیە بزانی کامیل جوولەکەیە و ناوی ڕاستەقینەی (ئیلی کۆهین)ە، ئەو پێی گوتم بەڵگەت چییە، گوتم ئەو وێنەیە، وێنەی هەمان ئەو کەسەیە کە برادەرێکی نزیکم لە ئیسرائیل پێی گوتم لە وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل کاردەکات، ئەو یەکڕاست بایەخی بە قسەکەم نەدا، تا لای پەنجەرەکە چوو و سەیرێکی دەرەوەی کرد، پاشان گەڕایەوە لای من و پێی گووتم (ئەگەر ئەمە وابێت مێژوویکە بەناوی تووە تۆماردەکرێت).

دواتر پیاوانی هەواڵگری میسری، کەوتنە کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ ئەو بابەتەو دوای کۆکردنەوەی زانیاری زۆر، (سەلاح نەسری) بەڕێوەبەری هەواڵگری میسری چووە لای (جەمال عەبدولناسر)، سەرۆکی ئەوسای میسر، پاشان هەمان شەو بە فڕۆکەیەکی تایبەت گەیشتە دیمەشق و مەلەفی زانیارییەکانی دایە سەرۆکی سوریا (ئەمین حافز).

لەنێو قسەو باس و سەرسوڕمانی زۆردا (ئیلی کۆهین) دەستگیرکراو لە 18ی مایۆی 1965 لە سێدارەدرا.

# عودەی لەنێو سەرخۆشیو سەماکاراندا

فوئاد رەوەند

**ئێراق** سەر زەمینی دووبەرەکیو خیانەتو کوشتارە، هەر لە شەڕی جەمەلو صەفەینو نەهرەوان، کە هەر دوو بەرە موسڵمان بوونو درێخیان لە کوشتاری یەکتر نەدەکرد، تا دەگاتە رووداوی کەربەلا، کە چۆن یەزیدی کوڕی مەعاویە، بن ئامۆزای خۆی حوسێنی کوڕی عەلی خستە گەمارۆو بە دڕەندەترین شێواز لەتو پەتی کرد، هەتا حەجاجی سەقەفی بە بچووکترین بیانوو خەڵکی هەڵدەواسی، تا دەگاتە مەنسوورو هاڕونی عەباسیی، کە چۆن هاوکارانو یاوەرانی رۆژانی ناخۆشییان کوشتار کرد، جا نامەوێ بە وردیو درێژیی بچمە ناو باسی وڵاتێك، کە هەموو مێژووەکەی بە خوێن نووسراوە.

بنەماڵەی (عودەی سەدام حوسێن)، کە دانیشتووی گوندی عۆجەی سەر بە شاری تکریتن، خۆیان بە سوننیو ئێراقی لە قەڵەم دەدەنو بە ناسریو ئەبوناسر ناسراون. لە راستییدا، سەر بە هۆزی ئەلبوناسرنو شیعەن، کە لە دەوروپشتی ئەهواز لە پارێزگای خوزستانی ئێرانەوە هاتوون، باپیرە گەورەیان لەبەر چەتوونی لە نێو هۆزدا دەرکراوە، من پێم وایە لە هۆزی خۆیان دزییان کردووە، گەورەترین کەتن لەلای عەرەب دزیکردنە لە خۆیی، باپیریان پیاوێکی باڵابەرزی رەش ئەسمەری جەردە بووە، سوبحیەی نەنکی عودەیو دایکی سەدام ئافرەتێکی شۆخو شەنگی دۆخین شل بووەو بەروبوومی ئاژەڵداری بردۆتە شاری تکریتو لە بازاڕ فرۆشتوویەتی. شایەنی باسە ئەم بەروبوومە لە مەڕی تالآنی بەرهەم هاتووە، واتە لە مەڕی دزراو، بەروبوومەکەی کراوەتە ماستو پەنیرو فرۆشراوە، حەرام کراوەتە حەڵاڵ!.

سوبحیە ئافرەتێکی جوانو کەڵەگەت بووە، چونکە توانیویەتی بەرهەمەکانی بە گرانتر لە بازاڕ بفرۆشێ، لە ناو بازاڕ بووەتە نوێنەری گوند، تا لە بازاڕ لەگەڵ جوولەکەیەك، کە ماستو پەنیری پێفرۆشتووە دەست تێکەڵاو دەکا، ئەوەی نابێ ببێت روودەداتو کچێنی خۆی دەدۆڕێنێ، ئەو جوولەکەیەش هەر جامە ماستێکی سوبحیەی عەیاری بە دوو بەرامبەر کڕیووە. لەو سەردەمە کە حەبی منداڵنەبوون باو نەبووە و ئەمیش کچێکی بێ ئەزموون بووە، سکی دەبێت، هەرچەندە جوولەکە لە مێژوودا بە داهێنەری جووت بوونی بێ سکپڕی ناسراونو پیاوانیان لە کاتی جووتبوون ئاوگیان(تۆو) لەسەر عەرد دەڕشتو لە ئایینی ئەوان بە پێچەوانەی ئیسلام، ئەم کردارە بە ڕەوا دەزانن، جا لەوانەیە نەنکی عودەی کچێنی خۆی بە بازرگانی جوولەکە بەخشیبێت، بەڵام جوولەکەی پارێزگار ئەوەندە وریا بووە، کە سکبوونی کچە عەرەب شەڕ دەنێتەوە، هەر بۆیەش لەوانەیە ئەم ئافرەتە لە عارەبێکی تر دوو گیان



عودەی، لاسایی کەرەوەی میرەکانی کەنداو

بووبێت. هەرچەندە کۆرپەکە هەر بە بیژی دێتە ژماردن، بەڵام لەوانەیە رەگەزی منداڵ سامییو عارەب بێت، نەك سامییو جوولەکە. بازرگانی داماو بەوە سزا دەدرێ کە پارەی خوێنی کوژراوێك بداتە بنەماڵەی کچەکە، کچەش دەدرێتە پیرەپیاوێکی خزمیان، بەناوی حوسێن ئەلمەجیدو سەدام لە دایك دەبێت، کە بەرهەمی جولەکە یان عارەبە، ئەوا مەگەر دایکی بیزانێت.

ساجیدەی دایکی عودەی کچی خەیروڵڵا تەلفاحە، ئەوانیش تکریتینو خەڵکی عۆجەن، ساجیدە کچە خاڵی باوکی عودەیە، تەلفاح باوکی سوبحیەی کەتنکەرەو باوکی خێروڵڵایە، بنەماڵەیەکی بێ رەگو ریشەی دۆخین شلی جەردەو دزن. ئەمە کورتەیەکی مێژووی بنەماڵەیەکە، کە بۆ ماوەی 35 ساڵ حکومڕانی ئێراقیان دەکرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هیچ شتێك مەنتقی نییە، رەزا شای پەهلەوی تورکی باکۆ، دەبێتە پێشەوای فارسی ئێرانی، (سەدام حوسێن)ی شیعەی ئێرانی، دەبێتە پێشەنگی سوننەی عەرەبی ئێراق. باش بوو مستەر برێمەر زوو ئێراقی بەجێهێشت نەوەك ئەگەر حەزی لێ بووبا، لە ئێراق دەمایەوەو بە لەبەرکردنی دشداشەو لەسەرکردنی عەگالو راگرتنی چەند حوشترو ئەسپێکی رەسەن، کوڕەکانی

دەیانتوانی رابەرایەتی هۆزێك بگرنە ئەستۆ و شەجەرەنامەیەك بۆ خۆیان لە چاپ بدەن، کە گوایا لە وەچەی عارەبەکانی یەمەنن.
عودەی سەدام حوسێن، کە تا ساڵی 1996 بە جێگری باوکی دەهاتە ژماردن، کەوتە ناو بۆسەی عارەبە شیعەکانی پارێزگای عەمارەو سەقەت بوو. لە هەمووی گرنگتر گوللەیەك بەر دەمارێکی کەوت، کە لە پیاوەتی خست. ئەم رووداوە لە شەقامی مەنسوور روویدا، تاقمی دەست وەشێن لە تۆڵەی شەهیدانی راپەڕینی باشوور بەم کارە هەستان، بەڵام هەندێك پسپۆری تیرۆر گومانیان هەیە، کە دەستەیەکی شۆڕشگێڕی زەلکاوەکان، کە لەلایەن راهێنانی سەربازییو ئەمنی کەم ئەزموونن، لەناو جەرگەی بەغدا دەست درێژی بکەنە سەر پیاوی ژمارە دووی رژێمێکی ئەمنیی دڕندە، قامکیان دەخەنە سەر کێشەی شەڕەفو وا هزر دەکەن عودەی کچی بنەماڵەیەکی خاوەن دەسەڵاتو خاوەن هۆزێکی

عودەی لەساڵی 1964 لە سەردەمی ئاوارەییو هەژاریی باوکی لەدایك بووە، تامی هەژاریی لەلای ئەم منداڵە لاوازە زۆر تاڵ بووە. ساجیدەی دایکی، لە ماڵی باوکی نیشتەجێ بووەو بۆ بژێوی لە دەرەوە کاری کردووە. عودەی هەستی بە تەنیایی دەکرد، تەنیایی ئەستەمترە لە هەژارییو بێ کەسی، ئەوانەی کە خۆیان دەکوژن تەنیایی بەسەریاندا زاڵ دەبێت، یا ئەگەر ترسنۆك بوون دەبنە دڕندەو دەکەونە گیانی بوونەوەری بێ دەسەڵات. عودەی بە شیشیکی ئاسن دەکەوێتە گیانی سەگی تۆڕییو پشیلەی کۆڵانەکانو داخی تەنیاییو کەساسیی خۆی پێ دەڕشتن. کە باوکیشی گەیشتە دەسەڵاتو چووە کۆلێژی ئەندازیارییو بەعسیش ژیانی خەڵکی خستبووە بازنەیەکی داخراو، مامۆستاکان بەناچاری کڕنۆشیان بۆ دەبرد، باوکی دایکیشی(باپیرەی)، کە پیاوێکی خۆ بەزلزان بوو، گیانی



عودەی، لەگەڵ گۆرانیبێژو پڵنگە مێیەکانی!

بەهێزی لاقەکردووە، ئەوانیش کە خۆیان بەشێکن لە دەسەڵاتی ئەمنیی ئێراق، بە ئاسانی بەم کارە هەستاون، هەرچەندە کوشتنی کوڕی سەرۆك کۆماری ئێراق تاوانێکی گەورە بووە و هۆزەکەیانی دەخستە بەر مەترسی، ئەم تاوانە خرایە پاڵ شیعەی عەرەب، بۆ ئەوەی شكو گومان لەسەر ئەوان دوور بخاتەوە، لە دوای لێدانی عودەی هیچ بەڵگەیەك دەست نەکەوت، کە بکەر کێیە؟ چونکە خەڵکی بە ئەزموونو نزیك لە عودەی بەم کارە هەستابوون. من پێم وایە ئەو خاوەن ماڵەی موسڵ، کە لە ساڵی 2003 عودەیو قوسەی تێدا کوژران، لەوانەیە یەکێك بێت لەو کەسانەی، کە لە ساڵی 1996 تەقەی لە عودەی کردبێت. جا ئەگەر وابێت تۆڵەی خۆی کردەوە.

سەروەریی بۆ خۆییو کۆیلایەتیشی بۆ گەلەکەی لەلا پەروەردە دەکرد. لە ساڵی 1989 لە جەژنی ئافرەتانی عەرەب، عودەی گەورە پاسەوانێکی باوکی خۆی بە ناوی ( کامل حەننا ) دەداتە بەر گوللە، لە کاتێکدا کە ژنی حوسنی موبارەکی سەرکۆماری میسر بە میوانی دانیشتبوو. عودەی، مامی خۆی (وەتبان تکریتی) وەزیری ناوخۆی عێراقی بریندار کردو پێیەکی شەل کرد. بۆیە قارەمانی عۆجە، کە مامی خۆی بە هیچ نەزانێ، خەڵکی سڤیل بەلای ئەو هیچ نیین.
زانکۆکانی عێراق کێبڕکێیان بوو بۆ بەخشینی پلەی دکتۆرا لە زانستی رامیاری بە عودەی، هەتا نووسەری سووری، دانیشتووی پاریس خاتوو (حەمیدە نەعنەع)، کە سەرنووسەری گۆڤاری



شەوئاهەنگێک.. نەریتی شەوانەی عودەی



(الوفاق العربی)یە، لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، لە بەغدا چاوی بە عودەی دەکەوێ‌و پێی هەڵدەداو دەڵێ: درورد بۆ تۆ، ئەی ئازیزی کوڕی ئازیز، ئەی خۆشەویستی کوڕی خۆشەویست، جا عودەی چۆن هار نابێت‌و هەموو شتێك بۆ خۆی حەڵاڵ ناکات‌و سەرزەمینی ئێراق بە میراتی خۆی نازانێ‌و کچانی ئێراقیش بە کەنیزە؟!.

عودەی وەك منداڵێك لە تالآنی ساڵی 1990 ی کوێت، کۆلۆکسیونێکی 200 ئۆتۆمۆبێلی دانسقە پێك دەهێنێ، باشترین ئەسپی رەسەن بەخێو دەکا، لە کاتێکدا کە خەڵك دەنکە خورمایان دەهاڕی‌و لە باتی ئارد دەیانکردە نان، 20 کرێکار خزمەتی ئاژەڵە درندەکانی ئەویان دەکرد، جا بۆ ئاژەڵی دڕندە؟ چونکە ناوبراو نازناوی (ئەبو سەرحان)ی بەخۆی بەخشیبوو، (ئەبو سەرحان نازناوی گورگە). ئایا عودەی هاوسەری هەڵبژاردووە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ، ژنی یەکەمی کچی عزەت دوری بووەو پێش گواستنەوەی تەڵاقی داوە، ئەوجا دۆت مامی خۆی مارەکردووە، کە کچی (بارزان تکریتی)یەو لەدوای چەند مانگ، تەڵاقی داوەو کچەکە بۆ لای باوکی بۆ سویسرا دوورخرایەوە. لە پاش سەقەت بوونی لە ساڵی 1996 بۆ ئەوەی پێی نەگوترێت لە پیاوەتی کەوتووە، ناچار (هەببە)ی کچی عەلی کیمیاوی لە خۆ مارەدەکا. دون جوانی عۆجە، بە سستی دەمارو پشتی، ئیتر راوەدونانی کچانی خەڵکی پێنەدەکرا، بۆ حەشاردانەوەی ئەو راستییەی کە توانای جنسی نەماوە، خۆی کردە پیاوچاك. لە ژمارەی ئایندەی (گۆوار) باس لە عودەی‌و لاقەکردنی کچانی ئێراق، هەروەها پەیوەندییە ناشەرعییەکانی دەکەم، بەڵام لەم ژمارەیەدا تەنیا باکگراوندێك دەخەمە روو.

هیچ دیکتاتۆرو جەللادێك لە دایك نابێ، مەگەر ژینگەیەکی ئامادەی هەبێت، ناچێتە ئەقڵ کە چەند ماستاوچییەك وایان لە عودەی کردبێت، کە ڕاوە ئافرەت بکاتە پیشەی خۆی، بەڵکو زەمینەیەکی گونجاوی بۆ فەراهەم بووە. پێش شەڕی ئێراق _ئێران، جیهانی عارەبی دروشمی لەناوبردنی ئیسرائیلیان بانگ دەکرد، سەدام حوسێن بۆ هوتاف کێشان لە هەموو سەرانی دیکەی عارەب پسپۆرتر بوو، بۆ زاڵ بوون بەسەر شۆڕشی ئەیلول چووە باوەشی سۆڤیەت، بەمەش نەوەستا نیوەی شەتولعارەبی بەخشیە شای ئێران. بەرزبوونی نرخی نەوت سەدامی دەوڵەمەندتر کردو کەوتە بەخشینی پارەو دڵی خوێندەوارە خۆفرۆشەکانی عارەبی بۆ لای خۆی راکێشا. لە قۆناخی شەڕی ئێراق _ئێران ئەوە باوکی عودەی بوو، کە پارێزەری دەروازەی رۆژهەڵاتی جیهانی عارەب بوو. عودەی هەرزەکار بە هەلیکۆپتەر دەیکوتایە سەر سەنگەرە عێراقییەکان‌و بەناوی سەنگەری ئێرانی لە قەڵەم دەدرا، لە دوای 1991‌و هێرشکردنە سەر کوێت، سەدام بەناوی بەرز ڕاگرتنی ئاڵای ئیسلام خۆی نیشان دەداو دام‌ودەزگاکانی راگەیاندنی عودەی، وێنەیەکی رۆحییان لە باوك‌و

کوڕ بۆ پێش چاوی جەماوەری عارەب دەکێشاو شەجەرەنامەی سەید بوونی بنەماڵەی عۆجە بلاۆوکرایەوە. عودەی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ (ئیخوان موسلمین) بەستو پشتیوانی دارایی پێشکەش بە ئیخوانە ئەردەنیو میسریو سوورییەکان دەکرد.

لە کێشەی رفاندنی کچانی قیبتی بە دەست لاوانی عارەب لە میسر، عودەی پشتیوانی داراییو راگەیاندنی پێشکەش دەکردن. ئەگەر سەدام حوسێن بە تەعریبکاری کوردستان ناسراوە، ئەوا عودەی بە لەناوبردنی قیبتیەکانی میسرو هاندانی توندڕەوان لێیان، کە میسر بەجێ بهێڵن، یان بەهۆی مێرکردن بە عارەبەکان ببنە عارەب، ناوبانگی دەرکردووە. حوسێن شافعی بەرپرسێکی پایەبەرزی میسریو بەرپرسی (الجمعية الهداية الاسلامية) گوایە یەکێکە لە دەستو پێوەندەکانی عودەی، بۆ ئەتك کردنی کچانی قیبتیی لە میسر بوو. راستە کێشەی کچانی قیبتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1976. پاپا شنودە، پاپای کلێسای قیبتیی، ناچاربوو هاواربکا کچانی قیبتی بە شێوەیەکی سیستماتیك دێنەڕفاندنو لەدوای ئەتك کردنیانو بێ رەزامەندیان بەناوی مارەکردن لە عارەبان مارە دەکرێنو ئەوجا بەناوی کۆچکردن دەخرێنە بازاڕی خۆفرۆشەکانی جیهانی عارەب. راستە دەوڵەتی میسریش بۆ رەزامەندی هێزە توندڕەوەکان، بێدەنگ دەوەستا، بەڵام پارەو دەسەڵاتی عودەی رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بەعارەبکردنی کچانی قیبتییو تۆقاندنو کپ کردنی دەنگی قیبتیەکان لە گشت جیهان. عودەی خاوەنی دەزگایەکی فراوانو بەهێزی راگەیاندن بوو لە جیهانی عارەبی، بێجگە لە پیاوکوژەکانی کە لە جیهان، بە تایبەت لە ئەوروپا پیاسەیان دەکردو نەیارانیان لەتو پەت دەکرد.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەڵێم، عودەی خەڵکی لەتوپەت دەکرد، بەڵام خۆیشی پارچە پارچە کرا. کچانی خەڵکی لاقە دەکردو خەڵکی ئەتك دەکرد، ئەوا بنەماڵەی عۆجەش ئاوارەو دەربەردەرنو ئەتك دەکرێن. لە کۆتاییدا دەکەومە یادی (فندق العرائس) کە عودەی دایمەزراندبوو، تا بووكو زاواکان بە نرخێکی گونجاو چەند کاتێك تێیدا بحەسێنەوە، بەڵام لە پشتی ئاوێنەکان بە کامێرای تایبەت وێنەیان دەگیراو فیلمەکانیان لەبازاڕ دەفرۆشرا، یان لە هۆڵی ئوتێل لەلایەن عودەی، تازە بووك دەست درێژی دەکرایە سەری، کە سەیری وێنەی خوارزاو خوشکانی عودەی لە ئەردەن دەکەم، کە وێنەگری بیانی چۆن بە سینگ رووتی لەناو گۆماو وێنەی گرتوونو کچانی عۆجە لە باوەشی کوڕان دان، دەڵێم خوایە تەنیا پەنا بۆ تۆ، ئەوەی رەش بیربکاتەوە، رووناکی بەرچاو ناکەوێت. بەو دەوڵەمەندیە کچو نەوەکانی سەدام لە باوەشی ئەمو ئەون، کە پارەیان تەواوبێت دەبنە مەززەی شەوانی باڕەکان. خوا تۆڵەی ئەو کچە داوێن پاکانە لە عودەی دەکاتەوە، کە ئەتك کران، ئەوی خراپە بکێڵێت، خراپە دەدورێتەوە.



نەوەکانی سەدامو خوارزاکانی عودەی

# واعیز

وایـــدادەنێین ئـــەو واعیزانـــە، نەســـیحەتی خـــوارەوەن بـــۆ ســـەری، نـــەک واعیـــزەی پیـــاو ماقووڵ بۆ هاوڵاتییان..



**کامیل فەخرەددین**

(**ئەگەر** ویستت بزانی سروشتی کۆمەڵگەکەت چۆنە؟ تەماشای ئەو کەسانە بکە، کە تیایدا پێگەی بەرزیان بەدەست هێناوە) ئەم قسەیەی (د.عەلی وەردی) لە کۆتایی ئەم نووسینەدا بە بیرتان دەخەمەوە.

* * *

شەفاعەت- پاڕانەوە- ئێستاش پێی دەڵێن واستە! سروشتی شەفاعەت -پاڕانەوە- لە دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ.. دەسەڵات هەمیشە پێی خۆش باشە، یان ڕاهاتووە کە لێی بپاڕێتەوە.. یان بۆ شەفاعەت بچێتە خزمەتی.. ئاشکرایە کە شەفاعەت هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی ئایین، شەفاعەت سەر هەڵئەدات.. چونکە خەڵکی پێیان وایە لە ڕێگەی شەفاعەتەوە لە گوناهەکانیان پاک دەبنەوە. ئەو شەفاعەتو پاڕانەوەی ئەوێ ڕۆژێیە، کە لە سەردەمی ئێستامان پێی دەوترێ (واستە).

چۆن خەڵکی ڕاهاتوون لەسەر شەفاعەتو پاڕانەوە بۆ خۆش بوون لە ناپاکیو گوناهەکانیان.. لە ئێستادا درێژکراوەکانیان واستەیە لای دەسەڵات، یان ئەوانەی نزیکن لە دەسەڵات. چونکە تۆ ناگەیتە لای دەسەڵات، نزیکەکان لە دەسەڵات لای دەسەڵات شەفاعەتت بۆ دەکاو باس لە کوڕی باشیت دەکا...

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوانەی کە ئەیانتوانی لەلای دەسەڵات شەفاعەت بۆ کەسانی دیکە بکەن. لە ڕووی زەمەنییەوە، ئەتوانین بۆ دوو قۆناغ دابەشی بکەین.. قۆناغی پێش ڕاپەڕینو قۆناغی دوای ڕاپەڕینو پێکهێنانی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

یەکەم.. قۆناغی پێش ڕاپەڕین، یان سەردەمی ڕژێمی بەعس.

لەم قۆناغەدا ئەوانەی شەفاعەتیان پێ دەکرا، پیاوانی خۆفرۆشو جاشو پیاوی بەعس بوون.. چونکە ئەوانە لەو زەمەنەدا نزیک بوون لە پیاوانی دەسەڵاتدار.. بۆ هەر کارێک دەبوایە لە پیاوانی خۆفرۆشو جاشو بەعسی بپاڕێیتەوە، بۆ ئەوەی هەستیان بە بەزەیی بکردایە تا ئەوانیش لای پیاوانی ڕژێمو دەسەڵاتدار شەفاعەتت بۆ بکەن، هەموو بە تەمەنەکان لەززەتی ئازارەکانی ئەو کاتیان لە یادە.

دووەم.. قۆناغی دوای ڕاپەڕین

شەفاعەتو پاڕانەوەو واستە.. بە دەست شۆڕشگێڕو خەباتکەرانی دوێنێی پێش ڕاپەڕین..
لەم قۆناغەدا بۆ هەر کارێک کە بتەوێ بیکەیت دەبێ شەفاعەتو پاڕانەوە بۆ خەباتگێڕەکانو شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ بکەیت.. تا لوتف بکەن وەڵامێکت بدەنێ..

(باختین) دەڵێ: بەلای مرۆڤەوە هیچ شتێك لە نەبوونی وەڵام ترسناکتر نییە..

بۆیە هاوڵاتیانی کۆمەڵگەی ئێمە لە هەردوو قۆناغ دا بێ وەڵامن، ئەوەی بێ بەشەو هەمیشە بەدوای شەفاعەتو پاڕانەوەو واستە دەگەڕێ، هاوڵاتیانن.. وەلێ قۆناغەکانیان گۆڕاوە، لە هەردوو قۆناغدا بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن..

ئێستا قسەکەی (د.عەلی وەردی)یتان بیردەخەمەوەو بە شێوەی پرسیار دەیڵێم: ئایا سروشتی کۆمەڵگەکەی تۆ چۆنە؟ وەلێ ئەگەر سەیری ئەو کەسانە بکەین کە پایەی بەرزیان تیایدا بە دەست هێناوە..

بیرتان دەخەمەوە:

لە قۆناغی یەکەم دا.. ئەوانەی پایەی بەرزیان بە دەست هێنابوو، جاشو خۆفرۆشو پیاوانی بەعس بوون..

لە قۆناغی دووەم دا: پیاوانی شۆڕشگێڕو خەباتکارانو گیانفیدای وڵات بوون..

کەچی لە هەردوو قۆناغ دا خەڵکی هەر بەدوای شەفاعەتو پاڕانەوە و واستەن.. پرسیار ئەوەیە: کێشەکە لای کێیە؟؟ (خەڵك) یان (دەسەڵات)؟؟

دەسەڵات وەڵامت ناداتێ؟؟.. یان خەڵك فێربووە، کە شەفاعەت بکاتو لەززەت لە بێ وەڵامی وەردەگرێت؟ یان دەسەڵاتیش حەزدەکا شەفاعەتی پێ بکرێ؟ باش نییە بۆ هەر کارێك شەفاعەت بکەین.. هەروەك چۆن باشیش نییە وەڵامی شەفاعەت نەبێ!

# ژن له ژێر چەقۆی زەنگی مۆبایل دا

**بەداخەوە** لەم دواییەدا، چەند رووداوێکی دڵتەزێن لە کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی روویاندا، کە گرێدراوی راستەوخۆی مۆبایل بوو. ئەنجامەکەشی کوشتنی چەند ئافرەتێکی لێکەوتەوە. ئەم رووداوە رووداوێکی هێندە سەرسام نییە لە کوردستان، چونکە بەردەوام دریادەگەلی لەم چەشنە هەن و کوشتنی ژن وەك کولتورێك بۆ ئێمە ماوەتەوە. من دەمەوێت لەم نووسینەمدا ئاماژە بە سێ رەهەند بدەم، کە هەریەکەیان تەواوکەری ئەویترە.

ئایا باکگراوندی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە وێنەو گرتانە چییە؟ لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ بۆچی گەنجێك لە دوای ئەوەی حەزە سێکسیەکەی دەردەهاوێت راستەوخۆ دەیەوێت گرتەکەی پەخش بکرێت؟ ئایا ئەو گەنجە لە پێناو دەرهاوییشتە سێکسیەکەی ئەم کارەی کردووە؟ یاخود خۆدەرخستن و فشەکردن بەسەر رەفیقەکانی؟. سیستمی چەپاندن و لەباربردنی توانا سێکسیەکان لە کوردستان، لە رێگای ئەم فۆڕمە کۆمەڵایەتییەوە جۆرێك لە کەسایەتی ئیسۆس و دەمارگیری بەرهەمهێناوە، کە وای لێ هاتووە کاری سێکسی لە فەزایەکی دوو لایەنەوە، واتە لە پرۆسەی شەریکی و ئەو بۆ ئەویتر بگوازێتەوە بۆ فەزایەکی نامەدەنی و پرۆسەیەکی یەکلایی بخاتە ناو رەوشێکی دژوار و لە شێوازی براوە و دۆڕاو وێنای بکات. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێك وشە بەکاردێنێت کە شایەنی گوتن نیین. بەڵام ئامانج لەم کۆمەڵە وتانە ئەوەیە، کە رەگەزی نێرینە بەردەوام ئەم پرۆسە سێکسییە وەك شەڕگەیەك وێنا دەکات ئەو کەسی براوەیە تیایدا. وا هەست دەکات کە ئەو لەلایەن خەڵکەوە بە سەرسامی سەیر دەکرێت، کە توانیویەتی کچێك بخەڵەتێنێ و لەگەڵی دەربچێت و وای بۆ دەچێت رەفیقەکانی بەخیلی پێ دەبەن، واتە ئەو لە پێناو حەزەکان و لە رێگای عیشقەوە کاری سێکسی ئەنجام نادات، کاری سێکسییش ئەگەر سەرچاوەکەی عیشق و ئاوێتەبوونی رۆح نەبێت، دەچێتە چوارچێوەی پرۆسەیەکی ئاژەڵی. ئەم پرۆسەی سێکسیەش لە ناو فۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا جێگای نابێتەوە و ئەنجامەکەشی بە تراژیدیا و توندوتیژی و کوشتن کۆتایی دێت. بە تایبەتی ئەو جۆرە مۆبایلەی، کە دەنگ و وێنەیە، ئەگەر میکانیزمێکی بۆ نە دۆزرێتەوە کارەساتی جەرگبڕتری بەدواوە دێت.



سەعدوڵلا برایم خان

# نەسرین جەعفەری:

# کە یەکسانی نەبێتو ژن زوڵمی لەسەر بێت، نە ژن دەتوانێ بە ئامانج بگات، نە پیاویش !

(نەسرین جەعفەری)ی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مهابادو لێپرسراوی گۆڤاری ژین، کە تایبەتە بە پرسی ژنان، ساڵانێکە هەم وەك نووسەرو هەم وەك ژنێکی چالاکی بزووتنەوەی ژنان لە مهاباد خزمەت دەکات، ئەو پێی وایە تا ئێستا ژنانی ئەو شارە بەتایبەتیو رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی، لە ژێر باری چەوساندنەوەدانو لە زۆر مافی بنەڕەتی بێبەشکراونو نەبوونەتە خاوەن بزووتنەوەیەکی دیاری داکۆکیار لە مافو داخوازییەکانیان.. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (نەسرین) خان لە پرسی ژنانی ئەو شارە نزیك بووینەوە.

**کۆوار**

*با لەوە دەست پێ بکەین، لە کەیەوە لە بواری ئەدەبیوفەرهەنگی کار دەکەیت؟

– من یەکەم جار هاوکاری گۆڤاری(سروە)م کردووە، کە بۆ22 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لە کارەکانم بەردەوام بوومو دواتریش کارم بۆ منداڵان کردووە، چەند نامیلکەیەکی فۆلکلۆریم بۆ کۆکردوونەتەوە، 12 ساڵ لەمەوپێش دانەیەکیان چاپکرا، شتی چاپکراوم هەیەو چەند ساڵێکیشە وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران، لەگەڵ گۆڤاری مهاباد هاوکارمو کاردەکەم، پێشتر من بەرپرسی فایلی منداڵان بووم، دواتریش بووم بە بەرپرسی بەشی (ژنانو شیعر).

* ئاخۆ شاری مهاباد، خاوەن بزووتنەوەیەکی ژنانەو تاچەند ژنی هەڵسووڕاوو چالاکی تێدا هەڵکەوتووە و لە کاری رێکخراوەییدا بەشدارن؟

– لێرە ژنان بنکەیەکی غەیرە دەوڵەتیان هەیە، لەو بنکە ناحکومییە بە پێی یاسایەك ئەو ئامانجانەی کە هەیانە کاردەکەن، بۆ نموونە لە مهاباد دامەزراوێکی ژنان بەناوی( ژنانی یاریدەدەری نیشتمان)هەیە، نزیکەی شەش ساڵە دامەزراوە، کە حاڵی حازر من بەرپرسی بەشی فەرهەنگی ئەو بنکەیە و لێپرسراوی گۆڤاری (ژین)م.

*ئامانج لە دامەزراندنی ئەم رێکخراوە، کە تایبەتە بە ژنان چییە؟ لەم رووەوە تا چەند توانیوویەتی رۆڵ ببینێ؟

– ئامانجی پێشخستنی بارودۆخی ژنە، وەڵێ ناتوانم بڵێم توانیوویەتی زۆر کار بکات، چونکە ئەم بنکەیە هەر لە مهاباد هەیە.

*واتا زیاتر دامەزراوەیەکی ناوچەییە؟

– بەڵێ، ئەمما دەتوانێت بۆ کەسانێکی تری شارەکانی دەوروبەر هاوکاربێت، تا بەپێی بەڵگەنامەی ئەو لەوێ بۆ خۆیان کۆمەڵەیەکی هاوشێوە دروست بکەن.



نەسرین جەعفەری

*لەم روانگەیەوە، تاچەند ئەو ئەزموونە پەیرەوەوە شارو شوێنەکانی دیکەو رێکخراوی هاوشێوەی لێکەوتۆتەوە؟

– ئەم دامەزراوانە لە شارەکانی تریش بوونیان هەیە، بەڵام بە شێوەی ئێمە نییە، بۆ نموونە کەوسەر لە بۆکان، هەروەها لە سەقزیش هەیە، کە هەموویان ناحکومین، بەڵام تابعی ئەو نیینو لە رووی ئامانج جیاوازییان هەیە، رێکخراوی ئێمە بە ئامانجی خێرخوازی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی دەستی پێکردووە، وا بزانم تا ئێرەش توانیویەتی چالاك بێت.

*ئەوچالاکییانە چین، کە لە چوارچێوەی ئەم رێکخراوەدا ئەنجامی دەدەن؟

– لە زۆر بوارەوە، بەتایبەتی پشتگیریو هاوکاری کردنی ئەو کچانەی کە قوتابی زانکۆن، یاخود یارمەتیدانی ئەو ژنانەی کە مێردیان نییە، کاریان نییە، هاوکاریان دەکەین.. وێڕای نواندنی چالاکی دیکەی رۆشنبیریو فەرهەنگیو هاندانی کچانی خاوەن بەهرە.

*ئەم رێکخراوە تا چەند دەچێتە ناو پرسو کێشە تایبەتییەکانی ژن، ئاخۆ کاتێك ژنێك تووشی گرفتێکی کۆمەڵایەتی دەبێت، پەنا بۆ لای ئێوە دێنێت؟



یان لەبەرامبەر دیاردەی خۆسووتاندنی ئافرەتان و کۆمەڵێك کێشەگەلی دیکەی کۆمەڵایەتی ئێوە چ ڕۆڵێك دەبینن؟

– لە وڵاتی ئێمە بەپێی ئەو یاسایەی هەیە، ژنان ئەو توانایەیان نییە ڕۆڵێکی دیاریان هەبێ، ئەمما بە شێوەی پرس و ڕا گۆڕینەوەو ڕێنمایی کردن هاوکاری دەکرێن، بەتایبەت ئەو کاتەی گرفتی یاساییان هەیەو پیاو زوڵمیان لێ دەکات. جگە لەمە دەوراتی فەرهەنگیمان هەیە، بەشێکی دامەزراوەکەش تایبەتە بە پەیداکردنی کار بۆ ئافرەتان و لەسەر ئەوە رایان دێنێ، بتوانن بۆ خۆیان بژێوی ژیان دابین بکەن، بەڵام لە بواری داکۆکی کردن ئەو توانایەی نییە، هەموو هەوڵەکان لە چوارچێوەی ڕێنمایی دەرناچن.

*** بە شێوەیەکی گشتی ژنانی مەهاباد لە چوارچێوەی بزاڤی ئەدەبی و فەرهەنگیی و کاری ڕێکخراوەییدا تا چەند ئامادەییان هەیە؟**

– ژنی چالاك لە بواری ئەدەبی و فەرهەنگی لە تەواوی کوردستان وەك پێویست نابینم، هۆیەکەی هەرچی بێ پەیوەندی بە بنەماڵەو کۆمەڵگاوە هەیە، تا ئێستا ئەو کولتوورە پێك نەهاتووە تا وەك پێویست لەو بوارە کارا بن.

***لەم ساڵانەی دوایدا، هەست دەکرێت کۆمەڵێك قەڵەمی ژنان بە تایبەت لە بواری ئەدەبیدا بەسەر رووپەڕی گۆڤارو رۆژنامەکان ئامادەییان هەیە، ئەم جموجۆڵە چۆن دەبینیت؟**

– بێگومان رەوشەکە لەجاران باشترە، رەنگە جاران یەك دووانێك بووبن، وەلێ ئێستا دەیانن، کە جێگای دڵخۆشییە، بەڵام بۆ خۆم لێی رازی نیم و هەست دەکەم، وەك پێویست کاری بۆ نەکراوە.

***ئەی تاچەند ژنان لە دووتوویی بزووتنەوەی هونەری خۆیان بینیوەتەوە، ئایا لەم رووەوە زانکۆ رۆڵی لە دروستبوون و پێگەیاندنیان نەگێڕاوە؟**

– لە بواری هونەرییەوە بەشدارییەکی ئەوتۆیان نییە، نەیانتوانیوە دەرکەون، بەڵام لە رووی پەروەردەو خوێندنەوە پلەیان زۆر بەرزبۆتەوە، جاران ڕێژەیان لە 41٪ دابوو، هەرچی ئێستایە 64٪ ی کچان لە زانکۆ دەخوێنن، ئەمەش جێی ئومێدە، بەڵام لە بواری هونەری هەست دەکەم لەدواوەن.

***کە دەڵێیت هەنگاوەکانی ژن لە رووی خوێندن چووەتە پێشەوە، ئاخۆ فەزڵەکەی بۆ خودی ژنان دەگەڕێتەوە، یان لەلایەن پیاوەوە هان دەدرێن؟**

_ لێرە شێوەی ژیان گۆڕاوە، ئێستا لە کۆمەڵگادا پیاو ناتوانێ بە تەنیا ژیان هەڵسوڕێنێ، ژنەکانی ئێمە چوونەتە بەر خوێندن، بۆ ئەوەی ببنە هاوڕێیەك بۆ پیاوەکانیان و لە هەموو بوارەکانەوە دەوریان هەبێ، خۆشبەختانە ئەمە وا کەوتۆتەوەو ئافرەتی کورد لەم بوارە جێ دەستی دیارە.

*** بەگشتی تا چەند دەرگاکان بەڕووی ئافرەت کراونەتەوە، بە مانایەکی دیکە تا چەند لێرە ئازادی بۆ ژن فەراهەم کراوە؟**

– لە کارکردن ئازادی بۆ ژنان هەیە، بەڵام لە بواری بەڕێوەبردنی ئیدارە ئەم مافەی پێنەدراوە، رەنگە لە هەموو مهاباد بگەڕێین یەك دانە ئافرەتی بەڕێوەبەر نەبینی، هەرچەند لە تەواوی ئێران ڕێژەی بەڕێوەبەری ژن زۆر لەخوارەوەیە، پیاو هەمیشە لە خوارتر سەیری ژن دەکات.

*** کە نابێتە بەڕێوەبەر، ئاخۆ ئەمەش بەشێکە لە چەوسانەوەی ژن؟**

– ئەمە شتێکی ئاشکرایە، زاڵبوونی روانگەیەکی پیاوسالارانەیە بەسەر کۆمەڵگادا، بەدڵنیاییەوە ژنان دەچەوسێنەوەو لە بواری کارکردن دەسەڵاتیان لێ دەسەندرێتەوەو زیاتر بواری بەردەستییان پێدراوە.

***ژنانی هەڵسوڕاوی مهاباد تا چەند توانیویانە پردێك لەگەڵ ژنانی چالاکی شارەکانی دیکە دروست بکەن، بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لێبکەوێتەوە؟**

– لەم رووەوە پەیوەندییەك لە ئارادا نییە، من پێم وایە دەبێ پەیوەندی ناوخۆیان زیاتر بکەن، چونکێ لە هەریەك لە شارو بەشەکانی کوردستان، بۆ پێشکەوتن هەوڵ بدەن شتێك بە شتێك دەگات، هەرچەندە ئەم هەوڵە زۆر لاوازە، دەبێ هەماهەنگی ژنان هەبێ، هەموومان دەزانین ژن زوڵمی لێدەکرێت، کە ژنیش زوڵمی لەسەر بوو، یەکسانی نابێت، کە یەکسانی کۆمەڵگاش نەبێ، نە ژن دەتوانێ بە کوێ بگات، نە پیاویش، بۆیە بوونی پەیوەندیی و پێشخستنی بزووتنەوەی ژنان بۆ هەردوو لا پێویستە.

*** نووسەرو رۆشنبیرانی مهاباد و شارەکانی دیکە، تا چەند هاوکاری بزووتنەوەی ژنان دەکەن و پشتوانی لە ماف و داخوازییەکانتان دەکەن؟**

– بەو شێوەیەی کە خۆم دەبینم تاڕادەیەك باشن، کە من لە گۆڤاری مهاباد کاردەکەم کاتێك بابەتی ژنان دێت، یان راگەیەنراوێکی ژنان دێت، پێشوازی لێ دەکرێ، یان ئێمە کە گۆڤاری ژین دەردەکەین هەم پیاو یارمەتیمان دەدات هەم ئافرەت، هەست دەکەم هەنگاو هەنگاو پێگەی دەگرێت.

# پشووێك لە هەورازی تەمەندا..

نوری بێخاڵی

«گەرەکمە بیانوویەک بدۆزمەوە تاکو لە ژیاندا بەردەوام بم، بۆ ئەوەی رۆژانە بەرگەی ئەو دیمەنە تۆقێنەرانەی نەخۆشیو دزێویو ستەمو مەرگ بگرم...»

کازانتزاکی

**بوون** و نەبوون.. تەمەن و ئەجەل.. ژیان و مەرگ.. جاویدانی و فەنابوون، پرسیاری بەردەوام و هەمیشە بێ وەڵامی ئێمەن، ئێمەیەکی مەست لە هیلاکی و ناسۆر.. پڕ لە خەون و ئازار.. تژی لە سەرسامی و گومان.. لێوڕێژ لە خەم و برین. ئێمەیەك، تەمەنمان بەتەنها وەرزێکەوە بەڕێکرد و لە رەنگەکانی سروشت چێژمان وەرنەگرت و وەرزەکان تێکەڵی یادەوەریمان نەبوون.. ئێمەیەك سەراپای تەمەن و ژیانمان کوتلەیەك بوو لە وەرزی وەرین، نە گەڕی سەر لەنوێ چرۆ کردنەوەمان بینیو نە خولی وەرزەکانیش بردینیەوە سەر سفرەی بەهار، بۆیە سەیر نییە، کە هەر لە منداڵییەوە هەناسەبڕکێ و راکەڕاکەی دوای گرتنی پەپوولەمان بوو، تا تێر بۆن بە هەناسەکانیەوە بکەین، پەپوولەیەك بەو تەمەنە کورتەیەوە ژیانی لێوانلێو بوو لە بۆن و بەرامە و شیلە و عیشق و مەستبوون.. بۆیەشە جێی سەرسوڕمان نییە، کە لە نائاگایی و بەبێ دەستی خۆمان، هەر کاتێ گوێبیستی چریکەی (کەریم کابان) دەبین، لەگەڵیدا خۆزگە دەخوازین و هەناسەی ناکامی دەدەینەوە و بە ئەسپایی و لە ناوەوەماندا وەکو ئەو و بەدوای ئەودا دەڵێینەوە:

**خۆزگە منیش وەك پەپوولە گشت تەمەنم وەرزێك بوایە**
**دوور لە خەمو تاڵی ژیان تەنها گوڵم بناسیایە**

ئەوە بە تەنها (پایزە تەمەن)ی ژیانمان نییە، کە زێدەتر لە نهێنی وەرزی گەڵاڕێزان حاڵیمان دەکات.. ئەوە بەدەم پیرییەوە چوون و چەمانەوەی پشت و کزبوونی دیدەمان نییە، کە تەلیسمی وەرزی پایزمان بۆ دەکاتەوە، ئاخر ئێمەیەك کە تەمەنمان بە پایزەوە دەستی پێکردو بە پایزیش ماڵئاوایمان لە ژیان کرد و دەکەین، ئیدی لەوە زیاتر پێویستیمان بە تەفسیری رەنگ زەردی و گەلاڕێزان نییە، خۆزگەیەکیش کە بیخوازین بەو ئومێدەی لە سفرەوە دەست پێبکەینەوە، تەنها بۆ ئەوەمانە جوانتر و شیاوتر بیبینەوە نێو پرۆسەی زیندەگی و شایستەترو خەڵکی ئاسا، چێژ لە ماناکانی بوون و ژیان وەربگرین، یان



خدر جۆلا،کوڕەکەی لە مانگی هەنگوینیدا ئەنفالکرا.. ئەمڕۆش ئەو، نانی دەستی خۆی دەخوات !!



حەمە حەمید، پێشمەرگەی دێرین، بەدەم فرۆشتنی بادەم و مێوژەوە

(کازانتزاکی) گوتەنی ((تاکو توانای سەر راوەشاندنم بۆ هاوڕێیانم هەبێت و بەر لەوەی بمرم، سڵاویان لێبکەم و دەستی تەوقەیان بۆ درێژ بکەمەوە..)).

لە دەستمان نایە، ئەگینا هەر یەکێکمان بەوپەڕی تواناوە، تاو دەدەینە کاتژمێری مەچەك و سەر دیوارەکانمان و میلەکانیان رادەگرین، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت، بتوانین زەمەن لە جووڵەی بەردەوام و بێ پچڕانەوە بوەستێنین، دڵنیاشم بۆ ئەوە نا، تاکو بگەڕێینەوە پیاسەیەك بەڕاڕەوەکانی دوێنێدا بکەین و سەرێك لە ماڵی یادەوەرییە بریندارەکانمان بدەین! نەخێر، بۆ ئەوەی بتوانین لە باوەشی زەمەنی وەستاودا و لە پشووێکی سەرمەستانەی نێو هەورازی تەمەندا، کە لە راستیدا لێژی و خلۆر بوونەوەیە، سیحری بە(با) چوونی ئەو لەحزانە بدۆزینەوە و نهێنی بێ سوود و پڕ ناسۆر و گوزەرکردنی ئەو چرکە ساتانەی تەمەنمان ئاشکرا بکەین، کە لە دەسپێکی بوونمان فرچکی مەرگ و وەرینی نۆش کردین و هەر بە کۆرپەییەوە پیری کردین، تا دواجار بکارین بە ئومێدێکی نوێ و بە هەناسەیەکی پڕ ژیان و ژیانێکی تژی جووڵە و بەخشش، بەدەم تەمەندا تێهەڵچینەوە.. بەڵێ دڵنیام خۆزگە و حەسرەتەکانمان بۆ ئەوەن، نەك بۆ گەڕانەوە بۆ وێستگە ناکامەکانی تەمەن و یادەوەرییە پڕ سفتو سوێکان، چونکە لەو گەڕانەوەیەماندا جگە لە ناسۆر و نامۆیی و وەرزی وەرین، شتێکی تر دروێنە ناکەین، (هەردی) مەزن گوتەنی:

**بەسەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گە نجی وەستاوم!**
**شریتی عومری رابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم**
**شریتی چی؟ سەرا پا سەرگوروشتەی نائومێدیمە**
**فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە**

گەڕانەوەیەك جگە لە لێوکرۆشتن و ئەسەف خواردن و دۆش دامان، شتێکی ترمان ناخاتەوە یاد، فیلمێك کە گرتەکانی پڕن لە لوڕەی ڕەشەبا و وشکبوونی قەدو وەرینی گەڵا، فیلمێك تەنها سەربوردە و حیکایەتی نەهامەتییەکان و رەنگی زەرد و غوبار و هەوری رەش و با و بۆرانمان بۆ دەگێڕیتەوە و پڕمان دەکات لە سڕبوون و لە پایز زیاتر، وەرزێکی دیکەی ژیان

## تەمەنی ئێمە بە پایزەوە دەستی پێکرد، بە پایزیش ماڵئاوایی لە ژیان دەکەین.. لەوەش زیاتر پێویستیمان بە تەفسیری رەنگ زەردی و گەڵاڕێزان نییە

**ئەیلولی**

**2006**



ئەوانەی چاوەڕوانی کۆچی بیابان، دیدەی کز کردن و مەئوایەکیش بۆ حەوانەوە شک نابەن !!

ئاشنامان ناکاتەوە.. چونکە:

**بەڵێ، ئێستا ئەوی جێ ماوە بۆ من، یادگارێکە..!**

**بەسەرهاتی دڵی وردو بەسەرچوونی بەهارێکە..!**

وێنەکانی نێو ئەم نووسینە خەیاڵ نین، هاوکات بە تەنها بەرهەمی سەر لەنوێ تەوزیفکردنەوەی ئەندێشە و هزر و روانینی ئەوانە نییە، کە لە پێشەکیەکەدا ناویان هاتووە، بەڵکو ئەوانەی ئێستا باسیان دەکەین، وێنەی راستەقینە و بەرجەستەی نێو هەناوی کۆمەڵگای ئێمەن، بەرهەمی کورتە پیاسەیەکی زۆر کورتی کووچە بێنازەکانی ئەم نیشتمانە خەمناکەن، زادەی ئەو دیمەنە پڕ بەرائەت و سادە و ماندووانەی مرۆڤگەلێکن، کە جەوری رۆژگار و ستەمی بێدادی و ئاوابوونی خۆری ویژدان، ناچار بە ژیانێکی سەختی کردوون.. زۆر لەوانە ئێستاش تۆزی سەنگەر و عەرەقی شاخ و رۆژانی بەرگری بە سیمایانەوە دیارە، زۆریشیان تا ئەو لەحزەیەش شوێنی کۆت و کەلەپچە و قامچی و تاریکی زیندانەکان، لە رووخسار و جەستەیاندا دەخوێنرێتەوە، هەندێکیشیان تا ئەمڕۆش لە هەناسەی سارد و نیگای ئاوتێزاو و قورگی نووساویان، سەدای رۆڵەشەهید و جگەرگۆشە بێسەروشوێن و ئەنفالکراوەکانیان دەبیسترێ..

پیرگەلێکی ئەم وڵاتە کۆست کەتووە، جگە لەوەی پاییزی تەمەن شەکەتی کردوون و خەمی ژیان بڕستی لێبڕیوون، بەڵام لە سایەی (عیزەتی نەفس)و جوامێری و بڕوا بەخۆبوونیان، لەگەڵ پیری و کەنەفتی، وێڕای هەناسە سواری و بەسالاچوون، دەستیان بە گۆچانی مەردانەی ژیان گرتووە و مەردانە رێ دەکەن.. مەردانە دەژین — مەردانە دەدوێن— مەردانە و بەزمانی ئاماژە، بەگژ بێدادی و نایەکسانی و گەندەڵی و نابەرابەریدا دەچنەوە، ئەوان زمانێکی جیاواز لە هەموومانیان هەیە بۆ تورەیی و ناڕەزایی، ئەوان کە سواڵکەرانە لە دەرگای خواپێداوێکی حازر خۆری بەر سێبەر نادەن، کە بێشەرمانە لە قاپی لووتبەرزی گەندە بەرپرسێك ناپاڕێنەوە، کە سەر ناکەن بەدیوەخانی بکوژانی دوێنێی ئازادی و پاڵەوانانی ئەمڕۆی دیموکراسی، ئەوان کە سەرچۆپی گاڵتەجاڕی بەشینەوەی شاباشی دەسکەوتەکانی خوێنی رۆڵەکانیان ناگرن، کە لەبەردەم ئاوێنەی ویژدان و مێژووی نەتەوەکەیان روو سوور و تازە خونچەی شکۆفە کردوون، نەفس بەرزانە پێویستیان بە ئاوێنەی چەند رووی دەسەلاّت نییە، تا بە لۆچی روخسار و چرچی پێستیان بترێقێتەوە.. ئەوان چۆن دوێنێ سەربەرز ژیان، ئەمڕۆش جوامێرانە بەگژ رەشەبای گرانی و نەداری و بێ مەئوایی و لە بێ خەبەران کەشکەك سەلاّواتی بازاڕی سیاسەتی کوریدا دەچنەوە.. ئەوان ئەو پیرەمێردو بەسالاچوو و پایزەتەمەنانەن، کە هەریەکەیان بەدەم کارێکەوە ژیان دەگوزەرێنن.. یەکێك کۆڵکێشی،

**لە سایەی عیزەتی نەفس و جوامێری و بڕوا بەخۆبوونیان، لەگەڵ پیری و کەنەفتی، وێڕای هەناسە سواری و بەسالاچوون، دەستیان بە گۆچانی مەردانەی ژیان گرتووە و مەردانە رێ دەکەن.. مەردانە دەژین ، مەردانە دەدوێن**

ئەیلولی
2006



کەس بە قەد ئێمە لە مانای پیری‌و وەرزی گەڵاڕێزان ناگات

ئەویتر بەدیار قەرتارەیەك ترێ و سندوقێك تەماتە، ئەوی دیكە بەدەم گێڕانی سینیەك بنێشتی كوردی، یەكێكی تر بەدیار رستێ تەسبیح و چەپكێ دارجگەرە، یەكێكیان لەبەرامبەر دەستێك مووس و چەند بسكویتێكی ئێكسپایەر، ئەمیان بەسەر مەچەكیەوە چەند جووتێ گۆرەوی، ئەویان چەند دانەیەك گۆچانی بەلالوك و سەبەتەیەك قەزوان، نمایش دەكات... هتد.

باوەڕتان بێ فریای ناوبردن ناكەوم، ئاخر ئەوان لە ژمارە نایەن، دەكرێ لە وێنەكانیاندا، كە مشتی خەروارێكن، لە روخسار و سیمایاندا مانا و نهێنییەكان بدۆزنەوە، لە وێنەكانیاندا كە پڕن لە سادەیی و بەرائەت و نەفس بەرزی، چیرۆكی ژیان و سەربوردەی سكاڵاكانیان بخوێنینەوە.. دەكرێ لە دیمەنی ئەو شوێنانەی تیایاندا دانیشتوون و گوزەردەكەن و بەدوای ژیانێكی شەڕافەتمەندانە و نانێكی مەردانەدا وێڵن، لە كەنار شەقامەكان كە تۆزی مۆنیكا علوجەكان دەچێ بە لووتیانەوە، لەسەر شۆستەكان كە بابایەكانی ئازادی و دیموكراسی و مەدەنیەت، لەبەر لووتبەرزیان زۆرجار پێ دەنێن بە وردەواڵەكانیان، لەبن گوێسوانەی دوكانی بازاڕەكاندا، كە لەبەرامبەریان تریقانەوەی بازرگانان گوێی ئاسمان كەڕ دەكات، لە سووچی كوڵانێكی لاتەریكی گەڕەكێكی بێنازدا، كە منالە چەقاوەسوەكان (250) دیناریان بە (500)دینار لە بەرامبەر شتێكدا پێدەدەن، لەو شوێنكاتانەدا باشتر پەی بە برینداریی یادەوەری و ڕووشاندنی بەهای مرۆییانەیان ببەن...

ناوەكان زۆرن.. مرۆگەلێكن لە ژمارە نایەن، بە سیمای جیا و بە تەمەنی جیا و بەرگی جیا و خەمی جیاجیاوە دەردەكەون، بەڵام هەموویان بە ویقاڕ و لە روخسارياندا جوامێری دەخوێنرێتەوە، دەكرێ بێ ئەوەی لە ژێر وێنەكانیان ئاماژە بەناوەكانیان بدەین و چیرۆكی ژیان و سەربوردەكانیان بگێڕینەوە، هەر بە سیما بیانناسینەوە، ئەوانەیش كە لە گوێی گادا خەتوون و لە كەرنەڤاڵ و زەماوەندەكاندا و لە بەردەمی مایك و سەر شاشەكاندا شاباشی قەرزداری خۆیان، بەرامبەر ماندووبوونی پێشمەرگە و جەربەزەیی و خۆڕاگری زیندانییەك و ئازایەتی و خوێنی شەهید و گۆڕغەریبی ئەنفالكراوێك بەسەر خەڵكدا لێدەدەن، دەتوانن ئەدرەسی ئەو مرۆڤە مەزن و سادە و بەمروەتانە بدۆزنەوە، كە چیرۆكی ژیانیان بۆنی تۆز و هیلاكی و ماندووبوون و شەونخوونی و خوێن و جگەرسووتاوی لێدێت.

ئەوان بەو پاییزەی تەمەنیانەوە، بە توێشوو و هەگبەی بیرەوەریی پڕ سفت و سوێیان، بە جەستەی شەكەت و چاوی خەواڵوو و دەستی زبریان، بە هیلاكی رۆژانە و بێداریی شەوانەیان بەدەست خەمەكانی رۆژگار، هێشتا هیوابڕاو و بێهوودە و بێئومێد نیین، بەڵام ئەسەف لەوەی كە دۆستی هەمیشەیی كارن، راستە كار سەرچاوەی ژیانە، راستە ئەوان پیاوی سواڵ و پەڕانەوە و نزا نین، بەڵام ئەوە چ ویژدانێكی مردووە بیر لە حیكمەتی كاركردنی ئەوان ناكاتەوە و سۆراخی دەردەدڵ و سكاڵاكانیان ناكات و بە زمانی (كازانتزاكی) ناداتە بەرخۆیی و لێیان بپرسێ: (( **لەكام وەرزی خولی رەزدا، بەخت بۆ كاركردنی هێنایت؟ لە وەرزی هەڵگەڵندندا، یا وەرزی هێشوو رنینەوە؟** )).

ئەوان كە سەرلەبەری تەمەنیان ناسۆریی و فرمێسك و غوربەتی ئازیزان و راكەڕاكە بوو، ئێستاش كاری ژیان هێور هێور جەستەیان دەهاڕێ و سووچێك، كەسێك شك نابەن باوەش بۆ هیلاكییان بكاتەوە، تا سەرخەوێكی ئاسوودەیی تێدا بشكێنن و پشوویەكی دوای ماندووبوون لە نسییەكدا بدەن، كە میلی بیرەوەرییەكانیشیان دەگەڕێنینەوە قۆناخە گوزەركردووەكانی تەمەن و وێستگە تاڵەكانی ژیان، ئاساییە لەگەڵ (كابان)دا، مەئیوسانە لە بەرامبەر دوێنێیەكی بریندارو ئەمڕۆیەكی شەكەتدا بچریكێنن و بڵێن:

**ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم، ئەڕۆی ئاور نادەیتەوە**
**لەگەڵ هەموو هەنگاوێكتا، لە عومری من دەسڕیتەوە**

**ئەیلولی**

**2006**

# پیری...
# خەمێك لەو سەری ڕێگا !



حوسێن مستەفا

**پیریی**، قۆناغێكی دیاری تەمەن‌و گۆڕانێكی فسیۆلۆجی پێكهاتەی تەنی مرۆڤ و زیندەوەرەكانە، ئەگەر پیریی لە مرۆڤدا وەربگرین‌و وا ڕێبكەوێ لە تەمەنێكی زوودا كۆتایی بەژیاندا نەهاتبێ، ئەوا خۆش‌و ناخۆش خۆی لەناو ئەو قۆناغەدا دەبینێتەوە، لە تەمەنی پیریی هەندێ خەسڵەت‌و دەركەوتەی فسیۆلۆجی، لە جەستەو ڕوخسارو هۆرمۆنات‌و هزرو ناخی كەسەكەدا دەردەكەون، كە لە قۆناغەكانی پێش خۆیدا تەنها لە كەسانی دیدا دیون‌و ئەم وەك خۆی هەستی پێنەكردوون، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە گۆڕانە فسیۆلۆجیەكەی تەن‌و جەستەی دەرەوەو ناوەوەی كەسەكە نییە، بەڵكو كارلێكی كۆمەڵایەتی تاكەكانی خێزان‌و كۆمەڵگایە سەبارەت بە كەسە پیرەكە، جا ئەو پیرە، كەسی هەرەنزیك یاخود هاوڵاتییەكی دیكەی كۆمەڵگاكە بێت.

كەسە پیرەكە، چ دایك‌و باوك، چ هەر هاوڵاتییەكی دیكە، لە تێپەڕكردنی قۆناغەكانی تەمەنیدا مرۆڤێكی كاراو بەخشندەو پەروەردكاری نێو خێزان‌و كۆمەڵگا بووە، بۆ پێگەیاندنی نەوەو هەڵسوڕاندنی كاروباری میریی‌و ئاواكردنی نیشتماندا ئەرك‌و زەحمەتی كێشاوەو خوێن‌و ئارەقەی ڕشتووە.

بۆیە لەو تەمەنەی پیریەتیەیدا، كە دوا قۆناغی ژیانەو لەسەر لێواری مردندا ئومێدێكی بە گەڕانەوە بۆ دواوە نییە، چاوی خۆزگەو داوای، لە لوتف‌و بەزەیی‌و ڕێزی نەوەكان‌و دامەزراوە حكومی‌و ناحكومیەكانە، كە نازی بكێشن‌و خەمێك لە خەمە گەورەكانی بخۆن، كەشێكی ئارام‌و لەبار بۆ ئەوو بۆ هاوشێوەكانی فەراهەم بكەن، چارەسەریی نەخۆشییە جەستەیی‌و دەروونیەكانی بكەن، ڕێزو خۆشەویستی‌و بەزەیی دەرهەقدا بنوێنرێ، داخوازیەكانی كە زۆر سادەو ساكارن جێبەجێ بكرێن‌و پشتگوێ‌و پەراوێزو ڕووشكێن نەكرێ‌و دەنگی بەسەردا بڵند نەكرێ‌و منەتی بەسەردا نەكرێ، چونكە ڕەوا نییە قەرزدار منەت بەسەر خاوەن قەرزدا بكات.

ئەگەر جارجارە، یان ساڵانێكی درێژیش كەوتە نێو جێگا، ئەوەندەی دەكرێ‌و دەگونجێ و پێویستە دەبێ چارەسەریی بۆ بكرێ، تاوانە ئەگەر بێ سەرپەرشت‌و بێ نەوا بەقەدەر بسپێردرێ، پێویستە ناوە ناوە سەروەریی‌و بیرەوەرییە خۆشەكانی لەگەڵدا باس بكرێنەوە، تا هەست بە شانازی‌و دڵنەوایی بكات، ئەگەر كەمتەرخەمییەكیشی بووبێ، لەو دوادواییانەی تەمەندا بە ڕوویدا نەدرێتەوەو لێی نەگیرێ.

دەبێ ئەوە بزانین، لەگەڵ هاتنەپێشی هەر نەوەیەكی نوێ، گۆڕان‌و پێشهات‌و دیاردەی نوێ دێنە وجود، كە هەندێكیان ئەرێنی‌و هەندێكیشیان نەرێنیین، ئەرێنیەكانی لەگەڵ پێشكەوتنی كۆمەڵگا و تێپەڕبوونی زەمەن هاوتەریب دەڕۆن، نەرێنیەكانیش بە ئاقاری چەقبەستن‌و دواخستنی كۆمەڵگا دەردەكەون، لەگەڵ هەر پیربوونێكی مرۆڤەكانیشدا، زەمەنێك پیر دەبێ‌و چەندین تێڕوانین‌و دەرهاوێشتە پیر دەبن، دەكرێ نەوەی نوێ دەسبەرداری ئەوانەی بێ، كە لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێشكەوتندا دەرناكەن، هەندێكیشیان وەك سەرمەشق‌و بنەمای ژیانێكی ڕاستەڕێ هەڵبهێنجێندرێن‌و بەپێی خواست‌و پێشكەوتنی زەمەن‌و كایەكان، تێزو بیری نوێیان بخرێتەسەر، تا مرۆڤ بە گۆڕانی زەمەن لە سروشتی مرۆڤبوونی خۆی دەرنەچێ.

نەوەكان دەبێ بزانن، كە دوێنێ باوانە پیرەكانیان، وەك ئەمڕۆی ئەوان لەشساغ‌و خورت بوونەو سبەی ئەوانیش پیر دەبن‌و تەمەنی جوانییان بەسەر دەچێ، ئەو تەمەنەی پڕ بوو لە كەشخەیی‌و توانا، وەك بەری درەختێكی گەییو دەكەوێ‌و دەڕزێ، جا بۆ ئەوەی نەوەی نوێ دڵنیابێ لە سبەی پیریی‌و كەنەفتەییدا وەچەكانی ئەم، بە فریای دەكەون‌و كورد گوتەنی لەسەر دەستان ڕایدەگرن، دەبێ ئەمڕۆ ئەم دەستپێشخەرو بەرپرسانە لە ئاست گەورەیی‌و بەخشندەیی پیرەكانی نێو خێزان‌و كۆمەڵگا خزمەتكارو گیانبەخش‌و دڵنەواكار بێ، لە بیریشمان نەچێ بەرپرسیارە ڕەوشتیی‌و دینیی‌و مرۆڤایەتییەكەش هەروامان لێدەخوازێ.

husein_mstafa@yahoo.com

# ڕاهاتن، وەك فاكتەرێكی حەڵاڵ كردن

## كۆمەڵگای كوردەواری وەك نموونە

لێتوێژینەوەی:
ستار باقی كەریم

**شتێك** نیە لە سەر ئەو زەمینە ناوی ئازادی ڕەها و حەڵاڵ و حەرامی تا سەر بێت، ئەوەیان بە چاوپۆشین لە گوتەزا و نوسراوی دەقە ئایینیەكان و پیاوەكانیانەوە، چونكە هەر ئایینەو بگرە پیاوێكی ئایینیش، بە پشت بەستن بە تێكستە ئاینییەكان، كۆمەڵێك شت حەڵاڵ دەكات و ئەوانیتریش حەرام.

بێگومان لە میانی ئەو پرۆسە مێژوییە دووروودرێژانەی، كە هەر كۆمەڵگەیەك پیایدا تێپەڕیوە، ئەوە جۆرەها ( زیندەوەر یا پەلەوەر یا ئاژەڵ ...) لە سەردەمێك لە سەردەمەكاندا خوراون و پاشان حەرام كراون. بۆ نموونە لەلای گا پەرستەكانی هندستان، خواردنی گۆشتی گا حەرامە و لەلای موسڵمانانیش خواردنی بەراز و...) كەچی لەلای مەسیحیەكان تەواو بە پێچەوانەوە. جا كاتێ گوێمان لە وتاری پیاوانی ئایینی موسڵمان دەبێت، جاران ئاوا ڕێنمایی خەڵكیان دەكرد، كە دەبێ دەمی پەلەوەر بكرێتە قیبلە و ئینجا ناوی خوای لێبهێنرێت، بێگومان ئەوەیان دەقاو دەق بۆ ئەو سەردەم دروست بوو، كە خەڵكی خۆیان پەلەوەریان ماڵی دەكردو دەیانخوارد، هەرخۆشیان بە ئەركی پاككردنەوە و سەربڕینی هەڵدەستان، بەڵام ئێستا هەموو ئەو (باوەڕ و بێ باوەڕییە) گومانیان تێكەوتووە، یاخود بگرە لاواز بوونە. كارل ماركس پێی وابوو(پێویستی دایكی داهێنانە)، دوای ئەوەی لەم ماوەیەی دوایی، نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە بوو بە پەتایەك و جیهانی تەنی، پەلەوەری زیندوو یاساغ كرا، بەڵام مانای وانیە خواردنی یاساغ كرا، بەڵكو بۆ ئەوەیان ڕێ وشوێنی یاسایی و تەندروست گیرانە بەر، واتە چەند كوشتارگەیەك خۆیان ڕۆڵی سەربڕین و كردنە دەمی ئاژەڵیان بۆ قیبلە گرتە ئەستۆ. جا ئایا ئەوەیان لەسەر ڕێ وشوێنی ئیسلامە یان نا، ئەوەشیان تەنها دەستەواژەی (حلال بموجب الشریعە الاسلامیە)، ئەم كێشەیە یەكلایی دەكاتەوە. لە یادمە جاران دەیان گوت گۆشتی مریشكی بەرازیلی هاتووە، ئەوكات خەڵك وەك ئێستا نەبوو، بەڵكو كەمێك لە خەڵكە تێگەیشتووەكە دەیان خوارد و گوێیان بەڕاستی و دروستی ئەم دەستەواژەیە نەدەدا، بیریشیان لەوە نەدەكردەوە، كە ئاخۆ كەی دروستە كەسێك لە وڵاتێكی بیانی بێت و بە ئامێری نوێی ئەوكات سەری پەلەوەركە بڕێت و پاشان ئەو بیانیە زمانی ئەوەی لە كوێ بوو، ناوی خوای لێبهێنێت، یا تەنانەت ڕووی دەمی مریشكەكە بكاتە ڕووگە، بەڵام ئێستا كەس نازانێت ڕاستی و دروستی دەستەواژەكە چەندە، بەڵام ڕێژەی خواردنیشی پترە. لە بەرانبەردا مەلاكانی ئێمە بانگهێشتی ئەوە دەكەن، كە گۆشتی حەڵاڵ ئەو گۆشتەیە كە ڕوو لە ڕووگە و بە ناوی خودا سەر بڕدرابێت، كەچی بۆ ئەوەیان كاتی دەگەنە پرسی یەكلایی كردنەوە، دەڵێن جا گوناهی ئێمە چیە؟ خودا ئەو كەسە بگرێت و ئەویش گوناهبارە، كە بەم شێوە ئەم پەلەوەرەی سەربڕیوە. لێرەدا پێم باشە ئاماژە بۆ ئەوە بكەم، كە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بە ڕاشكاوانە باس لە ماسی وچۆنیەتی خواردنیشی نەكراوە، كەچی لەلای موسڵمانان زۆر بە ئاسانی و بێگوێدانە ڕێنماییە تایبەتیەكانی ئایینەكەیان پەنا دەبەنە بەرخواردنی، ئەوەشیان لە كاتێكدایە كە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، خواردنی گۆشتی مردوو یاساغ كراوە. كەواتە زۆر كات دەرەوەی ئەقڵی مرۆڤ تەحەككوم بە بڕیارەكانی مرۆڤ دەكات، جا بە هەرحاڵ ئەوەیان جۆرێكە لە ڕاهاتن، ڕاهاتنیش بە مانای بە ئەرشیف كردن و لاواز بوون و بگرە بەكار نەهێنانی كۆمەڵێك لەو پرنسیپانەی، كە ڕۆژانێك بوو ئێمە وەك سەروەرییەك لە ژیانی ڕۆژانەمان بەكارمان دەهێنا و ئەو كات شایستەی قسە لەسەر كردن نەبوون، بەڵام ئێستا نەك هەر ئەوە، بەڵكو كەوتوونەتە بەر شاڵاوی گۆڕان ولەناوچوون.

# زینده بەچاڵکردنی کچان لە سەدەی بیست و یەکدا



مەلا ملحم محەمەد ساڵح

**گیای**(ئۆلیاندر) بەشدارە لە ئەنجامدانی تاوان، تەنانەت دایکان پێویستیان بە کڕینی ژەهریش نییە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە گیایە لە زۆر ناوچەی (هیند) بە ئاسانی دەست دەکەوێت، بەتایبەتی لە (تامیل نادو) لەناوچەی(سالم)، کە هەندێ خێزان خۆیان لە کچەکانیان ڕزگار دەکەن، بەکورتی زیندە بەچاڵکردنی کچان تا ئێستا نەریتەو لە سەدەی بیست و یەکدا مومارەسە دەکرێت.

– بە هۆی تێکەڵ کردنی ئەم ژەهرە لەگەڵ شیری کچەکەدا خۆم لێی ڕزگار کرد، دەبوایە بیکوژم چونکە هیچ ڕێگاییێکی ترم نەبوو، بێجگە لەمەیان سێ منداڵی ترم هەیە، یەك کوڕ و دووکچ، پاشان دووگیان بووم و کچێکی تریشم بوو، ئەمجارەیان لە هۆش خۆم چووم، دایکی مێردەکەم بە دانانی پەڕۆییێکی تەڕ، بەسەر دەم و چاوی کچەکەوە کچەکەی کوشت، لێم پرسی بۆچی وات کرد؟ گووتی: بەسە تۆ دووکچی دیکەت هەیە.

پاشان مێردەکەم ژنێکی تری هێناو پرسیاری ئەم ڕووداوەی لێ نەکردم، ئێستاش بەرامبەر بە(40) روبیە، ڕۆژانە لەناو کێڵگە کاردەکەم، بۆ ئەوەی خواردنی(5) منداڵەکەم دابین بکەم، منیش خۆم ڕاگرتووەو بەسەر خۆمدا ناهێنم، چونکە مێردەکەم منی بەجێ هێشتووە، ئەوەی کە بەدەستیشی دێنم بەشی خواردنی خۆم و منداڵەکانم ناکات. دوای ئەوەی وازی لێ هێنام و بەجێی هێشتم، ویستم کچێکم بکوژم، ئەویش بە تێکەڵ کردنی ژەهر لەگەڵ شیردا، بەڵام خۆشبەختانە نەمرد.

– دایکی ژنەکە، دانی نا بەکوشتنی کچە شیرەخۆرەکەی کچی، ئەویش بۆ ڕزگارکردنی کچەکەی کە دایکی چەند منداڵەو دەڵێت: هێشتا منداڵ بووم کە مێردم کرد، ئێستا سێ کچ و کوڕێکم هەیە، هەموو کچەکانم لە گوندێکی نزیك خۆمان مێردیان کردووە، هەمووومان کاردەکەین بۆ بەدەست هێنانی کرێی ڕۆژانە، تاوەکو پێی بژین، چونکە هیچ سامان و دارایییێکمان نییە، ئەگەر کار نەکەین هیچمان نابێت بیخۆین، ئا لەم بارودۆخەدا یەکێك لە کچەکانم کە دوو کچی هەبوو، دووگیان بوو هاتە ماڵمان، مێردی کچەکەشم لەوەتەی کچەکەم دووکچی ببوو، هەمیشە ئازاری ئەداو پێی گوتبوو: ئەگەر منداڵی سێیەمت کچ بوو، لای دایکت بمێنەوەو نەهێیەوە بۆ ماڵەکەم، یانیش مارەیی کچەکە ئامادە بکە و بۆم بنێرە، کچەکەشم یەکسەر هاتە ماڵمان تا منداڵە نوێکەی دەبێت، کە منداڵیشی بوو بینیمان ئەویش هەر کچە، جا لەبەر ئەوەی هیچ سامان و دارایییێکمان نەبوو، بیرمان لە کوشتنی کردەوە، بۆ ئەوەی لانی کەم کچەکەم بتوانێ لای مێردەکەی بمێنێتەوە، بۆیە ژەهری گیام تێکەڵ بە شیر کردو دەرخواردی منداڵەکەمداو کوشتم...

– من ئێستا سێ کچم هەیە، ویستم کچە شیرەخۆرەکەش بهێڵمەوە، بەڵام ئەوانەی دەوروبەرم گووتیان: تۆ سێ کچت هەیە، بۆچی یەکێکی تریشت دەوێت؟ بۆیە من و دایکی مێردەکەم ژەهرمان دایێ و کوشتمان.

(شاکونتالا دیفی) کە چالاکە لە بواری مافەکانی مرۆڤ، دەڵێت: کوشتنی منداڵی مێینە گەورەترین تاوانە لەدژی مرۆڤایەتی، هیچ سزایەك نییە ڕێگای ئەم کردارە لە باوکان بگرێت، ئەمەیان زیانێکی کۆمەڵایەتیە و بەناشیرینترین تاوان دەژمێردرێ، هەندێ کەس بڕوای وایە، کە ئەو دایکانە پاساویان هەیە بۆ کوشتنی منداڵەکانیان، چونکە سامان و دەرامەتێکی وایان نییە پێداویستیەکانیان پێ دابین بکەن، بەڵام ئەمەیان بەهیچ شێوەیێك قبووڵ نییە.

(د.سویشلا) ئافرەتێکی تایبەتمەندی نەخۆشیەکانی ئافرەتانەو دەڵێت: لەسەر ئەو ئافرەتانە پێویستە گوێڕایەڵی یاساو پیاوەکانیان بن، چونکە لەهەندێ حاڵەتدا ئەم ئافرەتانە لەلایەن مێردەکانیانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت ئەگەر کۆرپەلەیان کچ بوو، ئەو ئافرەتانەش هەژار و بێ دەسەڵاتن، جا بۆ ئەوەی بتوانن کوڕیان ببێت پێویستە چەندین جار دووگیان بن تا ئەو کوڕە چاوەڕوانکراوەیان دەبێت .

کەواتە ئەگەر کوڕ نەبوو ئەوا بێگومان مردن بەشی منداڵەکەیە، ئەگەر بە ڕێگای ژەهریش نەبێت، ئەوا بە خنکاندن و فڕێدانە ناو ئاو و برسی کردن و...هتد. زۆر ڕێگای دیکە هەن بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی ئەو کچە شیرەخۆرانەی، کە هێشتا تامی ژیانیان نەچەشتووە، هەندێکیان دووچاری خنکاندن و برسی کردن دەبنەوە تا دەمرن، بۆڕیەکانی ئاو و بەرمیلەکانی زبڵیش دوایین مەنزڵگایانە. هەموو ئەوانەش هەر لەبەر ئەوەی بەگوێرەی داب و نەریت، کچەکان دەبنە هۆی هەژاری و نەداری خێزان، هەروەکو چۆن دەبنە مایەی عەیب و شەرمەزاری بۆ خێزانەکە، بەڵام کوڕ بەدرێژەپێدەری خێزان دەزانرێ و نەوە لەدوای نەوە، تەنیا ڕەمزو سەرپەرشتیاری خێزانە!!

داب و نەریتێك کە چەندین سەدەی بەسەردا چووە، کەچی لەم ناوچە لادێیانەی( هیند) نەریتێکی جێگیرە و بەردەوام پەیڕەو دەکرێ، لەو کۆمەڵگایەدا ئافرەت لەلایەن مێردو کەس وکاریەوە دووچاری گوشار و هەڕەشە دەبێتەوە، لەسەر هەموو شتێك سەرزەنشت دەکرێت، تەنانەت لەسەر ڕەگەزی کۆرپەش!!

تەکنەلۆژیاش تۆمەتباری یەکەمە، لە زیادبوونی ڕێژەی کوشتنی کۆرپەلە لە منداڵدانی ئافرەتدا، بەڵێ حاڵەتەکانی خۆ ڕزگارکردن لە کۆرپەلەی کچ زۆر بووە، پاش ئەوەی خێزانەکان توانییان پاش چەند هەفتەیەك لە دووگیانی ڕەگەزی منداڵ بزانن، بەنرخێکی کەم و دوور لە نەخۆشخانەو بە ڕێگاکانی نایاسایی، خێزانەکان پەنا دەبەنە بەر عیادە تایبەتییەکانی لەباربردنی کۆرپە، بەگوێرەی کۆمەڵەی پزیشکانی هیندی، ساڵانە زیاتر لە (10)ملیۆن کۆرپە لەبار دەبرێ، زۆربەشیان بۆ ئەوەیە تا خۆیان لە کۆرپەی مێینە ڕزگار بکەن، دۆزینەوەی جێگای گونجاویش بۆ ئەم کارە هیچ زەحمەت نیە، چونکە ئەگەر ئەو نەیکات ئەویتر ئامادەیە بۆی بکات، ژمارەییێکی کەمی دکتۆرەکان بە ئاشکرا ئەم کارە دەکەن، بەڵام بە گوێرەی قسەکانی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ، ناسینەوەی ڕەگەزی کۆرپەو خۆ لێڕزگارکردن بووەتە بازرگانییێکی بەسوودو ساڵانە قازانجەکەی دەگاتە(100) ملیۆن دۆلار، لێرەدا عیادەی گەڕۆك هەن و دەتوانن بگەنە گشت گوندو لادێ و ناوچە جیاجیاکان.

– کاتێ بۆ هەندێ پشکنینی پزیشکی سەردانی نەخۆشخانەم کرد، دەرکەوت کە کۆرپەلەم کچە، هەر لەوێ داوام لە دکتۆرەکان کرد کۆرپەکەم لەبار ببەن، چونکە بە هیوا بووم منداڵەکەم کوڕ بێت، دکتۆرەکانیش قبووڵیان کردو بۆیان لەباربردم و خۆم لە کۆرپەکە ڕزگار کرد. چی لە کچی سێیەم بکەم؟ من ناتوانم خەرجیەکانی زەواجەکەی لە ئەستۆ بگرم، پیاوەکەم و بنەماڵەکەیان ئەم کچەیان ناوێت، بۆیە پێویستیم بە لەباربردن هەبوو.

نزیکەی 60٪ لە کچە شیرەخۆرەکان لەناوچەی(سالم)ی هیندی

لەماوەی سێ ڕۆژی لەدایك بوونیان دەكوژرێن، بەگوێرەی لێدوانی بەشی كاروباری كۆمەڵایەتی، ئەمەیان ئەو ژمارەیە ناگرێتەوە كە بەر لەدایك بوون لەبار ئەبرێن، دوای ئەوەی كە تەكنەلۆژیا گەیشتە هەموو شوێنێك و هەموو كەس توانی بەكاری بێنێ، لەساڵی 1979 تیشكی ( ultra sound) گەیشتۆتە هیند. هەروەها لێكۆڵینەوەیەكی نوێ كە ژمارەییێك لێكۆڵەری هیندی و كەنەدیی، ئامادەیان كردووە و گۆڤاری(لانست)ی پزیشكی بڵاویكردۆتەوە، لێكۆڵینەوەكە لەساڵی 1998 لەسەر یەك ملیۆن خێزان ئەنجامدراوە، لە ئاكامدا دەركەوتووە، كە تیشكی ( ultra sound )لە پشت كوشتنی (10)ملیۆن كۆرپەی مێینە بووە، تاوەكو ساڵی 1998، هۆی كوشتنی (5)ملیۆنی تریش بووە لەساڵی 1994، ئەمەش دوای ئەوەی یاسای لەباربردنی كۆرپە قەدەغە كرا. لێكۆڵەران ئەوەشیان ئاشكراكرد، كە ئەگەر یەكەم كۆرپەی مێینە شانسی ژیانی هەبێت ئەوا هی دووەمیان كەمترە، بەڵام بەشی سێهەمیان مردنی حەتمییە.(د. راجش كومار) نووسەری لێكۆڵینەوەی (لانست) دەڵێت: تەقدیر دەكەین كە هەموو ساڵێك بەر لە دایك بوون نیو ملیۆن كچ لەنێو دەبرێت، ئەویش بەهۆی زانینی ڕەگەزی كۆرپەلەو پەنا بردن بۆ لەباربردنی، ئەگەر هەندێ لە حیساباتەكان تەواو دەربچن، دەبینی لە(10)تا(20) ساڵی داهاتوو، بە ملیۆنان كچ لەدایك نابن، ئەم كێشەیەش ئەو كاتە سەری هەڵدا كاتێ تیشكی( ultra sound) هاتە ئاراوە و بەهۆی تەكنۆلۆژیای نوێ، خەڵك بەر لەدایك بوون جۆری ڕەگەزی كۆرپەكەی زانیی، جا لەبەر چەند هۆیێكی كۆمەڵایەتی یان هەر هۆیێكی دیكە ئەم منداڵەیان ناوێت.

(د. شوكاوانت سنیگ) كە بەرپرس و شارەزایێكی پزیشكییە دەڵێت: بەهۆی پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیا و زانست، زانینی ڕەگەزی كۆرپە بۆ هەموو كەسێك ئاسانە، كەواتە تەكنۆلۆژیا كوشتنی كچانی ئاسان كردووە، بۆ نموونە: ڕێژەی منداڵی مێینە لە ویلایەتی(بنجاب)، كە لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر گەشەی كردووە لەهیند كەمترە، چونكە لە هەر هەزار منداڵ كە لەدایك ئەبن هەشت سەدیان كوڕن و دووسەدیان كچن.

(سانگیتا) كە لێكۆڵەرێكی كۆمەڵایەتییە دەڵێت: نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ڕەگەزدا، دیاردەیێكی نوێ نییە لە هیند، بەڵكو چەندین ساڵە هەیە، تەكنۆلۆژیاش زیاتر پەرەی پێداوە، ئێمە ناتوانین بڵێین تەكنۆلۆژیا لەپشت كوشتنی منداڵانی كچە، چونكە بۆ ماوەییێكی درێژ هیچ تەكنۆلۆژیایەك نەبوو، كەچی لای خەڵك چەندین(طقوس)ی ئایینی هەبوو، وەكو سەردانی پەرستگاكان بۆ پەیدابوونی كوڕ، بۆیە ناتوانین بڵێین تەنیا تەكنۆلۆژیا هۆی كوشتنی منداڵە كچەكانە. حكومەتی هیندی دەڵێت: یاسا هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەو جۆرە كردەوانە، بەڵام بەكارهێنانی تەكنۆلۆژیا لە هەمانكاتدا ڕێگا خۆشكەرە بۆ زانینی عەیبی (خلقی)، لەكاتی منداڵ بوونداو پەلەكردن لە چارەسەركردنی، پرۆژەی ئەو یاسایەی كە لەساڵی ڕابردوودا خرایە ڕوو، گفت و گۆیێكی زۆری لەسەر كرا و بووە هۆی ئەوەی كە كاری پێنەكرێ، ئەم یاسایە ڕێگای نەدەدا هیچ عیادەیەك ڕەگەزی كۆرپەلە ئاشكرا بكات، بەڵام بەرهەڵستكارانی هەمواركردنی ئەم یاسایە لە ساڵی 1994 سەندیكا و ڕێكخراوە پزیشكییەكان بوون، بە ڕای ئەوان یاساكە ڕێگا لە چاودێری تەندروستی كۆرپەلە ئەگرێ و نابێت ئەو ئیجرائاتە توندانە پیادە بكرێن، لەسەر ئەو ڕێوشوێنانەی كە بۆ تەندروستی گشتی دەگیرێنەبەر. جیاوازیێكی زۆریش هەیە لەنێوان یاسادانان و كارپێكردنی یاسادا، قسە شتێكەو كردەوەش شتێكی دیكەیە، كاتێ دەسەڵاتدارانی ناوچەكە هەوڵ ئەدەن ئەو بەكارهێنانە هەڵەیە ئاشكرا بكەن، زۆرجار سەركەوتوو نابن، لەناوەندی تیشكی ( ultra sound) لە ویلایەتی (بنجاب)، كە بە خراپترین ناوچە دەژمێردرێ لەم بارەیەوە، زۆر جار بەهۆی سەردانی لەناكاو، بەرپرسان هەوڵ دەدەن بەڵگەكان لەسەر پێشێل كردنی ئەم یاسایە بدۆزنەوە، بەڵام واقیعەكە زۆر سەختترە لەوەی كە بیری لێ دەكرێتەوە، كێ دەتوانێ لەنێو ئەو هەموو پەروەندەو قەرەباڵغییەی



**ژیانم لێمەستێنەوە.. هێشتا تامی ژیانم نەچەشتووە**

ڕۆژانەدا ئەو دكتۆرە بدۆزێتەوە، كە ڕەگەزی منداڵەكەی ئاشكرا كردووە؟!!

(د. هاردسینگ)ی نەشتەرگەر دەڵێت: لەماوەی پشكنینی ناوەندی تیشكی (ultra sound) ئێمە سەرپێچییێكی یەكجار زۆرمان بینیوە، كێشەی سەرەكی ئەوەیە ئەوان بەیانەكان بە وردی نانووسنەوە، تەنانەت ئەو زانیاریانەی كە لەسەر ئیستیمارەكانیش دەنووسن، زۆریان هەڵەن و لەگەڵ ڕاستیی حاڵەتەكان یەكناگرنەوە، بۆ نموونە: پەروەندەی منداڵێك كە هێشتا لە ژیاندا ماوە لەسەری دەنووسن بەهۆی حاڵەتی لەباربردن مردووە، بۆمان دەركەوتووە كە ئەوان لە گرتنەبەری ڕێوشوێنەكانی بەر لەدایك بوون و بە خراپ بەكارهێنانی ئەو یاسا و ئیجرائاتانەی، كە ڕێگا لەبەكارهێنانی تیشكی (ultra sound) دەگرێت، بۆ ئاشكرا كردنی ڕەگەزی كۆرپە، سەرپێچییێكی یەكجار زۆریان كردووە. هەر چەندە زۆربەی عیادە پزیشكییەكان لافیتەیەكیان هەڵواسیو و لەسەریان نووسیوە: مومكین نیە ڕەگەزی كۆرپە ئاشكرا بكەین، بەڵام بەدەگمەن دەبینرێ پزیشكێك بگیرێت، ئەگەر پێگیری بە یاساو ئەو لافیتەیەوە نەكات، كە لەوانەیە هەر خۆیشی هەڵیواسی بێت.

(د. شوكاوانت سنیگ) دەڵێت: تا ئێستاش لای ئێمە (37) عیادەی پزیشكی تۆمار كراون و لەماوەی دووساڵی ڕابردووشدا حەوت حاڵەتی لەباربردنمان دۆزیوەتەوە، كە دوای زانینی ڕەگەزیان لەبار برابوون، یەكسەر ڕەوانەی دادگا كران و هەندێ ئیجرائات لە دژ ئەو پزیشك و عیادانە وەرگیران، بەڵام هێشتا زۆرمان ماوە، تەنیا سزادان بەس نییە، چونكە ژمارەیێك حاڵەتی لەباربردن ڕاپۆرتیان لەبارەدا نانووسرێت و بەبێ سزا ڕادەبرێن، بەڵكو پێویستیمان بەهەوڵ و كۆششێكی زۆر هەیە، تا وا لەخەڵك بگەیێنین كە هیچ جیاوازییەك لە نێوان كچ و كوڕ دانیە.

## چەند لێكۆڵینەوەییێك دەربارەی قەبارەی كێشەی كوشتنی مێینە لە هیند

(د.ك.ئۆغارۆل) سەرۆكی ئەنجومەنی پزیشكی دەڵێت: بێگومان كوشتنی مێینە لە هیند كێشەیە، بەڵام قەبارەی ئەو كێشەیە چەندە؟ ئێستا چەندین ژمارەو سەرژمێری هەن، بەڵام هێشتا ڕاستیەكە ئاشكرا نییە، بەگوێرەی ئەو سەرژمێریانە لەماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا، لەهەر چوارمنداڵی كچ یەكێكیان مردووە، هەرچەندە من دڵنیانیم لە ڕاستی ئەو ژمارەیە، بەڵام كەسیش ناتوانێ نكوڵی لە هەبوونی ئەو كێشەیە بكات، ئەمەیان كێشەییێكی كۆمەڵایەتییە و تەنیا بەیەك ڕێگا



ئەوانەی جگە لە زمانی توندوتیژی، زمانێکی تر نازانن..

دەتوانرێ چارەسەر بکرێت، ئەویش ڕزگار بوونە لەو بۆشاییانەی کە لە یاسای تەشریعیدا هەن، کە ڕێگا بەکۆتایی هێنانی حەملە ئەدات، لەماوەی دوازدە هەفتە تا بیست هەفتە، ڕەگەزی کۆرپەش لە هەفتەی دوازدەدا ئاشکرا دەبێت، پێویستە یاسایێك دابنرێت کە تێیدا ئەو لەباربردنە بەتاوان دابنرێت، کە لە هەفتەی دوازدەهەمی حەملە تا هەفتەی بیستەم دەکرێت، بەم ڕێگەیە لەوانەیە بتوانین کوشتنی مێیینە رابگرین. (د.راجش کومار) نووسەری لێکۆڵینەوەی (لانست) دەڵێت: لێکۆڵینەوەیەکی تر، کە بەڕاستی جێگای گرنگی پێدانە ئەوەیە، خەڵك بڕوای وابوو کە تەنیا چینە نەفام و نەخوێندەوارەکان و خەڵکێکی هەژار و کەم دەرامەت مومارەسەی کوشتنی کچە منداڵەکانیان دەکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە ئاشکرامان کرد پێچەوانەبوو، مومارەسەی کوشتنی منداڵی کچ، لەنێو چینی خوێندەواردا زۆر خراپترە لەخەڵکی تر!!

ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا ئەوەیە، کە دەوڵەمەندەکان زیاتر لە خەڵکی تر سامان و دەسەڵاتیان هەیە، تەنانەت بڕوادارەکانیشیان گەڕاونەتەوە بۆ ڕابردووی قێزەون، ئەگەر دایکێك منداڵی کچی بوو، ئەوا بەشی دووەمیان نەك سێهەمیان ژێر خاکە، بۆچی؟ ئەو وەڵامە لای ئەو داب و نەریتەیە، کە جیهانی پێشکەوتوو وا دەزانێ بۆ هەتا هەتایە کۆتاییان پێهاتووە، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوە: هێند چووەتە قۆناغی ناهاوسەنگی لەنێوان ژمارەی پیاو و ئافرەتدا، ئەویش بەهۆی خۆ ڕزگارکردنیان لە منداڵی مێیینە، بە شێوەیێك کە دواڕۆژێکی ترسناکی لێ بەدی ئەکرێت لەهەردوو لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ نموونە: لەهەردوو ناوچەی (بنجاب) و(هریانا) بەشێوەیەکی جێگیر ڕێژەی لەدایك بوونی کچان لە کەم بوونەوەدایە، بە پێچەوانەی ڕێژەی سروشتی، کە هەمیشە ڕێژەی کچان زیاترە لە ڕێژەی کوران، ژمارەی کچان بەڕێژەی هەشت بەرامبەر بە(10)کوڕ دابەزیوە، کەواتە سبەینێ چی دەبێت؟ ئەم پرسیارەیە کە پاڵی بە چالاکوانەکانەوە ناوە، تا دەست بەکاربن بۆ ڕاگرتنی ئەم دیاردەیە، کە زۆرێك بە تاوانی کوشتنی دەزانن، سەردانی گوندو لادێکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ دانیشتوانەکانیان، هەوڵێکە بۆ فێرکردنی کچان بەهەندێ شت، کە بۆ دابین کردنی پارووی ژیانیان بە سوودە، لەوانەیە بۆ ئەوەش بێت کە خێزانەکانیان قایل بن بەوەی، کە سوودەکانی کچ تەنیا مێردکردن و منداڵ بوون نییە، هەروەکو چۆن ئێستا هەموو خێزانێك ناچارە دایکە دووگیانەکە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی گەڕەکەکە تۆمار بکات، کۆششێکی فراوان دەستی پێکردووە بۆ کۆتایی هێنان بە تاوانێکی سەرەتایی لەسەدەی نوێدا.

(ئەنجو)، کە چالاکوانە لەدژی کوشتنی منداڵانی کچ، دەڵێت: هەرچی لەدەستمان دێت دەیکەین بۆ ئەوەی بتوانین سەردانی ئەو ئافرەتانە بکەین، بەتایبەتی لە مانگەکانی دووگیانیدا، بۆ ئەوەی گرنگیی بوونی مێیینەیان بۆ ڕوون بکەینەوە، هەروەها هەوڵ ئەدەین ئەوان لە زانینی جۆری ڕەگەزی کۆرپەکە دوور بخەینەوە، بۆ ئەوەی پەنا نەبەنە بەر لەباربردنی کۆرپەکە ئەگەر کچ بوو، ئەوان خەڵکێکی هەژارن، دەزانن لەکاتی بەشوودانیان ناتوانن مارەیی کچەکانیان بدەن، هەروەها خێزانەکانیشیان هەڕەشەیان لێدەکەن کاتێ بە کچ دووگیان ئەبن، زۆرجاریش پیاوەکان لە ژنەکانیان ئەدەن، کاتێ ئاشکرا دەبێت کە بە کچ دووگیان بوونە.

(سومایی) لەکۆمەڵەی (التطور البدیل)ی هیندی دەڵێت: لەزۆر شوێن لەناوچەی (تامیل نادو)کوشتنی منداڵی کچ روو ئەدات، ڕێژەی کوشتنیان لە ناوچەی (سالم) بەتایبەتی لەو گوندە هەژارانەی کە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین گەلێك زۆرە، هۆی سەرەکیش ئەوەیە خەڵك وا هەست دەکات، کە میراتگری شەرعی تەنیا پیاوەو ژنیش لەکاتی مێردکردندا کێشەو گرفتە، ئێمە لە ڕێکخراوی (التطور البدیل)ی هیندی، کە ڕێکخراوێکە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی کوشتنی منداڵانی کچ دەکات، چەند سەرژمێرییێکمان پێشکەش کردووە، کە تێکڕای ئەو سەرژمێریانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە لەهەر مانگێکدا نزیکەی (15) کچی منداڵ دەکوژرێت، ئێمە زۆر لەو کچە منداڵانەمان ڕزگار کردوون، کە نزیك بووە بە دەستی خێزانەکانیان بکوژرێن.

هەوڵ و کۆششەکان تەنیا بە هۆشیارکردنەوە نەوەستاون، بەڵکو بەرپرسان لە خوارووی هیند پرۆژەیەکیان پێشکەش کردو گووتیان : ئەم پرۆژەیە دەتوانێ کوشتنی منداڵانی کچ ڕابگرێت، ئەم پرۆژەیە کە ناوی لێنراوە (پیلانی منداڵانی ناو بێشکە) لەساڵی 1992 کەوتە کار و بانگی هەموو ئەو خێزانانەی کرد، کە دەیانەوێ خۆیان لە کچە شیرەخۆرەکانیان ڕزگار بکەن، کە نەیانکوژن بەڵکو تەسلیم بە دەوڵەتیان بکەن، بەم شێوەیە هەر دایکێك دەتوانێ بەنهێنی خۆی لە کچەکەی ڕزگار بکات، بێ ئەوەی پەنا بۆ کوشتنی ببات.

(شیلا کومار) لە بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی، دەڵێت: لێرە چەند شێوازێکی جیاواز هەیە بۆ پێشوازی کردن لەو کچانەی، کە خێزانەکانیان لێیان بێزارن، ئێمە تەختەیێك لەبەردەمی دەرگای پەناگە دائەنێین، ئەم پەناگەیە ڕێگا دەدات بە هەر ژن و پیاوێك، منداڵەکەیان لەسەر تەختەکە دابنێن بێ ئەوەی ناوی خۆیان بێنن، لەم حاڵەتەدا منداڵەکە دەبێتە منداڵی دۆزراوە، جا بەرلەوەی ئەو منداڵە بدەینە کەسێك بۆ بەخێو کردن و کردن بە منداڵی خۆی ( تبنی )، جاری واهەیە مەسەلەکە (3) مانگ تا(10)مانگ دەخایەنێ، تا دڵنیادەبین لەوەی کە منداڵەکە دۆزراوەتەوە، جا بۆ ئەوەی بتوانین ڕاپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەکە بدەینە دەسەڵاتداران و کاری پێویستی بۆ بکەین، پێویستیمان بە دۆزینەوەی خزمی منداڵەکەیە، لەو حاڵەتەشدا کە دایك و باوك واز لە منداڵەکەیان دێنن، ئێمە لەگەڵیان ڕێك دەکەوین، پاشان دوو مانگ چاوەڕوان دەبین، ئەگەر دایك و باوك هەر لەسەر بڕیاری خۆیان مانەوە، ئەوا منداڵەکە ئەدەینە کەسێك. (سافیتا)ی پەرستار لە ناوەندی منداڵە دۆزراوەکان دەڵێت: کاتێك لە دەرەوە منداڵێك لەسەر تەختە دائەنرێت زەنگێك لێ ئەدات، پاشان من دەڕۆم منداڵەکە هەڵدەگرم و دەیهێنمە لای دکتۆر بۆ ئەوەی بیپشکنێ تا لە تەندروستییەکەی دڵنیابین، دواتر خواردنی ئەدەمێ و چاودێری ئەکەم و ناوێکی لێ ئەنێم، زۆربەی ئەو منداڵانەش کە لێرە بەجێ دەهێڵرێن

کچن.

(فیجایا ئەلاکوشی) لە ناوەندی منداڵانی شیرەخۆر دەڵێت: لێرە خەڵکێك هەن عادەتیان بەهێنانی کچە مناڵەکانیان گرتووە، ئەوان دەڵێن: ئەو منداڵە منداڵی سێهەممانە، بۆیە دەمانەوێت تەسلیم بە ناوەندەکە بکەین، هەروەها ئێمە ئەو منداڵە کچانەش وەردەگرین، کە لەلایەن ڕێکخراوە گشتی و ناحکومیەکانەوە تەسلیم بە ئێمە دەکرێن، هەروەها لەو خەڵکەشیان وەردەگرین کە زۆربەی ئەو منداڵانە لە نزیك بۆڕیە ئاو و بەرمیلی زبڵ و ئاودەست و ناوچە کشتوکاڵیەکان دەدۆزنەوە، ئێمەش بەلای خۆمانەوە چۆن گرنگی بە منداڵانی خۆمان ئەدەین، بەو شێوەیەش گرنگی بەو منداڵانە ئەدەین . هەرچەندە تا ڕادەیێکی زۆر پرۆژەی (منداڵانی بێشکە) تاوەکو ساڵی 2003 سەرکەوتنی بەدەس هێنا، لە کەم کردنەوەی کوشتنی منداڵانی کچ، بەڵام سەرژمێریە نارەسمیەکان ئەوە پشتراست دەکەنەوە، کە هێشتا زۆر ئافرەت هەن لەبارببردنی منداڵیان پێ باشترە لە تەسلیم کردنیان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەخێوکردن، بۆیە حکومەت هەرەشەی ئەوەی لەو خێزانانە کردووە، کە لەبەرامبەر هەر حاڵەتێکی مردنی کچانی شیرەخۆردا مامەڵەی تاوانی کوشتنیان لەگەڵ بکات، تەنیا لە(تامیل نادو) لە ساڵی 2000 (2500)حاڵەتی کوشتن هەبووە، هەروەها بەردەوام پۆلیس گۆڕی منداڵان ئەدۆزێتەوە، بێ ئەوەی یەك بەڵگەشی لەسەر تاوانەکە دۆزیبێتەوە، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی پیاو بەرامبەر بە ئافرەت، چونکە لەو ناوچانە پیاو بە چاوێکی سووك سەیری ئافرەت دەکات، هەروەها پەسەندکردنی کوڕان بەسەر کچاندا شتێکی بەڵگە نەویستەو کەمترین گومان هەڵناگرێ، بۆیە کچانی منداڵیش بەشدارن لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ هاندانی کچانی تر، لە وەرگرتنی هەڵوێست لە دژی تاوانی سەدەی نوێ.

– ئەمە سەردەمی یەکسانی پیاو و ئافرەتە، بەڵام لە زۆر بەشی وڵاتی (هیند) دۆخی ئافرەتان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەڕوات، زۆرجاریش بەر لەدایك بوون کچ ئەکوژرێت، ئەمەشیان شتێکی زۆر نابەجێیە، ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە ئافرەتین و بۆیەش بەشداری لەگەڵ ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانەدا دەکەین، بۆ ئەوەی ڕادەی دژایەتیمان لەم مومارەسەیە ئاشکرا بکەین و داوا لە خەڵك بکەین کە کوشتنی منداڵانیان بوەستێنن. (رونیکا چودری) وەزیری کاروباری چاودێری منداڵان دەڵێت: ئافرەت و منداڵ 72٪ لە دانیشتوانی (هیند) پێك دێنن، کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە یەك ملیارد کەس، ئەمەیان ئەرکێکی گرینگە و پێویستە جیدیەتی کێشەکە بزانین، سەرۆك وەزیران بە حیکمەتی خۆی، مافی کارکردنی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە وەزارەت داوە، تا ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر، بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ ئەو بابەتە تایبەتیانەی کە پەیوەستن بە کوشتنی منداڵانی کچ .

هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە نەوەستاوە، لە (لودهیانا) چالاکوانەکانی مافی مرۆڤ، بۆنە ئایینیەکان دەقۆزنەوە، بۆ وەستاندنی کوشتنی منداڵانی کچ، نەك هەر وەستاندنی کوشتنیان، بەڵکو خۆشحاڵ بوون بە هاتنی منداڵێکی کچ بۆ سەر ئەم دونیا پان و بەرینە.

زۆر لەخوا پاڕامەوە لە کاتی دووگیانیمدا تا منداڵێکی کچمان بداتێ و ببێتە یەکەم منداڵم، پێم وایە نابێت ئێمە جیاوازی بخەینە نێوان کچان و کوڕان، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کچەکان زیاتر هاوکارن و لە زۆر بواری جیاجیادا پێش دەکەون.

(د. راجش کومار) نووسەری لێکۆڵینەوەی (لانست) دەڵێت: کێشەی هەرە بەرچاو لێرە زیادەی ژمارەی کوڕانە، بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی کچان، ئەمەشیان واتە زیاد بوونی کوڕانی سەڵت و زگوردی، هەر بۆ نموونە سەیرێکی وڵاتی(چین) بکە، لە سەرەتادا یاسایێك سەپێنرا، کە هەر خێزانێك نابێت زیاتر لە دوو منداڵی هەبێت، پاشان یاساکە هەموار کراو کرا بە یەك منداڵ، ڕاستیەکەش ئەوەیە خێزانەکان ئارەزوویان لە نێرینەیە، ئێستا دووچاری چەندین کێشە بۆتەوە، زەقترین ناونیشانی



کوشتنی منداڵی مێینە.. ناشیرینترین تاوانی مرۆڤایەتی

ڕۆژنامەکان دەڵێت: کێشەیێکی زۆر دروست بووە لە پەیداکردنی ئافرەت بۆ مارەکردنەوە، جا لەم حاڵەتەدا زۆرجار کچ ناچار بە زەواج دەکرێت، ئەمەشیان لەوانەیە ببێتە هۆی توندوتیژی لە دژیان، بەم شێوەیە بارودۆخی ئافرەت بەرەو خراپتر دەڕوات، لەوانەیە یاساکان لە گۆڕینی هەندێ بیرکردنەوەدا سەرکەون، بەڵام ترسی ئەوە هەر ئەمێنێ کە داب و نەریتە ژەنگاویەکانی سەدان ساڵە بەسەریاندا سەرکەون و کوشتنی منداڵانی کچ هەر بەردەوام بێت، لە هەندێ گوندو ناوچەی هیندیدا ژمارەی نێرینە زۆر لە ژمارەی مێینە زیاتر بووە. پسپۆڕان لەو بڕوایەدان کە لە دوو دەیەی داهاتوودا، ئەگەر هەوڵەکانی حکومەت و چالاکوانەکان سەرنەکەون، لەوانەیە(70)ملیۆن کۆرپەی مێینە بکوژرێت و وڵاتی هیند لەو جوانی و هونەریان بێ بەش بێت، کە وەك هەندێك دەڵێن دونیای داگیرکردووە.(1) ڕۆژنامەی (سەندای ئیکسپرێس) بڵاویکردۆتەوە، کە لە ویلایەتی (راجاستانی) هیندستان، هەرکەسێك خوشکێکی نەبێت زۆر زەحمەتە ئافرەتێکی دەست کەوێت و ببێتە خاوەن خێزان و هاوسەری ژیان، چونکە ڕێژەی لەدایك بوونی نێرینە لە زیادبوون دایەو لەبەرامبەریشدا ژمارەی کچان ڕوو لە کەمی دەکات، کە گەیشتۆتە ڕادەی (1000)کوڕ بەرامبەر بە (922) کچ، لەهەندێك گوندی ناوچەکە گەیشتۆتە (500) ئافرەت بەرامبەر بە(1000) پیاو، ئەمەش وایکردووە باوکان کچی خۆیان نەدەن بە هیچ ماڵێك، ئەگەر ئەوان کچێکی خۆیان نەدەن بە کوڕەکەی ئەوان، واتە ژن بە ژنی .

(راجندا چوهان)، کە ئەندام پەرلەمانی هیندستانە دەڵێت: زیاتر لە 30٪ی ژن و ژنخوازی ساڵی پار بە شێوەی ژن بەژنی بووە، جیاوازی نێوان ڕێژەی کچان و کوڕان لە هیندستان بەهۆی خۆشەویستی باوکان بۆ کوڕ زیاتر سەری هەڵداوە، چونکە پیاوەکانیان بە ڕێگای سۆنەرو تەکنۆلۆژیا زوو دەزانن، کە کۆرپەکەیان کوڕە یان کچ، بەپێی توێژینەوەیەك کە چەند زانایەکی هیندی و کەنەدی ئەنجامیان داوە، دەرکەوتووە کە ئافرەت لە ژێر زەبرو زەنگ و داوای پیاوەکانیان ناچار دەبن کۆرپەکانیان لەبار ببەن، ئەگەر کچ بن و بەم شێوەیە ساڵانە زیاتر لە نیو ملیۆن کچ لەبار دەبرێن، ئەمەش گرفتی زۆری ناوەتەوە، وەك دەستکەوتنی هاوسەری ژیان بە زەحمەتی، هەروەها شێوازی ژیانیش لە گوندەکان گۆڕاوە.

(براهلاند سینگ)موختاری گوندی (بۆرکی) لە راجستان دەڵێت: کچ زۆر کەم بوونەتەوەو هەر ماڵێك کچێکی تێدا بێت ئەوا باوك و دایکی خۆیان بە شا دەزانن .(2)

سەرچاوە:

1– قناة العربیة / بەرنامەی العین الثالثة / بەروار 2006/2/11

2–ماڵپەڕی پەیامنێر بەروار 2006/4/10

# گەنج و ئایدز .. مەترسی لەسەر ژیان

عەبدولسەمەد محەمەد

**ئێستا** لە جیهان ئایدز ترسناکترین هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی لاوان، چونکە بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە زۆرینەی ئەوانەی کە تووشی ئەم پەتایە دێن، بریتین لەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان پازدە تا بیست و چوار ساڵی دایە. واش چاوەڕوان دەکرێ نزیکەی 75٪ی تووشبوانی ئەم نەخۆشیە لەو تەمەنەدا بمرن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە ساڵی 2003 ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند، بۆ دانانی نەخشەیەکی بنەڕەتی، بە مەبەستی خۆپاراستن لەم نەخۆشیە و تەرخانکردنی 15 ملیۆن دۆلار بۆ خەرجی ئەم نەخشەیە، کە بۆ ماوەی 5 ساڵ بەردەوام دەبێ. نەخشەکەش هەوڵدەدا سوود لە 7 ملیۆن کەسی تووشبوو بەم نەخۆشییە وەرگرێ و بە پێداگیری کردن لەسەر گرتنەبەری ڕێگای قەدەغەکردنی سێکسی ناشەرعی و تێکەڵاوی لە ڕادەبەدەری نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ. هەر بۆیە حکومەتی ئەمریکا لە ساڵی 2001 ، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە نەبوونی بەرنامەیەکی دروستی سێکسی لە قوتابخانەکان، بۆ ڕۆشنبیرکردنیان و نەبوونی ڕێگرییەکی پەروەردەیی لە بەردەم قوتابییەکان و قەدەخەکردنی ئازادی سێکسی، کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ژیان و جەستەی لاوان، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی 2005 حکومەتی ناوبراو 170 ملیۆن دۆلاری دابین کرد، چونکە تەنها لە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکی، لە یەك قوتابخانەدا 13٪ی قوتابییانی کچ لە تەمەنی 16–18 ساڵی تووشی سکپڕی هاتوون، واتە لە کۆی 490 قوتابی 68یان سکپڕن. هەر ئەمەش بووەتە مایەی سەرهەڵدانی ئایدز و بڵاوبوونەوەی بەو وڵاتانەی، کە کرداری سێکسی ناشەرعی تێدا لە پەرەسەندن دایە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)ی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان، ژمارەی کەسانی تووشبوو بە نەخۆشی (ئایدز) گەیشتۆتە 50 ملیۆن کەس، لەوانەش 16 ملیۆن کەسیان مردوون. هەروەها تووشبووانی بەم نەخۆشییە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون دان، بە جۆرێك کە لە هەر 11 چرکەدا مرۆڤێك تووشی ئایدز دەبێ. بۆیە شارەزایانی ئەم بوارە پێشبینی ئەوەدەکەن بۆ 10 ساڵی ئاییندە، ڕێژەی تووشبووان بگاتە 100 ملیۆن کەس.

بەڕێوەبەری بەشی ئایدز لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئایدز بە ترسناکترین نەخۆشی وەسف دەکات، کە کاردەکاتە سەر گەشەکردنی وڵاتان. کوڕو کچانی وڵاتانی ئێمەش خەریکە ئەم پەتایە دەیانگرێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو لێشاوە تێکەڵاوییە بەربڵاوە بێ سنوورەی، زۆرێك لە خەڵکانی ئێمە گەرەکیانە، بۆ نموونە بە پێی ئامارەکانی سەنتەری ڕاگەیاندنی روناکبیری ژنان لە شاری سلێمانی، لە ساڵی 2005 (7000) منداڵ لەبار براون، لەوانەش (2000) منداڵ ئەوانەن کە بەڕێگای ناشەرعی لەبار براون، بەرپرسی سەنتەری ناوبراو (ڕووناك فەرەج) دەڵێ: حاڵەتی لەباربردن، ئەو کچە هەرزەکارانەشی گرتۆتەوە کە لە پشت خێزان و کۆمەڵگا و لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە هەڵانەی کە بەستوویانە، بەرەو ئاقاری ئاکارە نەویستراوەکانیان بردوون. هەروەها یەکێکی تر لە کارەکانی ئەم ئاژانسە، بریتییە لە کارکردن بۆ پتەوکردنی ڕێگاکانی خۆپاراستنی لاوان لەم نەخۆشییە و پتەوکردنی پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ دایك و باوك و گەورەکان و مامۆستا و هاوڕێیان لە قوتابخانە و گوێڕایەڵی بۆیان و پابەندی چەند بنەمای تری کۆمەڵایەتی، کە یارمەتیدەری سەرەکین بۆ دروستکردنی





ئایدز.. ترسناکترین مەترسی سەردەم

ئاکاری چاك لە گەنجدا. چونکە ئەو منداڵانەی کە لە بارێکی خێزانی ناسەقامگیر ژیان بەسەر دەبەن و بەردەوام مومارەسەی کاسێت و فیلمە وروژێنەرە سێکسیەکان دەکەن، بە بێ بوونی چاودێری خەمخۆر، لە ماڵەوەو کۆمەڵگا بە رێژەیەکی زیاتر تووشی لادان دەبن، ئەمەش بە هۆی نەبوونی هۆشیاری و گوێ نەدان بە ئاکامە خراپە دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کارە. بە پێی ئامارەکانیش دەرکەوتووە ئەو کچانەی تەمەنیان لە نێوان (15–19)ساڵیدایە لە کۆمەڵگای ئەفریقی، بە رێژەی شەش ئەوەندەی کوڕانی هاوتەمەنیان دووچاری ئەم نەخۆشییە هاتوون. چاودێرانیش هۆکاری ئەم دیاردەیە بۆ ئەم لێشاوە هەژارییە بەربڵاوە دەگەڕێننەوە، کە رووبەڕووی ئەو کۆمەڵگایە بۆتەوە. ئەنجامدانی سێکسی ناشەرعی و جووت بوونی لابەلا، لە زۆربەی وڵاتانی دونیا بەڕێژەیەکی وا تەشەنەی کردووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی لاوان بەڕێژەی 40٪ بەر لە پێکهێنانی خێزان دووچاری ئایدز ببنەوە. هەر بۆیە بەرنامەی قەدەخەکردنی سێکسی ناشەرعی و رێگەگرتن لە گەنجان، لە ئەنجامدانی ئەم کردارە بە تایبەت لە تەمەنی 15–24ساڵی بە رێگاچارەیەکی بنەڕەتی دەزانێت، بۆ گەڕاندنەوەی لاوان بۆ ژیانی ئاسایی و دوورکەوتنەوەیان لە ئایدز.

ئاژانسی ناوبراو، لە ساڵی 2004 بە هاوکاری لەگەڵ تەواوی ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن لەم پرۆسەیە، بە گۆڕینی ئاکاری گەنجان لە 14–15 دەوڵەت وەك هەنگاوێکی بەرایی بە پەلە، بە بەکارهێنانی زیاتر لە یەك ملیۆن گەنج لە وڵاتانی هایتی و کینیا و مۆزەمبیق و رواندا، ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ دایك و باوك و پیاوانی ئایینی و مامۆستایان، کە هەر هەموویان لەگەڵ یەکدا هەماهەنگ بن، بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوان و دوورخستنەوەیان لە کرداری سێکسی، کە تاکە رێگایە بۆ خۆپاراستن لە ئایدز و جیا لەمە، هەوڵبدەن پەرە بە پرۆگرامی فێرکاریی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی لاوان و سەرقاڵکردنیان بە خوێندن و وەرزش. دوای ئەوە تەوای دەزگاکانی راگەیاندنیش خرانە کار بۆ بڵاوکردنەوەی رێنمایی پێویست و بەشداری کردنی تەواوی قوتابخانەو ناوەندو سەنتەرو چالاکی زانستی و وەرزشی و مۆسیقی و ئەدەبی و بەرزکردنەوەی دروشمی ((بەڵێ بۆ کارو راهێنان و خوێندن، نا بۆ جووت بوون)). لەگەڵ بەڕێوەچوونی چەند تاقیکردنەوەیەکی کورت و چەند جۆر یاریی گفتوگۆ ئامێز، هەڵمەتێکی راگەیاندنی جەماوەریی، بۆ ئەوەی لاوان رابهێنن لەسەر وازهێنان لە کرداری سێکسی ناشەرعی، هەروەها هۆشداری بدەنە گەورەکان وەك (باوك، دایك، بەرپرسانی حکومی))، کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن بەرامبەر بە نەوەی نوێ.



* بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە، سوودم لە چەند پەرتووك و وتارو پێگەی جۆراوجۆری ئەلیکترۆنی وەرگرتووە.

# کاتێك شەرەف بە جەستەی ژن دەلکێندرێ!

## کچێك:

## ئەگەر براکەم حەز لە کچێك بکات باوکم بە شانازیەوە خوازبێنی بۆ دەکات، بەلام هەر جۆرە پەیوەندییەك بۆ من بە بێ شەرەفی دەزانێ

فەرمان سالح

ژن لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتیدا بەگشتی، کائینێکی پەراوێزخراوی لە کونجی ماڵدا ئاخنراو بووەو نەیتوانیوە بە ڕووی داب و نەریت و کۆمەڵگاوە هەڵشاخێت و لە مەسەلە چارەنووسسازەکانیشدا، نەك پرسی پێنەکراوە، بەڵکو ئەو خۆی قوربانی یەکەمی کۆمەڵگا بووەو کۆمەڵێك بەربەست و بڤەی بۆ دروستکراوە، کە نەتوانێت لە ئاستیاندا قسەبکات و تخوونیان بکەوێت، ئەمە قسەی (ئارەزوو)ی تەمەن27سالآنە، ئەو لە درێژەی قسەکانی دا، دەربارەی کرۆکی ریپۆرتاژەکەمان وتی" رەنگە یەکێ لە هۆکارەکانی چەوساندنەوەو دەمبەستکردنی ژنی کورد و ژن لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی بەگشتی، مەسەلەی شەرەف و دانانی سنوورە سەختە کۆمەلآیەتییەکان بێت لەبەردەمیدا، بەو هۆیەوەش ئافرەتگەلێکی زۆر بوونەتە قوربانی و رۆژانەش لەسەر پرسی شەرەف لێرەو لەوێ، ژنان قوربانی دەدەن و لەلایەن پیاوانەوە بە پاساوی دۆڕاندنی شەرەف دەکوژرێن، ئەمەش بۆتە کێشەیەکی کۆمەلآیەتی گەورەو تا هەنووکەش ئافرەتی کورد گیرۆدەی بووە، ئەویش لەو سەرینەوە، کە شەرەف تەنهاو تەنها بە جەستەی ئافرەتەوە لکێنراوەو پیاو کائینێکی سەربەستەو دەتوانێ بەئارەزووی خۆی قسەبکات و لەگەڵ زیاتر لە ئافرەتێکیش سێکس بکات، هیچ کاتێکیش گوێ بیست نابین پیاوێك لەسەر دۆڕاندنی شەرەف بکوژرێت. لەسەر ئەو پرسە ترسناکەشدا، چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی ژنان قسەی خۆیان هەبووەو داب و نەریتیان بە چەکێکی قورسی دژ بە ژنان پێناسە کردووە".

( نەسرین) ئافرەتێکی تەمەن (31)سالآنەیەو دەڵێ" لەوەتەی شووم کردوەو پێش شووکردنیش هەمیشە دێوەزمەیەك لە بەردەممدا دروست دەبوو، تووشی ترس و دڵەڕاوکێی دەکردم، ئەویش وشەی شەرەفە، چونکە لە منداڵیەوە راهێنرابووم، کە شەرەف وابەستەیە بە ژن و ئەگەر بیدۆڕێنێ چارەنووسێکی ڕەش هەڵدەبژێرێت، رۆژانەش گوێ بیست دەبووم، ژنان بە تاوانی دۆڕاندنی شەرەفی خۆیان دەکوژران، ئەمەش وایکردووە لە بەرامبەر مێردەکەمدا بە ترسەوە مامەڵە بکەم و بۆم نەبێت تەنانەت قسەش لەگەڵ پیاوێکی بیانیدا بکەم، چونکە رەنگە خەڵکێك بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵگاوە، تەفسیری



**شەرەف ئەو ئازارە بووە، هەمیشە لە جەستەی ژندا ئاخێنراوەو بە هۆیەوە بەسەدان ژن کوژراون**



دیکه بۆ ئەو قسەکردنەی من بدۆزنەوەو دڵنیاشم ئەوکاتە مێردەکەم دەمکوژێت".

(ژیان) کچێکی تەمەن 22ساڵانەیە و کاتێك کرۆکی ریپۆرتاژەکەم بۆ باسکرد، بە پێکەنینەوە گوتی" دەتەوێ بەکوشتنم بدەی" دواتر تکای لێکردم، کە ناوەکەی نەنووسم و بەناوێکی تر قسەکانی بڵاوبکەمەوە، کە بەڵێنم پێدا ئەوسا قسەی کرد، ئەو پێی وابوو"ژن لە کۆمەڵگای کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانێ بە ڕەش بڵێ ڕەش و بەسپیش بڵێ سپی، چونکە تا ئێستاش داب و نەریت، کۆمەڵێك بەربەستی لەبەردەم ژن دروستکردووەو شەرەفیش ئەو ئازارە بووە، کە هەمیشە لە جەستەی ژندا ئاخێنراوەو بە هۆیەوە بە سەدان ژن کوژراون و چەندانی تریش دووچاری تەڵاق و تێکچوونی شیرازەی خێزان بوونەتەوە، چونکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا خیانەتی هاوسەریی و شەرەف تێکەڵکراون، ئێستا ئەگەر تۆ بڕۆیتە لای براکەم و پێی بڵێی خوشکەکەت حەز لە فلان کەس دەکات، لەوانەیە ئەو یەکسەر من بکوژێت، بۆیەش من زۆر بەترسەوە دەتوانم قسە لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانمدا بکەم و تەنانەت لەناو مۆبایلەکەشم ناوێرم ناویان بنووسم" ئەمانە قسەی ژیانی تەمەن 22ساڵان بوون.

خەندەش کە لە تەك ژیان وەستابوو، بە نیمچە شەرمێکەوە گووتی" من نازانم شەرەف مانای چییە؟! بۆ ئەو وشەیە تەنها بۆ ئێمەی ئافرەت جێگای پرسیار بێت و پیاوان بتوانن، بە هەوەسی خۆیان رابوێرن و ئەو شتەی ئەوان پێی دەڵێن شەرەف تامەزرۆیی خۆیانی پێبشکێنن، بەڵام ئێمە بۆمان نەبێت هاوڕێی کوڕمان هەبێت و ئازادبین لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانمان، بڕوابکە ئێستا ئەگەر کوڕێکت خۆشبوێ هەموو خەڵك دەڵێن ئەها فلانە کەس (....)یەو حەز لە فلانە کوڕ دەکات، کەچی کەس بە کوڕەکە ناڵێت(...)ە، چونکە لە بنەڕەتدا شەرەف لکێنراوە بە جەستەی ئێمەی ژنان و پیاویش ئازاد بووە لە مامەڵکردن بە جەستەی ژن، ئێستاشی لەگەڵدابێت لە هەندێ شوێن باوك هەیە کچەکەی خۆی دەفرۆشێت.

(سروە) کچێکی تەمەن 25 ساڵانە، لە رووخساریدا بێزاریی و خەمێکی گەورە دەخوێنیتەوە، ئەو کە قسەی بۆ کردم پێی وابوو" پیاوان هەمیشە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن بەهانەیەك بە ژنان بگرن و بەو هۆیەوە ژیانیان تاڵ بکەن، من دوو ساڵە کوڕێکم خۆشدەوێت، چەندین جاریش هاتۆتە خوازبێنیم، بەڵام باوکم کە زانی پەیوەندی خۆشەویستیمان هەیە، وتی بشفرێ کچەکەی خۆمی نادەمێ، چونکە ئەو کچەکەمی بێشەرەف کردووە، چۆن کچی من حەز لە کوڕی خەڵك دەکات، ئەوە لە ئێمە ناوەشێتەوە ژنمان بێشەرەفی بکات" من ئێستاشی لەگەڵ دابێت لەو قسەکردنەی باوکم تێناگەم، بۆ دەبێ خۆشەویستی بێشەرەفی بێت، ئەی بۆ ئەگەر براکەم حەز لە کچێك بکات باوکم بە شانازییەوە خوازبێنی بۆ دەکات و ئەو ژنەش بە بێشەرەف نازانێت، کە حەزی لە کوڕەکەی کردووە، بەڵام حەزلێکردنی کچەکەی بە بێشەرەفی دەزانێ و دیدێکی ترو خوێندنەوەیەکی تەسك و تاریك بینانەی هەیە".

(ناسك) ئافرەتێکی دیکەی(28) ساڵەیە، ئەو چوار ساڵە شووی بە پیاوێك کردووەو دوو منداڵی هەیە، وەك باسی کرد هاوسەرەکەی زۆر بێ شەرمانە لە پێش ئەو و زۆر خەڵکی دیکە، باس لە سەروەرییەکانی دەکات، هەمیشە وەك خۆدەرخستنێك دەڵێت دەتوانم بەنیگایەك چەندین ژن و کچی ئەم شارە کۆنترۆڵ بکەم، یان بێ منەتانە داستانە قێزەونەکانی دەگێڕێتەوە، کە چۆن دەستی لەگەڵ کەسانێك تێکەڵ کردووەو خەریکی رابواردن و لەکەدار کردنی ناوبانگی خەڵکییە، سەرەڕای ئەمەش شانازی بە زیرەکی خۆی دەکات، کەچی بەداخەوە منی خستۆتە نێوان چوار دیواری ماڵ و بێ ئەو بۆم نییە بەردەرگاش بشۆم.



# ژن، دوور لە خوێندنەوە.. نزیك لە ئارایشت

دایکی مێرخاس



## لەچوارچێوەی

بیرکردنەوەی زۆرینەی پیاوان، نەریتێکی ناشرین هەر لە کۆنەوە سەری هەڵداوە، ئەو نەریتەش بۆتە سیستەمێکی ناشیرین بۆ زڤڕاندنی ئافرەتان بەرەڤ رابردوویەکی تاڵو خۆبەدەستەوەدان، تا هەر گاڤ گوێڕایەڵی داوای پیاوان بن، بۆ ئەوەی کاری ژنان تەنێ ئەنجامدانی خزمەت کردن بە پیاوان بێ لە ژیانی رۆژانەیان. لە کۆمەڵگای ئێمەدا پیاو ئەخوازێ ژن لە ژوورێکی سێ بەچوار بخولێتەوە، کە پێی ئەگوترێ ژووری چێشتخانە، هەر کاتێکیش پێی بڵێی دەستەکانت خۆش بێ ئافرەت، بە راستی کابانێکی باشیو شیوێکی بەتامو چێژت بەرهەڤ کردووە، ئەو بستێکی تێ هەڵئەکشێو کەیفی ساز دەبێ، وا ئەزانێ خەلاتی نۆبڵی وەرگرتووە،

پیاو هەر گاڤ بخوازێ بێ رەحمانە گوشار ئەخاتە سەر هەستو دەربڕینی ژنو رەفزی ئەکاتەوە. پیاو وا لێڕاهاتووەو فێربووە، چۆن بە پێی شەرع ژن بۆی حەلاڵ کراوە، ئاواش پاڵپێوەنانو تفکردنو قژ راکێشانو پێلاو تێگرتنی حەلاڵە.

بەداخەوە تازە خەریکە ژنان هەنگاو ئەهاوێژنو رێگایەك ئەبڕن، کە پڕ لە ئەڤرازو نشێوە، سەخمەراتی ئەوەی کۆمەڵگە سنوری کارکردنی بۆ ژنانی کۆیلەی پیاوان داناوە، ئەکرێ بڵێین پیاوان بوونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی ژن وەك تاکێکی سەربەخۆ، خۆیان نەدۆزنەوە و بۆیان نەکرێ بەشداری لە هەڵسوڕانی کارو چالاکییەکان بکەین.

### ئافرەت، بەشێك لە بەدبەختی

ئەز، قەت بەوە دڵخۆش نیم، کە دەبینم ئافرەتانمان لە ئاستە زانستییە بالاکاندا هەنگاویان هاوێشتووە، چونکە زۆر جار بوونی ئەو لە دامو دەزگاکان تەنێ دیکۆرە، هەموو جەوهەرو جورئەتی ئەو شاراوەیەو سستیو خاوی تەواوی جەستەی داگیرکردووەو لە فەرمانبەرێك زیاتر نییە.

لە سەر ئاستی کۆمەڵگا، ئافرەت بۆتە بەشێك لە بەدبەختیو نەهامەتی، سەیرکەن ئافرەتێك کە کچی بەرپرسێکە، یاخود ژنیەتی، ئەگەر خودان بڕوانامەی ماستەریش بێ، خەونی گەورەی ئەو تەنێ زێڕو کراسوکەوای بەنرخو سواربوونی مۆنیکایە، کوا بیری ئەو.. یان بەشداری لە پرۆسەی پێشخستنی بزوتنەوەی ژنان؟.. کوا هەوڵی ئەو بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییو کەلێنێکی دەسەلاتی کوردی؟

جێی خۆیەتی بپرسین ژنی ئەمڕۆ چی بەدەست هێناوە؟ ئەوە نییە پانتاییەکی چاکی لە خۆ ئارایشت کردنو خەملاندن داگیرکردووە، ئاخر ئەوەندەی خەمی ژنان خۆ رازاندنەوەو بریقەی نیگاکانیانە، چارێگی ئەوەندە نزیك بوونەوە نییە لە خەمی سەرەکیو پرسی جەوهەری خۆیان.

ئەیلولی

2006

## شێواندنی جوانی

رۆژانە لەبەر دەرگای سالۆن‌و ئارایشگاکان، کۆم کۆم ژنان ئەبینرێن، بەڕەنگی کەسك‌و سوورو زەردو سپی دێن‌و دەچن، بە مۆدەی سەیرو بێ مانا قژیان گرژو لوول دەکەن، شێوەو روخساریان تێك دەدەن، بەمەش ونبوونی کەسایەتی‌و شێواندنی جوانی‌و سروشتی دەم‌و چاویان لێدەکەوێتەوەو تواناکانیان تووشی ئیفلیج بوون دێت‌و بە جارێك کەسایەتی خۆیان دەدۆڕێنن. خۆ بەپێچەوانەوە ئەگەر رێگات بکەوێتە کتێبخانەیەکی گشتی، یاخود دوکانێکی فرۆشتنی گۆڤارو رۆژنامەکان، بە دەگمەن ئافرەتێکت بەرچاو دەکەوێ. خۆ ئەگەر پرسیاری دەزگایەکی رۆشنبیریی، یان داوای ئەدرێسەکەی لە ژنێك بکەیت، بێگومان نازانێت‌و پێتدەڵێ بۆ یەکەم جارە گوێ بیستی ئەو ناوەم، کەچی پرسیاری زێڕینگر، یان ئارایشگایەکی لێبکەیت، ئەوا بێ بیرکردنەوە ناونیشانەکەت پێدەڵێت.. لە هەمووی ترسناکتر لای ژن‌و کچانی بەرپرسانی دەسەڵاتی کوردی، پرسی ژنانی هاوڕەگەزی خۆیان، هیچ مانایەکی نییە، بەمەش بیرکردنەوەیان هەمیشە کرچ‌و کاڵ‌و داتەپیوە، بێگومان بەم حاڵەش هەرگیز لە رووی ویژدان‌و بەرپرسیاریەتییەوە ئاسوودە نابن.




## پێویستی یاخیبوون

ژنی کورد پێویستی بە یاخیبوون هەیە، دەبێ ئێمە سەیری ژنێکی وەك(ئالینا فیرناندن) بکەین، کە بە دەنگێکی بەرز و پڕ لە یاخیبوون رووبەڕووی (ڤیدل کاسترۆ)ی باوکی بووەوەو داوای کرانەوەو والأکردنی دەرگاو دەریچە داخراوەکانی کرد، پێویستە کچی کورد هەستێتە سەرپێ‌و رووبەڕووی دەسەڵات‌و گەندەڵی باوك‌و براکانی ببێتەوە، نەك بێ دەنگی‌و بێ هەڵوێستی هەڵبژێری! کاتی ئەوە هاتووە بڕوا بە هەموو لایەك بێنین، کە ئێمەی ژنیش مرۆڤین، ئەمەش زێتر بە کارو کۆشش‌و جورئەت‌و یاخیبوون دەکرێت.



# عارەقی فەلی هەرمۆتە لە ورمێ



بۆتان تەحسین

**ستافی** کۆوار گەشتنامەکەی خۆیان بۆ ئێران بە چەند ئەڵقەیەك بڵاوکردەوە، بەڵام دونیای نا ئاشکراو ئەو دیوی پەردەی ئێران بە گەشتێك‌و دوو گەشت لە بن نایە، هەر کەسێك لە سیمی حاجی ئۆمەرانەوە بپەڕێتەوە ئەو دیو، بە سانایی جیاوازییەکانی هەردوو دیوی بۆ بەرجەستە دەبێ، کە نەك لە نێوان دوو وڵات، بەڵکو لە نێوان کوردی ئەم دیو و ئەو دیویش زۆر زەقن. ڕێگا و بان و مۆدێلی ماشێن سەردەستەی ئەو جیاوازییانەن، لەوێ ڕێگاوبانەکان پان و بەرین و بێ کەندو کۆسپن، بەڵام ئۆتومبێلەکان کۆن و ماندوو و بەرهەمی ناوخۆی ئێرانن.

لەوێ کارەبا و غاز لە بڕانە، سپلیت و هیتەری کارەبای لێ نیە، شەڕ لەسەر بەرهەمی جوتیارەکانیان دەکرێ، تەنانەت سێوی رزیویش بەخەسار ناچێ و دەکرێتە ئاوی سێو و شیلە و خۆراکی ئاژەڵان. بۆ برەودان بە چالاکی ئابوری‌و بەرهەمهێنان، هەموو کەرتێك بانکی تایبەتی خۆی هەیە، تەنها لە تاران نزیکەی 2000 بانك و لقی بانکی هەن، کەسێکی دانیشتووی ئەو شارە دەیگوت:" زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران گیرۆدەی دەستی بانکەکانن، هەناسەیان لێبڕاوەو هەمیشە لە ڕاکەڕاکەدان بۆ ئەوەی فریای دانەوەی ئەو قەرزانە بکەون، کە لە بانکەکانیان وەرگرتووە و سوودی زیاتریان نەیەتە سەر" ، لەوێ زەمینەی پەرەپێدانی هەموو لایەنێکی ژیان هەیە، تەنها ئازادی کاری سیاسی نەبێ.

گەلێك ئازادی دیکەش هەن، بەشێکیان گرێدراوی پێشینەی فەرهەنگی ئەو وڵاتەن، وێڕای ئەوەی ئینقلابی پیاوانی ئاینی، هەندێ ڕواڵەتی ژیانی سەرشەقام‌و بەرچاوی کۆمەڵگەی ئەوێی گۆڕیوە، بەڵام هێشتا ئازادی کۆمەڵایەتی و پێگەی ئافرەت لە نێو هزرو تێگەیشتنی گەورەی خێزان بە دووراییەکی زۆرەوە لە پێش ئێمەن.

بۆ نموونە، لەوێ کە کچ بە مێرد دەدرێ زەحمەتی و ماندووبوونی ماڵ دانان و ئاهەنگگێڕان زیاتر لە ئەستۆی ماڵێ بووکێیە نەك زاوا. هیچ شەرم‌و نەنگییەك بۆ باوك و برا لە گۆڕێ نیە، کە لە داوەت و بە بووکچوونی کچەکەیان ئارەقی ڕەش و شین بکەن و مشووری بانگکردنی دۆست و خزمان بخۆن، کەسێکی ناسیاومان لە ورمێ، یەك دوو ڕۆژ بوو کچەکەی گواسترابۆوە، شەکەتی و هیلاکییەکی زۆری بە هۆی ئاهەنگی گواستنەوەوە پێوە دیار بوو، کە پێم گوت:" لە لای ئێمە ماڵی زاوا وردو درشتی ئەو زەحمەتیەیان لە ئەستۆ دایە، تا بیست ساڵێك لەمەوبەریش لە لای ئێمە ئەو کچەی تازە بە بووك دەچوو ڕووی نەدەهات تا ماوەیەکی زۆر لە مەجلیسی باوکی دابنیشێ"، ئەو ناسیاوەمان پێکەنینی بەو قسانە دەهات و دەیگوت نزیکەی 10 ملیۆن تومەنم بۆ دانانی ماڵی کچەکەم خەرج کردووە، زاوا تەنها زێڕی بۆ کچەکەم هێناوە، بۆ ئاهەنگی گواستنەوەش کەس و کاری بووکێ خاوەنی یەکەمی بۆنەکەن، نەك ماڵی زاوا. لەوێوە ئەنجامی ئەو کێوماڵیەم هاتەوە یاد، کە لە وڵاتی سوید لەبارەی ڕێژەی ژنکوژییەوە ئەنجامدرا بوو، کوردانی باشوور بە پلەی یەکەم هاتبوون، دواتر باکووری کوردستان، سێیەمیش باشووری بچوکی کوردستان، پەرێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمووان باشتر بووە.

زۆر لەبارەی سنووری دەسکرد و یەکپارچەیی کوردستان نووسراوە و گوتراوە، بەڵام جیاوازی زۆر زەق لە نێوان پێکهاتەی کەسایەتی ئێرە و ئەوێ هەن، ئەوەی زۆر بەلامەوە جێگەی سەرنج بوو، ئاشنایی و زانیاری ئەوان بوو بە وردەکاری ژیانی سیاسی ئێرەو ئایندەی کێشەکە لە چوار چێوەی عێراق‌و ململانێی کوردو لایەنەکانی دیکەی عێراق، ناو و پۆستی زۆربەی بەرپرسانی کەرکووکیان دەزانی، سەرحەد قادر بە قەد شیرین عبادی ناسراوە، سواری تەکسیەك بووین شوفێرەکەی کوردی کرماشان بوو، کە زانی لەو دیوەوە چووین، یەکسەر پرسیاری عادل هەورامی لێکردین، باسی ئەو شوفێرەم بۆ برادەرێکی لای خۆمان کرد، کە لە هەمان هوتێلەکەی ئێمە بوو، کەچی گوێی لە دەنگی عادل هەورامی نەبوو بوو.

گیانی کوردایەتی‌و هەستی نەتەوەیی لە نێو ئەوان لە لووتکەیە، لە باخێکی نێوان مهاباد‌و ورمێ جوتیارێکی شکاکی دەڤەری سلیڤانە، کە لە تۆقی سەری تا نووکی پێی ڕەنج و ماندوو بوون و حەسرەتی لێ دەباری، زۆر بە گەرم وگوڕییەوە بۆ لای من هات، یەکسەر دەنگ و باسی حزبی لێ پرسیم، منیش پێم گوت کام حزب؟ لە خوا بە زیاد بێ خۆ لای ئێمە هەر حزبێك نیە، ئەویش بە کەمێك توڕەییەوە گووتی: حزبێ حزب، حزبێ دیموکرات، لە کودەرێن، ل هەمێ شارا هەن؟

ئەوەی لە قسەکانی ئەو جوتیارەم خوێندەوە حەزی دەکرد دوو کوڕی خۆی بنێرێتە ڕیزی حزب، بێ خەبەر بوو لەوەی کە دەمێکە دەرگای وەرگرتنی پێشمەرگە داخراوە، بە قەولی برادەرێکی نزیك لە حزب باری گوزەران و داراییان لە ئاستێك دایە، کە هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی بوونەتە موشتەری بەردەوامی عارەقی فەلی هەرمۆتە.

# (من)ـە (من)ـەکانی ئەوان!

**پسپۆران** (بە ردێن سپییەکانیشمانەوە!) لەو باوەڕەدان، دەبێت بە گومانەوە بڕوانینە ئەو کەسانەی کە لە قسەکردن و نووسین و هەڵسوکەوتدا، چەپ و راست وشەی (من) بەکاردێنن. چونکە ئەو (من)ـە (من)ـە، عوقدەو بۆشایی دەروونی و سایکۆلۆژی لە پشتە.

پێدەچێت، بەهۆی لێ وردنەبوونەوە، زۆرمان ئاگادرای ئەم (من)ـە دەروونییە سلبیانە نەبین کە دەوروبەرمانی وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە تەنیوەتەوە!. لە هەمان کاتدا، ئەگەر لێی ورد ببینەوە، زۆر نهێنی گەورەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەمانەی خوارەوەش ((مشتێکن لە خەروار)):

– هەیە تازە هاتۆتە ناو گۆڕەپانی نووسین، بۆ ئەوەی ((لە پڕێك ببێت بە کوڕێك))، چونکە دەزانێ هەمووومان پڕ لە گلەیی و گازندەین، ئەم درزە دەقۆستەوە و، لە کەناڵی رەخنە دێتە ناو دەرزەکەو، چەپ و راست لە رەخنەکانیداو لە بڵاوکراوەکاندا (من)ـە(من)ـەکانی بە رواڵەت ئاراستەی حکومەت و پەرلەمان و وەزارەت و خەڵکی ناسراوو.. تاد دەکات، کە ئاگاتان لە خۆتان بێت (من) لە گۆڕەپانەکە دام و لەسەرتان دەنووسم، بەڵام لە بنەوە ئەم (من)ـەی ئاراستەی خەڵك دەکات، تاکو بزانن (ئەو) هەیە!!.

– مامۆستای زانکۆ هەیە بەردەوام لە (من)ـەکانیدا، خۆی بە رۆستەمی زاڵی دژی گەندەڵی دەناسێنێت و لە بچووکترین بۆنەو رووداو دەگەڕێت، تاکو بەهۆیەوە ماسوولکەکانی (من)ـی نمایش بکات، بەڵام بێ ئەوەی دەوام بکات، مووچەی هاوبەشی کردن لە گەندەڵی وەردەگرێت!.

– هەیە چونکە دەزانێ 1974 کە گەرمەی شەڕو شپرزەیی بوو، بۆ ئەوەی ئەفسانەیەکی خەیاڵی و مێژوویی لە خەباتکردن بۆ خۆی قیت کاتەوە، تا چاوپۆشی لە خزمەتی جاشایەتیەکەی بکرێت، رۆژانە هەزار جار (من)ـە(من) دەکات، کە لە ساڵی 1974 لەناو شۆڕش لە ئێزگە یا فلانە تیپی هونەری، لە فلانە شوێن (کە لەوانەیە شوێنەکەشی نەبینیبێت!) خەباتی لە بەرژەوەندی کورد کردووەو، سوپەر وەتەنیاتمان پێ دەفرۆشێت!، بێ ئەوەی بزانێت هەر جارە چیرۆکەکەی بە جۆرێکی تر دەگێڕێتەوەو بە پێی بەرژەوەندی رۆژ، مامەڵەی لەگەڵدا بکات و، بەو (من)ـە(من) کردنانە درۆیەکانی و رووی راستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکات!.

– هەیە لە فلانە وەزارەت، بۆ ئەوەی کارنامەی بەعسی بوونی خۆی کەمڕەنگتر بکاتەوە، جاروبار شەڕە قەڵەم لەگەڵ جاش قەڵەمێکی لە خۆی تۆختر دەکات لەسەر کوردایەتی!!، ئینجا بەراوردی نێوان (من)ـی خۆی و (من)ـی ئەو دەکات!.. هەروەها بەوپەڕی هێزەوە بەربەستی کارگێڕی و بیرۆکراسیانە لە وەزارەتەکە دەخولقێنێت، تاکو بەهۆی (من)ـە(من)ـەکانی بە (شەریف)و ئیداری ناوزەد بکرێت. بەڵام بێ ئاگا لەوەی، کە ئەم جۆرە سیستەمە بیرۆکراتیە سەنتەرالیزمانە زادەی (بەعس) بووەو، لاشعور هەنووکە لە ناخیدا چەکەرە دەکات و دەریدەکات!..

کەواتە لەمە بەولا وریایانە، (من)ـەکانی خۆمان و خەڵك بژمێرین و کۆنتڕۆڵی بکەین.

خوایە بمانپارێزی لە شەڕی (من)ـە(من)..!!.



فەرزین کەریم